# سلێمانی
# (بابان)
# لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

١٢٢٧-١٣٣٩ کۆچی

١٨١٢-١٩٢٧ زایینی

**بەرگی نۆیەم**

هەواڵنامەی کتێب

**بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان**

**خانەی بەڵگەکان**

**٢٠١٩**

ئامادە و پێشکەشکردنی: **د. نەوزاد یەحیا باجگر**

وەرگێڕان: **ئاشتی ڕەحمان**

# پێرست


| زنجیرە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٧ |
| ٢ | چەند ڕونکردنەوەیەك لە بارەی بەڵگەکان | ٨ |
| ٣ | شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی | ١٠ |
| ٤ | کۆد و ووشەی ڕەسەنی کۆدەکان | ١٦ |
| ٥ | بەڵگەکان | ٢١ |


هەواڵنامەی کتێب




- ناوی کتێب • **سلێمانی (بابان)** لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا
- بەرگی نۆیەم ١٢٢٧-١٣٣٩ کۆچی/ ١٨١٢-١٩٢٧ زایینی
- ئامادە و پێشکەشکردنی • د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر
- وەرگێڕان (زمانی عوسمانی) • ئاشتی ڕەحمان
- بەڕێوبەری هونەری • بورهان سابیر
- دیزاینی ناوەرۆک • سومەییە مورادی
- بڵاوکراوەی • زانکۆی جیهان | خانەی بەڵگەکان
- تیراژ • ١٠٠٠ دانە
- چاپ • یەکەم ٢٠١٩ هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (          )ی ساڵی ٢٠١٩ی وەزارەتی ڕۆشنبیری



تەواوی مافی
ئەم کتێبە پارێزراوە
بۆ زانکۆی جیهان

بۆ داونلۆدکردنی کتێبەکان: Download Books

www.NawzadBajger.net
www.NawzadBajger.org
chairman@cihanuniversity.edu.iq

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

ئەو وشە و بیروبۆچوونانەی کە لەم پەرتوکەدا نووسراوەتەوە سەرچاوەکەی بەڵگەکانە و ئێمە لێی بەرپرس نین، لەبەر ئەمانەتی زانستیش لەکاتی وەرگێڕانی دەستکاری نەکراوە.

# پێشەکی

ئەم شارەی کە لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بە بابان و دواتر بە سانجەقی سلێمانی ناوبانگی دەرکرد، لە لایەنی سیاسی و ئابووری و کەلتوریدا جێگەی خۆی لە ناو مێژووی ناوچەکە قایم کرد، بە شێوازێك ڕێرەوی خۆی نەخشاند کە مێژوویيەکی پوخت و تێروتەسەلی بۆ نەوەکانی دوای خۆی بەجێ هێشت، هەڵبەتە نەك لەلایەنی کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، بەڵکو لەلایەنی سیاسیشەوە باوباپیرانی ژێر دەستەییان قەبوڵ نەکرد، لە سەرهەڵدانی شۆرش و راپەرینەکاندا گەرم و گور بوون و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان درێغیان نەکرد، تا بە نەوەی دوای خۆیان بڵێن: «هیچ کەسێك بە بەندەیی لە دایك نەبووە تا ژێر دەستەیی قەبوڵ بکات، مافی هەموو کەسێکە بە سەربەرزی و شکۆمەندی بژیت».

لە کۆتایی ساڵی ١٧٨٤ سلێمانی بووە پایتەختی میرنشینی بابان، پێشتر لە قەڵاجوڵان کە دەکەوێتە باکووری سلێمانی، فەرمانرەواییان دەکرد، میرەکانی میرنشینی بابانیش تا ساڵی ١٨٥٠ لە سلێمانی فەرمانرەواییان کرد. بەڵام دوای رووخانی میرنشینی بابان رۆڵی سلێمانی کەم بووەوە و تا هاتنی ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩١٧، نەخشەیەکی نوێیان بۆ عیراق دارشت، ئەمەش وایکرد لە ساڵی ١٩١٨ شۆرشی شێخ مەحمود دژی ئینگلیزەکان سەریهەڵدا، کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی لە سلێمانی راگەیاند. بێگومان دەوڵەتی عوسمانیش لە هەمبەر دەسەڵاتی ئینگلیز و شێخ مەحمود دەستەوئەژنۆ نەوەستاوە، هەروەك لە بەڵگەکاندا دیارە و دەردەکەوێت لە ساڵی ١٩١٨ دوای لەدەستدانی سلێمانی دووبارە خستۆیەتیەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بۆیە بە درێژای مێژوو ئەم ناوچەیە سەقامگیری سیاسی و ئارامی بە خۆیەوە نەبینیوە، هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ بوونی عوسمانیەکان لە ناوچەکە و دامەزراندنی مێرنشینی کوردی، کە لە نێوان ئەم دوو دەسەڵاتە رووبەرووبوونەوە روویداوە و هەر لایەك لەمانە هەوڵی داوە دەسەڵاتی خۆی بە زەبری هێز بسەپێنێت، دوای ئەمەش هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە رووبەرووبوونەوە و ناکۆکی سیاسی زیاتر و قوڵتر کرد، بە تایبەتی دوای ئەم سەردەمەدا کە دەوڵەتی عوسمانی بەرەو لاوازی دەرۆیشت و ئەم هێز و توانایەی نەمابوو تا بتوانێت بە ئاسانی بیخاتە ژێر رکێفی خۆی.

ئەم بەڵگانەی پەیوەستن بە سلێمانی ئێجگار زۆرن، بە شێوەیەك چروپرن، گشت لایەنێك دەگرێتەوە، جگە لەلایەنی کارگێریەوە باس لە دامەزراندن و لادانی قائیمقام و بەرێوەبەر و کاتب دەکات، هەروەها باس لە سزادان و پاداشت کردنی ئەم کەسانە دەکات کە لە پلەوپایە کارگێریەکاندا ئەرکیان هەبووە و کاریان کردووە. لەلایەکی تر نزیکی لە سنووری ئێران وایکردووە کێشە و گرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دروست بێت، بە تایبەتی هۆزە کوردییەکان لەوانە هەمەوەند و جاف لە نێوان سنووری عیراق و ئێران بۆ ناوچەی سلێمانی هاتوون، ئەمەش وایکردووە کێشە بۆ خەڵکی ناوچەکە و دەوڵەتی عوسمانی دروست بکەن، جگە لەمانە هەم ناکۆکی و ململانێی ناوەخۆ واتە لە نێوان هۆزەکاندا، هەم رووبەرووبوونەوە لەگەڵ عوسمانیەکان لە ناو بەڵگەکاندا رەنگ دەداتەوە و بە روونی باسیان دەکات.

دوای بەدواداچوون و کۆکردنەوەی ئەو بەڵگانەی پەیوەستن بە شاری سلێمانی، بەڵگەیەکی ئێجگار زۆر لە ئەرشیفی عوسمانی بەرچاوکەوتن، ئەمەش وایکرد گشت ئەم بەڵگانەی ناوی سلێمانی و بابانیەکانی تێدا هاتووە لە بەرێوەبەرایەتی ئەرشیفی عوسمانی/ ئیستەنبوڵ بهێنرێت و لە زانکۆی جیهان/ خانەی بەڵگە و ئەرشیف دابنرێت، لە راستییدا دەستنووسەکان ئێجگار زۆرن نەتوانرا لە کتێبێکدا کۆیان بکەینەوە، بۆیە بەشێك لەم دەستنووسانە کە دەگاتە (٤٠٠) بەڵگە لە بەرگی هەشتەم چاپ کرا، ئەمەی ماوەتەوەش لە (٢٠١) بەڵگە پێک دێت، لە بەرگی (٩) کۆکرانەوە و لە چاپ درا.

د. نەوزاد یەحیا باجگر
سەرۆکی دەستەی ئەمینداریەتی کەمپەکانی زانکۆی جیهان

هەواڵنامەی کتێب

# چەند روونکردنەوەیەك لە بارەی بەڵگەكان

١ • لە ناو بەڵگەکاندا هەڵەی ساڵ و مانگ و رۆژ کراوە؛ ئەوەی لە بارەی مێژووی ناو بەڵگەکانە ئەوا مێژووی کۆچی و رومی بەکارهاتووە، لە هەندێک بەڵگەشدا مێژووی رومي یا ئەوەتا کۆچیەکەی نووسراوەتەوە، بە تایبەتی لە ساڵە رومیەکە هەڵەی تێدا کراوە.

٢ • جگە لەمەش هەڵەی ناوەکان هەیە، بۆ نموونە هۆز و ناوی کەسێتی، شوێن، لەبەر ئەوەی ئەو نووسەرەی نووسراوەکەی نووسیوەتەوە کوردییەکەی باش نەبووە، بە شێوازی سەر زاری خۆی ووشەکەی نووسیوەتەوە، یاخود لە بارەی ناوچە و شوێنەکانەوە شارەزاییەکی ئەوە تۆی نەبووە، زانیاری لە شێوەزاری ناوچەکەش نەبووە، ئەمەش وایکردووە بە هەڵە بینووسێتەوە، هەر بۆیە لە بارەی ناوەکانەوە هەروەکو خۆی نووسراوەتەوە، دەستکاری نەکراوە.

٣ • لە بارەی وەرگێرانی بەڵگەکان ئەوا هەروەکو خۆی وەرگێردراوە؛ یەک ووشە زیاد یاخود یەک ووشە کەمی نەکردووە، تەنانەت هەوڵ دراوە لە کاتی وەرگێرانەکە دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان نەکرێت، چونکە ئەگەر بە گوێرەی زمانەوانی کوردی دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان بکرابووایە، ئەوا دەبووایە دەستکارییەکی زۆری دەستەواژەکان بکرێت، هۆکاری دەستکاری نەکردنەکەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە بەڵگەکان رەسەنایەتی خۆیان لە دەست نەدەن، لە هەمان کاتدا خوێنەر و مێژوونووسان لە شێوازی نووسینی بەڵگە و شێوەزاری ئەو سەردەمەی نووسەران ئاشنا بن، کە ئەو بەڵگانە بە چ شێوازێک نووسراونەتەوە، جگە لەوەش کاری نووسەر و مێژوونووسانە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە زانیاری ناو بەڵگەکان روون کردنەوە و شی کردنەوە بۆ بابەتی ناو بەڵگەکەکان بکەن.

٤ • لە هەندێک شوێن لە ناو بەڵگەکاندا بۆشایی هەیە، ئەوانیش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن؛ هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی نووسینەوەی نووسراوەکە هەندێک ووشەی نهێنی هەبووە، نەویستراوە ئاشکرا بێت، بۆیە نووسەرەکە بۆشایی بەجێ هێشتووە، تەنیا ئەوەی نووسراوەکەی گەیشتۆتە دەستی لەم بۆشاییە تێگەیشتووە و زانیویەتی نووسەر یاخود لایەنی پەیوەندیدار مەبەستی چییە.

٥ • لە چەند شوێنێکی کەمیش بۆشایی بە خاڵ خاڵ هەیە (...) مەبەستیش لەم بۆشاییە بە خاڵانە ئەوەیە کە ئەو ووشەیە نەتوانراوە بخوێندرێتەوە، زۆر جار ووشە هەیە خوێندنەوەی زۆر ئەستەمە کە نووسەرەکە بە شێوەیەک یاخود بە خەتێک نووسیویەتی ناتوانرێ بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەی هەڵە و لە ووشەی هەڵە دوورەپەرێز بین، بۆ ووشەکە بۆشایی بە خاڵ دانراوە.

٦ • هەندێک ووشە یاخود راستترە بڵێن زاراوە هەیە لەو سەردەمە بەکار هاتووە و مانای تایبەتی خۆی هەیە؛ ئەو مانایە نادەن کە ئێمە رۆژانە بەکاری دەهێنین و لێی تێدەگەین، جگە لەوەش وەرگێرانی ئەو ووشانە بۆ کوردییەکەی لە نرخ و ماناکەی تێک دەدات و لە هەمان ئەو ئاستە نابێت، واتە مانای پر بە پێستی خۆی لە دەست دەدات، بۆیە نەکراوەتە کوردی و هەروەکو خۆی دانراوە، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر و مێژوونووسان لە

پێناسەی زاراوەکان ئاشنا بن، ئەوا لە (شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی) پێناسە کراوە و روون کراوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا زاراوە هەیە، کە زانراوە لە ماناکەی ناگۆردێت، وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی.

• جگە لەوانەی کە باسمان کرد بەڵگە هەیە، لە چەندین لاپەڕە پێک هاتوون، ئەو چەند لاپەڕەیەش باسی
یەک بابەتی دیاری کراو دەکات، بۆیە لەناویان تەنیا یەک لاپەڕە وەرگێردراوە، چونکە هەموو لاپەڕەکان
٧ هەمان بابەت باس دەکەن، جیاوازیەکی ئەوەتۆیان تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ئەو چەند لاپەڕەیە باسی چەند
بابەتێکیان کردبێت، یاخود هەر هەمان بابەت بەڵام بە شێوازی جیاواز باس کرابێت ، واتە هەر لاپەرەیەک
بە شێوازێکی جیاواز باسی بابەتەکەی کردبێت، لێرەدا ئەگەر لە بابەتەکە جیاوازی بەدی کرابێت، هەمووی
وەرگێردراوە.

• دووبارە بوونەوەی بەڵگە، کەمێک لە بەڵگەکان هەندێک بابەتی دیاریکراو دووبارە بوونەوەی بەڵگەی
تێدایە؛ واتە هەمان بابەت لە جیاتی ئەوەی هەمان ژمارەی بدرێتی، وەکو ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد،
٨ بابەتەکە لە چەند لاپەڕەیەک پێک هاتووە، ئینجا لە جیاتی ئەوەی هەمووی کۆ بکرێتەوە و هەمان ژمارەی
بدرێتی، کەچی بە پێچەوانەوە هەمان بابەت ژمارەی جیاجیایان دراوەتێ، لێرەدا بە ناچاری هەمان بابەت
کە لە ژمارەی جیاجیا پێک هاتووە، وەرگێردراوە، چونکە ژمارەیان جیایە و هەمان ژمارەیان نەدراوەتێ.

• لە هەندێک بەڵگەدا لە کاتی نووسینەوەی رووداوەکان و زانیاری لە بارەی ناوچەکانەوە بە گشتی باسی
٩ بابەتەکان کراوە، بۆ نموونە شوێنی عەرەب نشینیش باس کراوە؛ لێرەدا تەنیا ئەوەی پەیوەندی بە کورد و
ناوچەکانی کوردییەوە هەیە وەرگێردراوە.

• لە نێو بەڵگەکاندا دەستەواژەی دووبارە و رستەی دووبارەی تێدا بەرچاو دەکەوێت، لێرە دا نووسەر لە
١٠ کاتی نووسینەوەی نووسراوەکەدا هەمان زانیاری یاخود دەستەواژەی دووبارە کردۆتەوە و هەمان زانیاری
نووسیوەتەوە.

• لە بارەی ساڵی بەڵگەکان ئەوا بۆ ریزبەندی بەڵگەکان تەنیا ساڵی کۆچی بەکار هاتووە، پشت بە مانگ
و رۆژەکەی نەبەستراوە؛ جگە لەمانەش ساڵی ناو بەڵگەکان بە گوێرەی زانیاری ناو بەڵگەکە و ئەوەی
سەر بەرگەکەی گۆرانکاری بەسەر دادێت، واتە نووسەر لە کاتی نووسینەوەی بەڵگەکەی ئەم ساڵەی
١١ نووسیوەتەوە کە بەڵگەکەی تێدا نووسیوەتەوە، کەچی کە گەیشتۆتە لای پاشا ئەو ساڵەی نووسیوەتەوە
کە نووسراوەکەی تێدا بینیوە، هەندێک جاریش ساڵی جێبەجێ کردنەکەی لەسەر نووسراوە، واتە لە یەک
نووسراودا مەبەست بەڵگەکەیە چەند ساڵێکی جیاواز بەرچاو دەکەوێت.

• هەندێك ساڵ کە لە ناو بەڵگەکاندا ئاماژەی پێکراوە، بە کورتکراوی نووسراوەتەوە، بۆ نموونە دەڵێت
١٢ ساڵی (٢٧) لێرەدا مەبەستی ساڵی (١٢٢٧)ە، کە ١٢٠٠ەکەی فرێ داوە، یا ئەگەر نووسرابێت ساڵی (٣٣٦)
ئەوا لێرە مەبەستی ساڵی (١٣٣٦)ە، کە ١٠٠٠ەکەی فرێ داوە.

**وەرگێر**

# شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی

| | |
|---|---|
| ئالای (الای) | ئالای بە مانای کۆمەڵ، قەڵەباڵغ دێت، لە زاراوەی سەربازیش ووشەیەکە لە سێ چوار تابور پێک دێت، هەروەها هەر ئالایەک سانجەقێکی لە ژێر دەستدا بوو. |
| ئەعیان (اعیان) | لە سەرەتا بۆ بەدواداچوونی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی میللەت ئەنجوومەنێکی تر هەبووە و ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵانی ١٨٧٧ و ١٩٠٨ ئەندامەکانی لەلایەن حکوومەتەوە هەڵبژێردراوە. |
| ئەنبار | شوێنێکە بۆ هەڵگرتنی زەخیرە و هەموو کەلوپەلێک بەکارهاتووە. |
| ئەنجوومەنی والا (مجلسی والا) | ئەنجوومەنی والا لە ساڵی ١٨٣٧ دامەزرا، ئەم ئەنجوومەنە کاری ئەوە بوو، داواکاری نێوان دەوڵەت و خەڵک جێبەجێ بکات، لە ساڵی ١٨٦٧ هەڵوەشایەوە و لە شوێن ئەو شورای دەوڵەت دامەزرا. |
| ئستەبڵی عامیرە (اصطبل عامره) | تەوێڵەی کۆشکی پاشا. |
| ئۆچاقلق (اوجاقلق) | ئەو زەوییانەن کە جیاکرابوونەوە و داهاتەکانیان بۆ پارێزگارانی قەڵا و کۆگای چەک دەڕۆیشت. |
| ئۆن باشی (اونباشی) | ئەو سەربازەیە کە قوماندانیەتی ١٠ کەسی کردووە، ئەمەش لە نێوان کەس و چاوشەکە دەبێت. |
| ئیستدعانامە (استدعانامە) | ئەم نووسراوەیە وەکو داواکاری بۆ دەوڵەت دەنووسرێت، بەڵام مۆر و پولی لەسەرە . |
| ئیستعلامنامە (استعلامنامە) | ئیستعلام واتە بە نووسراو داوای زانیاری کراوە، هەرچی ئیستعلامنامەیە ئەوائەو نووسراوە بووە، بەڵگەی لەگەڵ بووە. |
| ئیستیناف (استیناف) | دووبارە دەست پێکردنەوە، ئەو بڕیارەی کە لە دادگای سەرەتایی دەدرا، بۆ ئەوەی بڕیارەکە هەڵبوەشێنرێتەوە سەردانی دادگایەکی سەرووتر واتە لە ئەو بەرزتر دەکرا، تا بڕیارەکە هەڵبوەشێننەوە. |
| بابی عالی | بنکەی سەدری ئەعزەم، دیوانی هومایۆن لەگەڵ نەزارەتی ناوەخۆ و دەرەوە و فەرمانگەی شورای دەوڵەت دەگرێتەوە. |
| باش کاتیب (باش کاتب) | نووسەری یەکەم یاخود سەرۆکی نووسەران، ئەرکەکەشی لە فەرمانگە فەرمییەکاندا سپێردراوە بە نووسینی نووسراو. |
| باش کیتابەت (باش کتابت) | کیتابەت واتە پیشەی نووسین، باش کیتابەت یەکسانە بە باش کاتیبی، واتە سەرۆکی نووسین. |
| باشبوغ | قومانداني سەربازی ڕێک نەخراو یاخود نارێک. |
| باش مودیرەت (باش مدیرت) | باش بە مانای سەرۆک یاخود یەکەم دێت. مودیرەت واتە بەڕێوەبردنی کاروبارەکان؛ هەرچی باش مودیرەتە بە مانای بەڕێوەبەرایەتی یەکەم یاخود بەرپرسی یەکەمی بەڕێوەبەرایەتی دێت. |
| بەرائەتی شەریفە | واتە پاکانەی ئەستۆ و خۆبەرێکردن، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ وەرگرتنی زەوی کشتوکاڵی یاخود دامەزراندن دەبووایە لەلایەن پاشاوە یاخود دەوڵەت بەرائەتی شەریفە واتە پاکانەی ئەستۆ وەربگیرێت. |
| برادەر زادە | برادەر زادە منداڵی خوشک و برا، هەروەها برازا، پورزا، خاڵۆزا دەکات. |
| برادەری | واتە برا. |

هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| بلۆک (بلوک) | دەستەی سەربازی. |
| بلۆک باشی (بلوک باش) | سەرۆک یاخود بەرپرسی بلۆک. |
| بینباشی (بیکباشی) | بین بە مانای هەزار کەس دێت، بینباشی، ئەو ئەفسەرەیە یاخود قۆماندانەیە تابورێک بەڕێوە دەبات لە هەزار سەرباز پێک هاتووە. |
| پلەی حەرەمەین (درجە حرمین) | بەو کەسە ووتراوە کە تۆبەی کردووە و حەرامی لە خۆی قەدەغەکردووە. زیاتر لە کاتی حەج کردن دەچووە پلەی حەرەم و خراپە و کاری بەدی لە خۆی حەرام دەکرد. لەلایەکی تر لە سەردەمی کۆندا چینی زاناکان دەگرێتەوە کە لە دوای پایەی میسر لە پێش پلەوپایەی ئیستەنبۆڵ پلەیەکی بەرزە. |
| تابور | لەشکری سەربازی، کەرتی سوپا. |
| تاتار | نامەی گواستۆتەوە بۆ ناوچەکانی تری دەوڵەت، جولەی زۆر خێرا بووە، جگە لە ناوی تاتار ئەوەی ئەو کارەی کردووە ناوی (ساعی، پۆستە، قاسد، برید)یشی پێ ووتراوە، لە کاتی خۆیدا تاکی تاتار بە خێرا رۆیشتن بەناوبانگ بووە، بۆیە بەم مانایەی پێیان ووتراوە تاتار. |
| تەحسیلدار (تحصیلدار) | ئەو فەرمانبەرەیە کە باج و باجی داهات و بەروبوومی داهات کۆدەکاتەوە. |
| تەرسانە (ترسانە) | یاخود تەرسخانە ئەمەش ئەو شوێنە بووە کاروباری کەشتییە جەنگیەکانی تێدا دەکرا، واتە کارگەی دەریایی و کاروباری دەریایی تێدا جێبەجێ دەکرا، یەکسانە بە تەرسانەی عامیرە (ترسانە عامرە). |
| تەغار (تغار) | چوار ربە یەك تەغارە. |
| تەنزیمات (تنظیمات) | لە رووی زاراوەدا بە مانای رێکخستن و رێکوپێکی و خستنە سەر رێگا دێت، لە سەردەمی عەبدولمەجید لە ساڵی ١٨٣٩ ی ٣ی قاسم لە گوڵخانە خوێندرایەوە، بە ناوی رەشنووسی هومایۆنی گوڵخانە بە فەرمانێکی پاشا هەژمار کرا، لەلایەن رەشید پاشای گەورەش وەکو چاکسازی راگەیەندرا، تا ساڵی ١٨٧٧ی جەنگی رووس بەردەوام بوو، دواتر سنووردار کرا؛ ناوە راستەقینەکەی تەنزیماتی خێرخوازی (تنظیمات خیریە) بوو. |
| تیمار | ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەن کە ساڵانە داهاتیان لە نێوان ٣٠٠٠ ئاقچە لەگەڵ ٢٠٠٠٠ ئاقچە بووە، ئەم جۆرە زەوییەش بەو سەربازانە دەدرا کە لە شەڕ سوودیان لێ وەردەگیرا یاخود بەو کەسانە دەدرا کە لە بواری ئایینەوە ئەرکیان پێ سپێردرابوو، ئەمەشیان بۆ ئەوە بوو تا بژێوی ژیانی خۆیان پێ دابین بکەن، واتە لە جیاتی مووچە پێیان دەدرا. |
| پارە | وشەیەکی فارسیە، یەک قوروش چل پارەیە، یەک پارەش دەکاتە سێ ئاقچە. |
| پۆست نشین | بە شێخی تەکیە ووتراوە پۆست نشین، لە هەمان کاتدا بە کەسێك ووتراوە کە لە پلەیەك دانیشتووە واتە پلەیەکی هەبووە و کارەکەی بەڕێوە بردووە. |
| حەرەم (حرم) | ئەو شوێنەیە کە هەموو کەسێك ناتوانێ بە بێ مۆڵەت بچێتە ژوورەوە، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە تایبەتن بە ئافرەت و ژووری ئافرەت. |
| جەبەخانە (جبەخانە) | ئەو شوێنە یاخود ئەو کۆگایە بووە هەموو جۆرە چەک و باروت و کەلوپەلی چەکی ئاگری تێدا پارێزراوە. |
| جەلیلە (جلیلە) | جەلیلە ناوداری گەورە، وەزیر یاخود موشیرەکان هەروەها کە نووسراو بۆ فەرمانگەی ئەوان دەکرا، بەم شێوەیە رێزیان لێ دەگیرا، هەروەها لە پلەی ئەوان نزمتر پێیان دەوترا بەهییە یا عالییە. |
| خاخام | زانا و بەرپرسی یەهودیەکان، واتە کاهین. |
| خەلافەتپەناهی (خلافتپناهی) | خەلیفە شوێن گرەوەی کەسێک، کە لە دوای پێغەمبەر وەکو وەکیلی پێغەمبەر، ئەرکێک بوو لە ئیسلام داهێنرا، پەناهی واتە پەیوەندی، خەلافەت پەناهی واتە شتێک کە پەیوەندی بە خەلیفەوە هەیە و لەلای ئەوەوە دەردەچێت. |

هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| خەیل (خیل) | تاقم، خەڵکێکی زۆر، بە تاقمی سوارەش دێت. |
| خولعە (خلعە) | ئەو جلە بوو چەند جۆرێکی هەبوو، جۆرەکانیشی جلی رێز لێنان، جلی پەشیمانی یاخود جلی مردن بوو، ئەم جلەش لەلایەن پاشاوە بە کەسێک دەدرا. |
| داعی | ئەو کەسە دەگەڕێتەوە کە ئەرکی دوعا کردن و نزا کردنە. |
| دەرسەعادەت | ئیستەنبوڵ پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. |
| دەفتەردار (دفتردار) | سەرۆکی ژمێریاری، بەرپرس لە کاروباری دارایی. |
| دەفتەر خاقانی (دفتر خاقانی) | دەفتەر خانەشی پێ ووتراوە فەرمانگەیەك بووە کاروباری پارەی دەوڵەت، موڵك و زەوی و زاری بەرێوە دەبرد، بۆ نموونە تاپۆ. |
| دزدار | پارێزگاری قەڵا. |
| دوخان | تووتن. |
| دوخانچی | تووتنچی؛ ئەو کەسە دەگەیەنێت کە کاری تووتن دەکات. |
| ژورنال | ژورنال دەفتەری ڕووداوەکان، یاخود دەفتەری رۆژانە. |
| رایج | رایج بەهاکەی تری، واتە نرخەکەی تری یاخود بەهای رابردووی. |
| رەدیف (ردیف) | بەو سەربازانە وتراوە رەدیف کە لە دواوەی سەربازی رێکخراو دەوەستان و ئەوانەش لە کاتی پێویست چەکیان پێ دەدرا. |
| رەژی (رژی) | فەرمانبەرانی فەرمانگەی تووتن. |
| روزهزر و روزقاسم | (Hıdırellez) لە دونیای تورک وەرزێکە جەژنی بۆ ساز دەکرێت، روزی هزر (Ruz-ı Hızır) واتە (رۆژی هزر) کە بە ناوی رۆژی خدری لەز (Hıdırellez) ناو نراوە، بەپێی داستانی ئەو سەردەمە ئەو رۆژەیە لە سەر رووی زەوی پێغەمبەر خدر و ئیلیاس بەیەک گەیشتوون، تاوەکو یارمەتی هەژار و لێقەوماوان بدەن. لە تورکیاش جەژن بۆ ئەم بۆنەیە دەگێردرێت. بە پێی رۆژژمێری زایینی رۆژی خدری لەز لە ٦ مایس، لە کۆنیش بە پێی رۆژژمێری رومی رۆژی ٢٣ نیسان هەژمار دەکرێت. ماوەی نێوان ٦ مایس تا ٨ تشرینی دووەم بە ناوی رۆژەکانی هزر وەرزی هاوین و ماوەی نێوان ٨ تشرینی دووەم تا ٦ مایس بە ناوی رۆژەکانی قاسم وەرزی زستان پێک دەهێنن. بەم شێوەیە رۆژی ٦ مایس تەواو بوونی وەرزی زستان و دەست پێکردنی وەرزی هاوین و رۆژە گەرمەکان نیشان دەدات. |
| رسوم (رسوم) | باج و باجی گومرگ. |
| رسومات (رسومات) | فەرمانگەی گومرگ. |
| ریاسەتپەناهی (ریاستپناهی) | پەیوەستە بە سەرۆکایەتیەوە، کە پابەندە بە کارەکانی پاشا، بۆ نموونە بۆ لایەنی پاشای ریاسەتپەناهی. |
| ریال | ریال پارەی زیوی ئاسیاوییە، دەکاتە ٢٥ قوروش. |
| ریکابی هومایۆنی شاهانە (رکاب هومایونی شاهانە) | سەربازە سوارەکانی پاشا. |

| | |
|---|---|
| ریکابی هومایۆنی قەپوچی باشی | بەرپرسی یاخود سەرۆکی دەرگای سەربازە سوارەکانی پاشا. |
| زەربخانەی عامیرە (ضربخانە العامرە) | ئەو شوێنەیە پارەی دەوڵەتی لێ دروست دەکرا. |
| سالیانە | ئەو باجەیە ساڵی جارێك وەردەگیرێت، لە پێش تەنزیمات بەشێك لە فەرمانبەران و بەکارهێنراوان کە ئەرك هەبووە، ساڵی جارێك کرێیان پێ دراوە. |
| سەدارەت (صدارت) | شوێنی کاری سەدری ئەعزەم و پلەکەیەتی. |
| سەدارەتپەناهی | پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، واتە ئاماژەیە بۆ سەدری ئەعزەم. |
| سەدری ئەعزەم (صدر اعظم) | لە دەوڵەتی عوسمانی پلەکەی وەکو سەرۆک وەزیرانی ئێستا بووە، یاخود وەکیلی پاشا بووە. |
| سەر عەسکەر (سر عسکر) | سەر وشەیەکی فارسیە بە واتای سەر دێت، سەر عەسکەر بە واتاکانی ئێستا بە مانای سوپا سالار، سەر لەشکر، سەرکردەی سوپا، قوماندان دێت. |
| سەر کاتیب (سر کاتب) | سەرۆک یاخود یەکەم نووسەر. |
| سەعادەت (سعادت) | واتە خۆشی. |
| سەفەربەرلیك (سفربرلك) | واتە چوونە شەر، بەو کەسانە ووتراوە کە خۆیان ئامادە کردووە تا بچنە شەر یاخود بۆ چوونە شەر لە ئامادەباشی دابوونە. |
| سەلاملك (سلاملك) | لە کۆشکە گەورەکاندا بەو ژوورە دەوترا کە بۆ پێشوازی کردن لە میوانان تەرخان کرابوو. |
| سوریچی | ئەم پیاوەیە سەرپەرشتی ئاژەڵە بارهەڵگرەکان یاخود بارگیرەکان دەکات، واتە کرێچیە، وەکو خزمەت بووە، بەکرێ گیراوە تا بارگیرەکان بە رێگا ببات. |
| سیپاهی (سپاهی) | ئەو سەربازە سوارەیە خاوەنی تیمارە واتە زەوی کشتوکاڵییە، لە لەشکری عوسمانی کۆندا چینێک سەربازی سوارە هەبوو، لە بەرامبەر ئەو دە یەکە (عشر) لە زەوی کشتوکاڵی وەریاندەگرت لەگەڵ ئەو ئاژەڵانەی کە خۆیان بەخێویان دەکرد بەشداری جەنگیان دەکرد، بەڵام کەلوپەلی جەنگی لەلایەن دەوڵەتەوە پێی دەدرا. |
| سیپاهیدار (سپاهدار) | گەورەترین سەرباز، سەر عەسکەر. |
| سیلاحشۆر (سلاحشور) | واتە پیاوی چەکدار، ئەو پیاوانە بوونە لە چەك هەڵگرتن و بەکارهێنانی شارەزاییەکی تەواویان هەبووە، لە شەڕەکان بە چەك شەڕیان کردووە. |
| شاهنشاە | گەورەترین پاشا یا شا، واتە پاشای پاشایان یاخود شای شایان. |
| شەهبەندەر (شهبندر) | بە واتای باڵیۆز دێت، لە سەردەمی مەحمودی دووەم لە ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ پاراستنی بازرگانە موسڵمانەکانی ناوەخۆ، لە نێوان خۆیان کەسێکیان هەڵدەبژارد تا هەر ناکۆکی و لێك تێنەگەیشتنێك هەبێت چارەسەری بکات. |
| شورای دەوڵەت بە زمانی عوسمانی (شورای دولت) | لەدەوڵەتی عوسمانیدا پێش ئەودامەزراوەیە، ئەنجوومەنی والاکارەکانی دەکرد، دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی والا، لەساڵی ١٨٦٨ شورای دەوڵەت دامەزرا، جۆری کارەکەی لەکاری کارگێری پێک دەهات، ئەرکەکەشی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە کارگێرییەکان و دەرکردنی یاسای گونجاو بوو، ئەم دامەزراوەیە تا ساڵی ١٩٢٢ بەردەوام بوو. |

| | |
|---|---|
| چاوش | وشەیەکی تورکیە ماناکەی سەربازی پلە بچووکە، لە ئەمڕۆشمان لە رووی سەربازییەوە بە پلەی پاسەوان دێت. |
| چەڵتوك (چلتوك) | برنج. |
| ڤۆیڤۆدە | لە سەردەمی عوسمانیەکان سەر بە خەزینە و فەرمانبەرێک بوو، ئەو داهاتانەی رێک دەخست کە لەلایەن ئافرەت، ئەفەندی، سەدری ئەعزەم، وەزیر، بەگی بەگان و بەگی سانجەقەکانەوە دەهات، هەروەها ئەوانە ئەرکێکی تریان هەبوو، ئەویش پاراستنی ئاسایش و رێکخستنی شوێنە تایبەتیەکانیان پێ درا بوو، ئەو شوێنەی ڤۆیڤۆدەکانی تێدا بوون، بەهۆی ئەوەی لە بەرێوەبردنەوە پیاوی هێز بوون، وایکرد بوو ناوە ناوە کێشە بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست بکەن. |
| عولوفە (علوفە) | ئەو زاراوەیە بوو کە لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بەو سەربازانە دەوترا کە سێ مانگ جارێک مووچەیان وەردەگرت. |
| فەریق (فریق) | تاقم، تیپ، دوو لایەن، کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر، بە پلەی سەربازیش دێت، لە کۆن لە چینی سەربازی لە دوای موشیر دەهات، ئەویش گەورەترین پلەی سەربازی بوو. |
| فرقە | دەستە، کۆمەڵ. |
| قەپوچوقدار (قپوچوقدار) | ئەرک و خزمەت بوو، ئەو فەرمانبەرانە بوون لە بابی عالی لە ویلایەت لە خزمەتی قەپوکەتهودا دابوون و هەندێک داواکاری والییان جێبەجێ دەکرد. |
| قەپوچی باشی | بەرێوەبەری ئەو چینەیە، کە لە بەردەم دەرگای کۆشک وەستاون. |
| قەپوکەتهودا (قپوکتهودا) | قەپوکەتهودا خزمەتکاری بەر دەرگا بوون. |
| قەساس (قصاص) | سزای شەرعی بکوژی کوژراو و برینداری کراوەکەیە، بۆ میراتی کوژراو داوای قەساس دەکەن، وەک بکوژیان قەساس کرد. |
| قپوچی باشی (قپوچی باشی) | قەپوچی بە دەرگای فەرمانگە و شوێنە فەرمییەکانی دەوڵەت دەوترا کە خەڵک بۆ ئیشوکارەکانیان لەم دەرگایە دەچوونە ژوورەوە و دەهاتنە دەرەوە، بێگومان ئەو دەرگایانەش بەرپرس و سەرۆکیان هەبووە، جگە لەوە قەپوچی باشیش پلەیەک بووە دراوەتە فەرمانبەرانی دەوڵەت، بۆ نموونە ریکابی هومایۆنی قەپوچی باشی (رکاب همایونی قپوچی باش). |
| قۆڵ ئاغا (قول اغا) | بە واتای قۆڵ، لێرەش قۆڵی ئاغایە کسانە بە ئەفسەری قۆڵەکی تابور، یا خود یاریدەدەری بینباشی، قۆڵی راست و چەپی ئاغا. |
| قولی | قول؛ ئەو پیاوەیە بۆ ئەرك جێبەجێ کردن دەکرێت، هەرچی قولی؛ ئەو فەرمانبەرەیە بۆ چاودێری کردنی سەربازانی دوژمن و سەرپەرشتی کردنی زەوی و زار ئەرکی پێدەدرێت. |
| قوماندان | قوماندان سەرۆک یاخود بەرپرسی ئەفسەر دەکات، وەکو قوماندانی تابور، قوماندانی لەشکر، قوماندانی ئاڵای، قوماندانی ژاندارمە. |
| قۆناغ (قوناغ) | قۆناغ واتە مەنزل، لەسەر رێگا بۆ گەشتیاران و کاروانچیان دروست دەکرا، تا تێدا بحەسێنەوە و بخەون، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی دووری شوێنێک دەیانووت سێ قۆناغ یاخود چوار قۆناغ دوورە، واتە چەند قۆناغ لە نێوان ئەو دوو ناوچەیە هەبووایە هەژمار دەکرا، جگە لەوە بە کۆشکی پاشا و گەورەکان دەوترا قۆناغ یا قۆناق. فەرمانگەی حکوومەتیش پێی وتراوە قۆناغ وەکو قۆناغی حکومەت، کە هۆبەیەک لە هۆبەکانی فەرمانگەی فەرمی حکومەت پێی دەوترا قۆناغی حکومەت. |
| قیە | دەکاتە گرانی ٤٠٠ درهەم، بۆ دە یەکیش بە واتای کیلۆ دێت، کە بە قورسایی ١٠٠٠ گرام دەکات. |
| کەتهودا (کتهودا) | واتە خزمەتکار ئەوانەی پلەکەیان لە فەرمانبەر نزمتر بوو، پێیان دەوترا خزمەتکار. |
| کەلەك (کلك) | ئەو پارچە دارانەن کە بە ئاو ئەستوور کراون و یەك لە دوای یەك لە پاڵ یەکتر بە داو بەیەکتریەوە بەستراونەتەوە و تەختەیەکیان لێ پێکهێنراوە، ئەمەش بۆ گواستنەوەی مرۆڤ و کەلوپەل لە رووبارەکانی جەزیرە بە تایبەتی لە دیجلە بەکار هاتووە، ئەم کەلەکە بە گوێرەی گەورەییەکەی بۆ بەرێوەبردنی ٢ تا ٦ پیاوی پێویستە. دوای تەواو بوونی گەشتەکە بە تایبەتی لە سەر رووباری دیجلە تا دەگاتە بەغداد بەشی دارەکانی کەلەکەکە زۆر جار بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشرا، هەروەها قازانجی راستەقینەی کەلەکچیەکان لەو کرێیە پێك هاتبوو، کە لە کاروانچیەکان وەریاندەگرت. ئەو کەلەکچیانە لەسەر رووباری دیجلە تا خوارەوە کەرستەی بیناکاری و دانەوێلە و باری گرانیشیان بار دەکرد. لە جەنگی جیهانی یەکەم سەربازیشیان پێ گوازراوەتەوە. |

| | |
|---|---|
| کیل | کیل، بۆ پێوانی دانەوێڵە بەکارهاتووە. |
| گاردیان | فەرمانبەری گرتووخانە. |
| مەشروتیەت (مشروطیت) | مەشروت واتە مەرجدار کە پەیوەستە بە مەرجەکانەوە، مەشروتە واتە لەلایەن یەکەم خاوەنیەوە بە مەرجی نەفرۆشتن بۆ میراتگرەکانی بەجێی هێشتووە، ئەویش وەکو خانوو، زەوی کشتوکاڵی، نەخۆشخانە، مزگەوت، هەرچی مەشروتیەتە ئەوا ئەو حوکمدارە دەگرێتەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکایەتیە. |
| مەمالیکی مەحروسەی شاهانە (ممالیکی محروسە شاهانە) |ووڵاتی عوسمانی. |
| مەمالیك (ممالك) | ووڵاتەکان، مەملەکەتەکان، خاکی ووڵاتێك. |
| مەملوک (مملوک) | کەسێک پارەی هەبێت، یاخود بەندە، کۆیلە. |
| مەنزل | لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبیە، بە زۆر مانا دێت، ئەوەی لە زمانی عوسمانیدا پێویستە بە مانای کۆشک، شوێنی کوشک، سەرە ڕێگای یەک رۆژ دێت، یاخود بە مانای دووری نێوان دوو کۆشک دەکات، تاتارەکان لە کاتی بردنی پۆستە بۆ ناوچەکانی تر، لەم مەنزیلانە هاتوونەتە خوارەوە و حەساونەتەوە، هەروەها ئەسپیان گۆڕیوەتەوە، یاخود شەویان لەوێ بەسەر بردووە. |
| موشیر (مشیر) | بە مانای ئاماژە پێکردن دێت، لەلایەکی تر لە چینی سەربازی لەگەڵ وەزارەت یەکسانە، کە گەورەترین پلەی سەربازیە، بۆ نموونە موشیری لەشکر، موشیری تۆپخانە. |
| موعەججەلە (معجلە) | موڵکی میریە و لە وەقف دیارە، هەر لە وەقف مامەڵەی بۆ دەکرێت، کە پارەکەی پێش وەختە دەدرێت. واتە بە شێوەی بەکرێدان و وەرگرتنی پارەی پێشەکی لەلایەن ئاوقافەوە دەبێت. |
| موقاتەعە (مقاطعە) | ووشەی موقاتەعە هەر لە سەرەتاوە، ئەو زەوییانە بوونە کە خاوەنداریەتی بۆ دەوڵەت یاخود وەقفەکان بووە، بە کرێ دراوەتە کەسی تایبەت و دامەزراوەکان بە شێوەی رێککەوتن بووە، جگە لەوەش بڕی پارەکە دیاری دەکرا و ئەو پارەیەش ڕاستەوخۆ دەچووە خەزینەی دەوڵەت. |
| میعمارباشی (معمارباشی) (سەرۆکی بیناسازی) | سەرۆکی بیناسازی، کاری سەرپەرشتیکردنی بیناسازی، هەروەها لە پیشەکەی خەریکی دابەشکردن و ڕێکخستنی کارەکەی بووە. |
| نازر (ناظر) | لە بینین هاتووە، واتە سەیرکردن، کە لە هەموو شوێنێک ئامادە و سەیرکەرە، ئەرکەکەشی بەڕێوەبردن و بەرێکردنی کاروبارەکانە، وەکو نازری دارایی. |
| نەزارەت (نظارت) | لە زاراوەی بینین هاتووە؛ واتە چاودێری کردن و بینینی دەورووبەر. لەلایەکی تر بە مانای سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان دێت. بە زاراوەی ئێستا بە مانای وەزارەت دێت. |
| هومایۆن (همایون) | پاشا. |
| وەکالەتپەناهی (وکالتپناهی) | پیشەی سەدری ئەعزەم، ئەو کارەیە کە پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، یەکسانە بە سەرۆکی بریکار. |
| یوزباشی | لە بنەڕەتدا بە مانای ١٠٠ کەس دێت، لە ڕووی سەربازییەوە ئەو ئەفسەرە دەگرێتەوە کە قۆماندانیەتی یەک بلۆک سەرباز دەکات لە ١٠٠ سەرباز پێکهاتوون، بۆ نموونە یوزباشی سوارە، یوزباشی پیادە، یوزباشی ژاندارمە، یوزباشی رەدیف. |
| یوک | یوک بە مانای بار دێت، هەڵگرتنی بار ئینجا چ لەلایەن مرۆڤەوە بێت یاخود ئاژەڵ وەکو بارگیر و ئەسپ و گوێدرێژ، لەلایەکی تر بە مانایەکی تریش دێت کە یەک یوک دەکاتە بڕی ٥٠٠ هەزار قوروش. |

# کـۆد و ووشـەی رەسـەنـی کـۆدەکـان

| | | |
|---|---|---|
| A.AMD. | Bab-i Âsafî<br>Âmedî Kalemi | بابی عەسافی |
| A.DVN. | Sadaret<br>Divan Kalemi Evrakı | سەدارەت، کاغەزەکانی دیوانی قەڵەم |
| A.E.I. ABDÜLHAMİD. | Ali Emiri Tasnifi I. Abdülhamid | پۆلینکردنی میری عەلی، عەبدولحەمیدی یەکەم |
| A.E.III. OSMAN. | Ali Emiri Tasnifi III. Osman | پۆلینکردنی میری عەلی، عوسمانی سێیەم |
| A.E.III.AHMED. | Ali Emiri Tasnifi III. Ahmed | پۆلینکردنی میری عەلی، ئەحمەدی سێیەم |
| A.E.III.MUSTAFA. | Ali Emiri III. Mustafa | پۆلینکردنی میری عەلی، مستەفای سێیەم |
| A.MKT. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi | سەدارەت، قەڵەمی تۆمار |
| A.MKT.DV. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Deavî | سەدارەت، دیوانی قەڵەمی تۆمار |
| A.MKT.MHM. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Mühimme | سەدارەت، قەڵەمی تۆمارە گرنگەکان |
| A.MKT.MİTM. | B.E.O. Sadaret Evrakı | بابی عالی، کاغەزەکانی سەدارەت |
| A.MKT.MVL. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Meclis-i Vala | سەدارەت، قەڵەمی تۆماری ئەنجوومەنی والا |

هەوالنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| A.MKT.NZD. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Nezaret Ve Devair | سەدارەت، قەڵەمی تۆماری<br>نەزارەت و دیوان |
| A.MKT.UM . | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Umum Vilayet | سەدارەت، قەڵەمی تۆماری<br>گشت ویلایەتەکان |
| BEO. | Babıali Evrak Odası | کاغەزەکانی ژووری بابی عالی |
| C.AS. | Cevdet<br>Tasnifi Askeriye | جەودەت، پۆلینکردنی سەربازی |
| C.EV. | Cevdet<br>Evkaf | جەودەت، ئاوقاف |
| C.NF. | Cevdet<br>Nafia | جەودەت، نافیە |
| C.T. | Cevdet<br>Timar | جەودەت، تیمار |
| DH.EUM.EMN. | Dâhiliye Nezareti<br>Emniyet-i Umumiye Müdüriyet Şubesi | نەزارەتی ناوەخۆ، یەکەی<br>بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی<br>گشتی |
| DH.EUM.MKT. | Dâhiliye Nezareti<br>Emniyet-i Umumiye Müdüriyeti Posta Mecmuası | نەزارەتی ناوەخۆ،<br>بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی<br>پۆستەی ئەمنیەتی گشتی |
| DH.I.UM.EK. | Dâhiliye Nezareti<br>İrade-iUmummiye Ekleri | نەزارەتی ناوەخۆ، پاشکۆی<br>فەرمانی گشتی |
| DH.ID. | Dâhiliye Nezareti İrade | نەزارەتی ناوەخۆ، فەرمان |

هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| DH.MB.HPS. | Dâhiliye Nezareti<br>Meban-i Emiriye-Hapishâneler | نەزارەتی ناوەخۆ، بینایەکانی میری-گرتووخانەکان |
| DH.MB.HPS.M. | Dâhiliye Nezareti<br>Meban-i Emiriye Hapishâneler Müdüriyeti | نەزارەتی ناوەخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانەکانی بینایەی میری |
| DH.MKT. | Dâhiliye Nezareti<br>Mektubi Kalemi | نەزارەتی ناوەخۆ، قەڵەمی تۆمار |
| DH.ŞFR. | Dâhiliye Nezareti<br>Şifre Kalemi | نەزارەتی ناوەخۆ، قەڵەمی شیفرە |
| DH.SN.THR. | Dâhiliye Nezareti<br>Sicill-i Nüfus idare-i umumiyesi tahrirât Kalemi | نەزارەتی ناوەخۆ، تۆماری ناسنامە، فەرمانی گشتی قەڵەمی تۆمارکردن |
| DH.TMIK. M. | Dâhiliye Nezareti<br>Tesr-i Muamelat Ve Islahat Komisyonu Muamela | نەزارەتی ناوەخۆ، مامەڵەی قۆمیسیۆنی چاکسازی و مامەڵەی بەپەلە |
| DH.TMIK.S. | Dâhiliye Nezareti<br>Tesrî-i Muamelat ve Islahat Komisyonu | نەزارەتی ناوەخۆ، قۆمیسیۆنی چاکسازی و مامەڵەی بەپەلە |
| DH.UMVM. | Dâhiliye Nezareti<br>Umur-i Mahalliyye Ve Vilayat  Müdürlüğü Kataloğu | نەزارەتی ناوەخۆ، کاروباری دارایی و کەتەلۆگی بەڕێوەبەرایەتی ویلایەت |
| HR.MKT. | Hariciye Nezareti<br>Mektubi Kalemi Evrakı | نەزارەتی دەرەوە، کاغەزەکانی قەڵەمی تۆمار |

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| HR.SYS. | Hariciye Nezareti<br>Tahrirat-ı Hariciye Odası | نەزارەتی دەرەوە، ژووری<br>تۆماری دەرەوە |
| I.AS. | Irade Askeri | فەرمانی سەربازی |
| İ.DH. | Irade Dâhiliye | فەرمانی ناوەخۆ |
| I.DUIT. | Irade Dosya Usulü Iradeler Tasnifî | ڕێگاکانی فەرمانی دۆسیە،<br>پۆلینکردنی فەرمان |
| I.HB. | Irade Harbiye | فەرمانی جەنگی |
| I.HUS. | Irade Hususi | فەرمانی تایبەتی |
| İ.ML. | Irade Maliye | فەرمانی دارایی |
| İ.MMS. | Irade Meclis-i Mahsus | فەرمانی ئەنجوومەنی تایبەت |
| I.MVL. | Irade Meclis-i Vâlâ | فەرمانی ئەنجوومەنی والا |
| I. ŞD. | Irade Şura-yı Devlet | فەرمانی شورای دەوڵەت |
| İ.TAL. | Irade Taltifat | فەرمانی ڕێزگرتن و بەخشین |
| İE.EV. | Ibnulemin Tasnifi Evkaf (Vakıf) | پۆلینکردنی وەقفی<br>ئیبنولئەمین |
| MF.MKT. | Maarif Mektubi Kalemi | قەڵەمی تۆماری مەعاریف |
| MV. | Meclis-i Vükela<br>Meclis-i Vükela Matbataları | ئەنجوومەنی بریکارەکان،<br>چاپکراوەکانی ئەنجوومەنی بریکارەکان |

هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| MVL. | Meclisi Vâlâ | ئەنجوومەنی والا |
| MVL. | Meclis-i Vâlâ<br>Meclis-i Vâlâ Evrakı | ئەنجوومەنی والا، کاغەزەکانی<br>ئەنجوومەنی والا |
| Ş.D. | Şura-yı Devlet Evrak | کاغەزەکانی شورای دەوڵەت |
| Y.A.HUS. | Yıldız<br>Sadâret Hususi | ئەستێرە، تایبەت بە سەدارەت |
| Y.MTV. | Yıldız<br>Mütenevvi Maruzât Evrakı | ئەستێرە، کاغەزی داواکاریە<br>وون بووەکان |
| Y.PRK. AZJ | Yıldız<br>Perakende, Arzuhâl ve Jurnaller Kataloğu | ئەستێرە، نارێك، کەتەلۆگی<br>داواکاری و ژورنال |
| Y.PRK.ASK. | Yıldız<br>Tasnifi Perakende Evrakı Askeri Maruzat | ئەستێرە، پۆلینکردنی نارێکی<br>کاغەزەکانی داواکاری سەربازی |
| Y.PRK.DH. | Evrakı Dâhiliye Nezareti Maruzatı | کاغەزەکانی داواکاری نەزارەتی<br>ناوەخۆ |
| Y.PRK.PT. | Yıldız<br>Perakende Posta ve Telgraf | ئەستێرە، پۆستە و تەلەگرافی<br>نارێك |
| Y.PRK.SH. | Yıldız<br>Tasnifi Perakende Evrakı Sıhhıye Nezareti Maruzatı | ئەستێرە، پۆلینکردنی کاغەزی<br>داواکاریە نارێکەکانی نەزارەتی<br>تەندروستی |
| Y.PRK.UM. | Evrakı Umum Vilayetler Tahriratı | کاغەزی گشتی، تۆماری<br>ویلایەتەکان |


HAT 343/19617

هەواڵنامەی کتێب

| HAT. | 00343.19617 | 1227 |
| --- | --- | --- |

مێژوو ١٢٢٧
ئەمجارە لە بەندەی عەبدوڵڵا پاشا والی بەغداد، بۆ لایەنی بەندەمان لیست نووسراوەتەوە و بۆ بەندەی ئەفەندی چەند نووسراو هاتووە، ئەفەندی ناوهاتووش پێشکەشی بابی عالی کردووە، سەبارەت بە بابەتی دەرەکی، پێشەکی پاڵپشتی کردن لەم رووداوە نووسراوەتەوە کە ئەنجامی داوە، وەرگرتەی پێشووی بەسرا سزاکەی رێکخراوە، هەروەها لەگەڵ ئێرانیەکان رێککەوتنی باشی ئەنجام داوە، بۆ پاشای شاهانە دیاری رێکخستووە، خەریکە کۆتایی پێ دێت، هەروەها والی موسڵ سەعدوڵڵا پاشا بۆ ئەفەندی ناوهاتووی بەندە نووسیویەتی، لە نوسراوێکیدا هاتووە؛ عەبدولرەحمان پاشا موتەسەرفی بابان لە بەغداد دەرچووە و بۆ لایەنی سلێمانی گەراوەتەوە، بۆ ئەوەی ئەم نووسراوە بدرێتە پاشا کاغەزی باسکراو دراوەتە جەنابی رووناکی بریسکاوەی ملوکانە، بە گوێرەی جێبەجێ کردنەکە، وەڵام لەلایەنی بەندەمان دەنووسرێتەوە، لەگەڵ دەرچوونی راوبۆچوونی پاشامان، ئەمر و فەرمانیش بۆ جەنابی پاشامانە.





هەواڵنامەی کتێب

| HAT. | 01538.00020 | 6 ڕەبیعی کۆتایی 1232 |
|---|---|---|
| بە گوێرەی خەتی هومایۆن کە دەرچووە، مەحمود بەگ موتەسەرفی سانجەقەکانی بابان و کۆی و هەریر ئیشوکاری بەسوودی ئەنجام داوە و ئەو کاروبارانەی کە خراوەتە ئەستۆی، بۆ بەڕێوەبردن و جێبەجێ کردنی کەسێکی بە توانا و لێهاتووە، بە پلەی میری میران پلەکەی بەرز بکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە بە نووسراوی والی بەغداد جەنابی داود پاشا پلەی میری میرانی پێ دراوە، فەرمانی دیوانی هومایۆن دەرچووە.<br>لە ٦ ڕەبیعی کۆتایی ٢٣٢ | | |




هەوالنامەی کتێب


| TS.MA.E. | 0442.0028 | 15 سەفەر 1258 |
| --- | --- | --- |
| لەسەر ئەو نووسراوانەی کە لەلایەن ناوبراوەوە هاتووە، لە ئەیالەتی بەغداد موتەسەرفی سانجەقی بابان میری میران ئەحمەد پاشا لەسەر دڵسۆزی ناوبراو، لە کاتی گونجاو و لە لیوای ناوهاتوو گونجاوی بینراوە، بۆیە کاری پێویست ئەنجام بدرێت، لە ١٥ سەفەر ٥٨. | | |




A.}MKT.00062.00084.001

هەواڵنامەی کتێب


| 2 سەفەر 1263 | 00062.00084 | A.MKT. |
|---|---|---|
| بۆ موشیرەتی ئەدەنە<br>محەمەد ئەمین لە کوردەکانی بابانی ناو سانجەقی سلێمانی لە پاشکۆی ئەیالەتی بەغدادە، لە ئەیالەتی ئەدەنە لە ناوچەیەك بە ناوی یوریجك سەر بە ناحیەی کولك، بەبێ میراتگر کۆچی دوایی کردووە، لە بارەی هاووڵاتی بوونی، لە ٩ موحەررەم ١٣ نووسراوی بەهیە هاتووە لەگەڵ نووسراوی بە بریاری شەرعی و بریارنامە ئاماژەی پێ دەکات کە ناوبراو محەمەد ئەمین خەڵکی ئێرانە، بۆ ئەمەش پێویستە لێکۆڵینەوەی پێویست ئەنجام بدرێت و ئاماژەی پێ بکرێت. | | |




A.}MKT.MVL.00030.00022.001

هەواڵنامەی کتێب


| A.MKT.MVL. | 00030.00022 | 9 شەوال 1266 |
|---|---|---|
| بۆ موشیرەتی لەشکری عیراق و حیجاز و جەنابی پاشای سەر عەسکەر<br>لە سانجەقی سلێمانی یەکچووی ئەڵماس دۆزراوەتەوە و نموونەکەی بۆ ئەم لایەنە نێردراوە، لەم بارەیەوە نووسراوی بەهیە نێردراوە و بە جەنابی ملوکانەی هومایۆن راگەیەندراوە، دوای ئەوەی جەنابی ملوکانە دەفەرموویێت بە مەبەستی پشکنین نێردراوەتە دەربخانەی عامیرە، دەرکەوتووە لە شێوەی بەردە و بێ وێنەیە، ئەگەر لەوێ دەربهێنرێت و سوودی لێ وەربگیرێت ئەوا جێبەجێ بکرێت، بە ئەمر و فەرمانی موشیری لەشکری هومایۆنی عیراق و حیجاز جەنابی پاشا وەڵام نامە نووسراوەتەوە، بە مەبەستی ناردنی بۆ سەر عەسکەر نێردراوە، جێبەجێ کردنی کارەکە بە فەرمانی ئەفەندیمان دەبێت. لە ٩ شەوال ٦٦. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| I.DH. | 01287.101294 | 23 موحەررەم 1267 |
|---|---|---|


جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم
نووسراوی جەنابی پاشای پایەبەرزی موشیری لەشکری هومایۆنی حیجاز و عیراق لەگەڵ نووسراوی سەرعەسکەر بەیەکەوە هاتووە، لەسەر داوای جەنابی ملوکانە پێشکەش کرا، لەشکری هومایۆنی ناوهاتوو لە سانجەقی سلێمانی ئەفسەر و ئەندامانی ئاڵای پێنجەم لە کاتی گۆرینی قائیمقامی سلێمانی کار و کردەوەی سەرپێچی کارانەیان ئەنجام داوە، دوای مۆڵەت دەرکەوتووە تەمبێ کردن و چاککردنیان مەحاڵە، بۆیە لەلایەن جەنابی موشیری ناوهاتوو کۆتایی پێ هاتووە، ئەوانەی دەیانەوێت بە پلەی ئێستایانەوە لە ئاڵایەکانی تر جێگیر بکرێن، بۆ رێگەدان بەم کارەش دەبێ رابگەیەندرێت، هەروەها لە ٢٠ی مانگی ئەیلوولی ساڵی ٦٦ ەوە ئاڵای ناوهاتوو بە دوو بلۆکی تۆپچی رێکخراو هەڵدەوەشێنەوە، لە خانەی شورا (دار شورا) دەخرێتە دەنگدانەوە و ئەگەرچی ئاماژەی پێ کراوە کە پێویستە ئاڵای ناوهاتوو و بلۆکەکان تۆماریان لە قەڵەم رەش بکرێتەوە، بەڵام لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمانی جەنابی تاجدار چ بفەرمووێت بە گوێرەی ئەو جولە دەکرێت، بەم راگەیەندراوە نوسراوی نووسراوە ژمارەی لەسەر تۆمار کرا ئەفەندم، لە ٢٣ موحەررەم ٦٧.




A.}MKT.MHM.00051.00040.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>A.MKT.HMH.</td><td>00051.00040</td><td>27 سەفەر 1269</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ قائیمقامی سلێمانی<br>لەگـەڵ جێگیـر کردنـی ئاسایشـی سـلێمانی لـە سـاڵی ٦٦ تـا ٦٨ لـە سـێ سـاڵدا حەواڵەکردنـی داهاتـی دەیـەك و رسـوماتی لیـوای ناوهاتـوو ئـەو بـڕە زیادەیـەی کـە خراوەتـە سـەری، بـە دیاریکـراوی بـە پۆسـتە ڕەوان کـراوە، دوای ئـەوەی نـووسراوی شـەریفەتان هـات زانیـاری بابەتەکـە ڕوون بۆتـەوە، ئینجـا بـە جەنابـی هومایۆنـی شـاهانە ڕاگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، بـە فەرمانـی جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت ئەوانـەی ئەرکەکەیـان بـە دڵسـۆزیەوە جێبەجـێ کـردووە شـایەنی ڕێزگرتـن، هیممـەت بکرێـت لـە ناردنـی نـووسراو.<br><br>بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە<br>ئـەو زیادەیـەی کـە خراوەتـە سـەر داهاتـی دەیـەك و رسـوماتی حەواڵەکـراوی سـانجەقی سـلێمانی بڕەکەی بە پۆسـتە نێـردراوە، موتەسـەرفی پاشـای لیـوای ناوهاتـوو نووسراوەکانـی هاتـووە، لەسـەر ئەمـر و فەرمانـی هومایۆنـی جەنابـی شـاهانە لەگـەڵ پۆسـتەی باسـکراو لـە خەزینـە جێبەجـێ کـرا، هاوپێـچ بـۆ والاش نێـردرا، لـە ڕاگەیاندنـی نـووسراو کـرا.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب


| 1269 شەوال 14 | 00279.010891 | I.MVL. |
|---|---|---|

جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم
بریارنامە لە ئەنجوومەنی واڵا دراوەتە قەڵەم، لەگەڵ کاغەزی هاوپێچ لەسەر فەرمانی جەنابی پاشا پێشکەش کراوە، لە بابەتەکە روون بۆتەوە، کە لە سانجەقی سلێمانی هەندێك لە سەرۆك هۆزەکان لەگەڵ تاقمێك چەتە بوێری ئەوەیان کردووە دەستپێشخەری بکەن لە کاری خراپ و گەندەڵکاریدا، بە ناردنی هێزی سەربازی؛ جەنابی ملوکانە سەرکەوتوو بووە لە دوورخستنەوە و هێور کردنەوەی بارودۆخەکە، لەمەودوا بە حەکیمانە ئاسایشی ئەوێ جێگیر بکرێت و بە چاك کردنی بارودۆخی ناوچەکە نووسراو بۆ میری میرانی پاشای قائیمقامی سلێمانی نووسراوەتەوە، بەڵام جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بەم راگەیەندراوە نووسراوی نووسراوە ژمارەی لەسەر تۆمار کرا ئەفەندم، لە ١٤ شەوال ٦٩.




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>I.HR.</td><td>00106.005197</td><td>15 جەمادی یەکەم 1270</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم<br>هەمـوو سـاڵێك لـە زسـتاندا هـۆزی جافی خێمە نشـینی ناو سـانجەقی سـلێمانی دەچـن و دێنـە لای زەهاب ئەم سـاڵە لەبـەر قەدەغەکردنیـان ناتوانـن بچنـە ئێـران، بۆیـە دوای قسـەکردن لەگـەڵ حاکمـی کرمانشـا ئیمامقلـی میـرزا هـۆزی ناوهاتـوو وەکـو جـاران دەچنـەوە کوێسـتان، سـەبارەت بـە چۆنیەتـی ڕۆیشـتنیان لەلایـەن میـری میـران مونیـب پاشـا قائیمقامـی سـلێمانی نـووسراو هاتووە، لەگـەڵ کاغەزی هاوپێـچ بەیەکەوە بە فەرمانـی جەنابی تاجدار ڕاگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، بابەتـی ئـەم کوێسـتان و گەرمیانە تـا نیزامێك ڕێـك دەخرێت، وەکو جـاران لەلایەن ئێـوەوە جێبەجێ بکرێـت، بـەم تێروانینـە قائیمقامـی ناوهاتـوو بوێـری و هـەوڵ و کۆششـی بیـنراوە، بـە دەرچوونـی ئەمـر و فەرمانـی جەنابـی جیهانـدار، لـە باڵیۆزی تەهـران بارودۆخەکـە ڕابگەیەندرێت ئەو کاتـە قائیمقامی ناوهاتـوو وەڵامێکی گونجاو دەنووسـێتەوە، بـەم ڕاگەیەنـدراوە نـووسراوی نووسراوە ژمارەی لەسـەر تۆمار کرا ئەفەندم، لە ١٥ جەمـادی یەکەم ١٢٧٠.</td></tr>
</table>





A.}MKT.MVL.00068.00070.001

کتێبی هەواڵنامە

| A.MKT.MVL. | 00068.00070 | 10 سەفەر 1271 |
|---|---|---|


بابەتەکە لە راپۆرتی نەزارەتی دارایی جەلیلە لەگەڵ بریارنامەی ئەنجوومەنی ژمێریاری روون و ئاشکرایە، لە سانجەقی سلێمانی کە هۆزی هەمەوەند بوونیان هەیە، بۆ ئەوەی زیانی تایفەی هۆزی هەمەوەند لەسەر هەژاران دووربخرێتەوە، ٣٠ پۆلیسی پاراستن ئەرکیان پێ دراوە، لەسەر ئەمە ٧٠ کەسی تریش زیاد کراون و بۆنەتە ١٠٠ کەس، بۆ ئەمەش لەلایەن جەنابی پاشای والی شارەزوور بە بریارنامە کۆتایی بە کارەکە هێناوە، بەڵام بە گوێرەی تۆمار ئەوەی نیشان دراوە، کە ٢٠٩٨ پۆلیسی پاراستنی ئەیالەتی شارەزوور رێکخراوە، لەمانە ١٣٢ نەفەر سوارە و ١٠٠ نەفەر پیادە لە قائیمقامیەتی سلێمانی بەکاردەهێنرێن، هەروەها دەتوانرێت بەم برە پۆلیسە کاروباری پاراستنی لیوای ناوهاتوو و هۆکاری پاراستنیان جێبەجێ بکرێت، بۆ زیادکردنی نەفەری نوێ بە چاوپێخشاندن لەگەڵ ئەوەی کە هەیە لە بارەی ئیدارەوە بە فەرماننامەی سەدری ئەعزەم ئاماژە بۆ جەنابی والی ناوبراو رۆیشتووە، بۆ ئەوەی چۆنیەتی کارەکەش بە نەزارەتی ناوهاتوو رابگەیەندرێت، نووسراو بۆ ئەنجوومەنی والا نووسراوەتەوە، بەڵام فەرمانی پاشای پەیوەندیدارانی وەکالەت چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە، لە ١٠ سەفەر ٧١.

مۆری ئەحمەد جەمال/ ئەحمەد شوکری/ مومتاز/ عەلی غالب/ شەکیب محەمەد/ نەزیف محەمەد



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><th>I.MVL.</th><th>00336.014505</th><th>17 زیلقەعدە 1271</th></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم<br>بریارنامـەی لـە ئەنجوومەنـی والا دراوەتـە قەڵـەم لەگـەڵ کاغـەزی هاوپێـچ راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـە سـانجەقی سـلێمانی قەزایەکانـی بازیـان و مەرگـە و گولعەنبـەر و سـەروجك بـۆ ئـەوەی لـە رووی ئیداریـەوە تـەواو بکرێـن، ئـەو بەرێوەبەرانـەی کـە بـە وەکالـەت لـەوێ دادەمەزرێـن، ٢٦٠٠٠٠٠ و بـۆ کاتبەکانیـش ١١٠٠٠٠٠ قـوروش مووچـە ببرێتـەوە، لەگـەڵ دەسـت کـردن بـە ئەرکەکەیـان لـە خەزینـە جێبەجـێ دەکرێـت، هەروەهـا لـە ئەیالەتـی شـارەزوور لـە بـارەی دابـەش کردنـی ناوچـەکان تـا ئێسـتا دەفتەرەکانـی نەهاتـووە، پەلـە بکرێـت لـە رێکخسـتن و ناردنـی دەفتـەری ناوهاتـوو، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش نـووسراو حەواڵـەی نەزارەتـی دارایـی جەلیلـە کـراوە، بـەڵام لـەم بابەتـەدا جەنابـی پاشـا بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت بـە گوێـرەی ئـەو جولـە دەکرێـت، بـەم راگەیەنـدراوە نـووسراوی نـووسراوە ژمـارەی لەسـەر تۆمـار کـرا ئەفەنـدم، لـە ١٧ زیلقەعـدە ٧١.</td></tr>
</table>



HR.MKT.00128.00028.001

| HR.MKT. | 00128.00028 | 18 ڕەبیعی یەکەم 1272 |
| --- | --- | --- |


نووسراوی سەدری ئەعزەم بۆ نەزارەتی دارایی
مەحمود پاشای بابان موتەسەرفی پێشووی سلێمانی ماوەیەك لە دەرسەعادەت نیشتەجێ بووە، ڕۆژی رابردوو کۆچی دوایی کردووە، برێك قەرزی لەلای متمانە پێکراوانی ئێران هەیە، بەبۆنەی مردنیەوە ئەوەی لە ناوبراو ماوەتەوە لەلایەن بەیتولماڵ جێگیر کراوە و تۆمار کراوە، راگەیەندراوە کە پێویستە رێك بخرێت، بۆیە لەلایەن باڵیۆزخانەوە گفتوگۆ لەسەر رێکخستنی قەرزی ناوبراو کراوە، لە راستییدا ناوبراو ئەوەی جێی هێشتووە تۆمار کراوە و فرۆشراوە، ئەگەر هەبێت بە لێکۆڵینەوە ئاماژەی پێ بکرێت کە بڕەکەی گەیشتۆتە چەند، نووسراو کراوە و پەلە کراوە لە تۆمارکردنی ژمارەی نووسراو تا هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.




HR.MKT.00132.00050.001

هەواڵنامەی کتێب


| HR.MKT. | 00132.00050 | 4 جەمادی یەکەم 1272 |
| --- | --- | --- |
| نووسراوی سەدری ئەعزەم بۆ نەزارەتی دارایی<br>مەحمود پاشای بابان موتەسەرفی پێشووی سلێمانی، ماوەیەك لە دەرسەعادەت بووە، ڕۆژانی ڕابردوو کۆچی دوایی کرد، ئەوەی لە دوای خۆی بەجێ ماوە بە نەزارەتی ئاوقافی هومایۆنی جەلیلە ڕاگەیەندراوە، لەسەر نووسراوی گشتگیری نووسراو نێردراوە، لە نووسراوی نێردراو تۆمار کراوە، لەسەر هیممەتی موشیرەکان وەستاوە کە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و ئاماژەی پێ بکرێت. | | |





هەواڵنامەی کتێب

| I.MVL. | 00353.015432 | 20 شەعبان 1272 |
| --- | --- | --- |

جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم
لە ناو سانجەقی سلێمانی ئەحمەد ئەفەندی بەڕێوەبەری قەزای گولعەنبەر لەبەر لێنەهاتوویی لە ئەرکەکەیدا دوور خراوەتەوە و لە شوێن ئەو عەبدوڵڵا ئاغا لە خانەدانی لیوای ناوهاتوو و ئەندامی ئەنجوومەن لە خۆچێی هەڵبژێردراوە و وەکالەتی پێ دراوە، تا نووسراو دێت نیو و دوای هاتنی نووسراویش مووچەی تەواو وەردەگرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بە ئاماژەی جەنابی پایەبەرزی پاشای والی شارەزوور لە خەزینە کارەکە ڕێکخراوە تا حەواڵەی نەزارەتی دارایی جەلیلە بکرێت بریارنامە لە ئەنجوومەنی والا دراوەتە قەڵەم، بۆ ئەوەی عالی بفەرمووێت ئەم بریارنامەیە لەگەڵ ڕاپۆرتی هاوپێچ ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمانی جەنابی ملوکانە چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بەم ڕاگەیەندراوە نووسراوی ژمارەی نووسراوە لەسەر تۆمار کرا ئەفەندم، لە ٢٠ شەعبان ٧٢.





HR.MKT.00161.00002.001




HR.MKT.00161.00002.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>HR.MKT.</td><td>00161.00002</td><td>26 موحەررەم 1273</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی دارایی لە پەراوێزی سەدری ئەعزەم<br>لەسەر بابەتەکە لە وەڵامی دەوڵەت نووسراو کراوە، هەروەها بری ناوهاتوو کە بە تەواوەتی هات، دەدرێتە شوێنی خۆی، رادەستی کیتابەتی دەرەوە کراوە، بۆ راگەیاندنی نووسراو کرا.<br><br>لە ٢٦ موحەررەم ٧٣<br>وەڵامە بۆ نەزارەتی دارایی<br>بۆ بابان مەحمود پاشا ئەو برە پارەیەی کە دەدرێتە ئێرانیەکان، هاتنی روونە.</td></tr>
</table>



هەوارنامەی کتێب


| I.DH. | 00361.023907 | 18 رەبیعی یەکەم 1273 |
| --- | --- | --- |

جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم
لـە سـانجەقی سـلێمانی بـە چاکسـازی کردن لە نـاو هۆزی جـاف ئەمنیەتی سـنوور و شـارۆچکەکە تـەواو دەبێت، بۆیە سـەرباز بـۆ بیابانـی شـارەزوور ڕۆیشـتوون و ٥٥ ڕۆژ لـەوێ جێگیـر کـراون، دواتـر بۆ هەڵگرتنـی سـەرباز و جادرەکانیان بارگیـر بەکـرێ گیـراوە، بـۆ خەرجـی کرێـی ئاژەڵـەکان و گشـت خەرجیـەکان لـە پارەوپولـی لیـوای ناوهاتـوو ٦٧٠٠ قـوروش دراوە، بـۆ ئـەوەی ڕەزامەنـدی بدرێـت لەسـەر هەژمارکردنـی لـە خەزینـە ئـەوا یـەك پارچـە ڕاپۆرتـی نەزارەتی دارایـی جەلیلـە لەگـەڵ بریارنامـەی ئەنجوومەنـی ژمێریـاری دارایـی پێـی لـکاوە و بەیەکـەوە ڕاگەیەندراوە و پێشـکەش کـراوە تـا عالـی فەرمـان بـدات، بـە تێروانیـن لـە ئامـاژەی نووسراوەکـە ئەم بـڕە ئاقچەیـە بۆ چاکسـازی هۆزی باسـکراو و تەواوکردنـی ئەمنیەتـی سـنوور و شـارۆچکەکە خـەرج کـراوە، لـە بـارەی هەژمارکردنـی بـڕە پـارەی باسـکراو و لەبـەر ئـەوەی لـە پێداویسـتییەکانە حەواڵـەی نەزارەتـی ناوهاتـوو کـراوە، جەنابـی ملوکانـە فەرمانـی چـی بێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە ڕاگەیاندنـی نـووسراوی نـووسراوە بەپەلـە ژمـارەی لەسـەر تۆمار کـرا ئەفەندم، لـە ١٨ ڕەبیعی یەکـەم ٧٣.




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>I.MVL.</td><td>00362.015871</td><td>4 ڕەبیعی یەکەم 1273</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم<br>دوو پارچە ڕاپۆرت لەگەڵ هاوپێچی نەزارەتی دارایی جەلیلە لە ئەنجوومەنی واڵا دراوەتە قەڵەم، لەگەڵ بڕیارنامە ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە تا عالی بفەرمووێت، لە بابەتەکەدا ئاشکرایە لە سانجەقی سلێمانی ئەمنیەت و ئاسایشی دانیشتوانی ناحیەی شوان خەریکە بەرقەرار دەبێت، لە باجی خۆچێی زیادکراوە و لەو مێژووەی کە نیشان دراوە، مانگانە بە مووچەی ٥٠٠ قوروش ئەحمەد ئەفەندی لە ناحیەی ناوهاتوو وەکو بەڕێوەبەر هەروەها بە مووچەی ٢٠٠ قوروش محەمەد ئەفەندی وەکو کاتیب دادەمەزرێن، ئەگەرچی بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە نووسراو لە خەزینە حەواڵەی نەزارەتی ناوهاتوو کراوە، بەڵام لەم بابەتەدا جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بەم ڕاگەیەندراوە نووسراوی نووسراوە ژمارەی لەسەر تۆمار کرا ئەفەندم، ٤ ڕەبیعی یەکەم ٧٣.</td></tr>
</table>



A.}MKT.UM.00294.00069.001

هەواڵنامەی کتێب


| A.MKT.UM. | 00294.00069 | 24 سەفەر 1274 |
|---|---|---|

میری ئاڵای ئەفەندم

حوسنی ئەفەندی باش کاتیبی دارایی سانجەقی سلێمانی خزمەتەکەی بەجێ هێشتووە، بەڵام لەم ئەرکانەی کە پێشووتر کاری کردووە، بۆ پاداشت کردنی خانەنشین بکرێت یاخود برێکی گونجاو مووچەیەکی بۆ ببڕێتەوە، کارەکە لەسەر تەواو بوونە، بۆ جێبەجێ کردنی ووردبینی کردنەکەی ئەو مووچەیەی کە لە قەڵەم بۆی ڕێکخراوە لە تۆماری باسکراودا لە کاتی ئەرکەکەیدا بردراوە، ئەگەرچی خودی خۆی لەبەر بژێوی بە گوێرەی نیزام گونجاوە مووچەی بۆ ببڕێتەوە، بەڵام برینەوەی مووچە لە کردنەوەی هەژمار یاخود مووچەی بێ خاوەن ئەوا پێچەوانەی نیزامە، بۆیە لە خۆچێی ئەو مووچانەی کە تایبەت بە دەستکورتان دابین کراوە، لە کاتی بێ خاوەن بوونی مووچەیەك، مووچەیەکی گونجاو بۆ ناوبراو دابین بکرێت، لە بارەی چۆنیەتی کۆتایی هێنانەکەشی ئاماژە بۆ لایەنی شەریفە کراوە لەلایەن جەنابی پاشای نازری دارایی بە ڕاپۆرت باسکراوە، لە بارەی کۆتایی هێنان و جێبەجێ کردنی هیممەت بکرێت، بۆ ئەمەش نووسراو ژمارەی لەسەر تۆمار کرا ئەفەندم.

لە ٢٤ سەفەر ١٢٧٤


مۆری نائیبی مستەفا


I. MVL 401/17414


I.MVL.00401

هەواڵنامەی کتێب

| I.MVL. | 00401.017414 | 8 موحەررەم 1275 |
| --- | --- | --- |
| جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم<br>ئـەو بریارنامەیـەی کـە بـە هاوپێچـەوە لـە ئەنجوومەنـی والا دراوەتـە قەڵـەم، بەیەکـەوە راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـە بابەتەکـەدا ئاشـکرایە لـە سـانجەقی سـلێمانی ئاغـا بـەگ بۆتە ئیسـلام، بۆیـە لـە پارەوپولی خۆچێـی مانگانە ٢٠٠ قـوروش مووچـەی بـۆ ببڕێتـەوە، بـە ئامـاژەی جەنابـی پایەبـەرزی پاشـای والـی بەغـداد لـە نەزارەتـی دارایـی جەلیلـە راگەیەنـدراوە، بـەڵام لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمانـی جەنابـی پاشـا چـی بێـت بـە گوێـرەی ئـەوە کارەکـە جێبەجـێ دەکرێـت، بـەم راگەیەنـدراوە نـووسراوی ژمارەی لەسـەر تۆمار کرا ئەفەنـدم، لە ٨ موحـەررەم ٢٧٥. | | |




| I.DH. | 00420.027778 | 9 جەمادی یەکەم 1275 |
|---|---|---|
| جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم<br>فەرمانگەی لەشکری هومایۆنی حیجاز و عیراق لە ناو سلێمانی قشلە و نەخۆشخانە و تۆپخانەیان هەیە و ئەو شوێنانەی کە وێران بووە، فەرمانی نۆژەنکردنەوە و رووخانی جێبەجێ دەکرێت، ئەو خەرجیەی پێویستە لە ٣٣٥٠٠ قوروش پێك دێت، ئەمەش پارەیەکی زۆرە، لەلایەن میری میرانی پاشای قائیمقامی لیوای ناوهاتوو لەگەڵ میریەکانی سەربازی و ئەندامانی ئەنجوومەن پارەکە رێکخراوە، بە نیازی قەبوڵ کردنی ئەم برە پارەیە لە خۆچێی کاغەز و نووسراوی بەهیەی سپاهیدار هاتووە لەگەڵ فەرمانی جەنابی ملوکانە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، بە تێروانین لە ئاماژەی بابەتەکەدا لەبەر بوێری و دڵسۆزی ناوبراوان شایەنی رێزگرتنن، بە نووسینی وەڵامنامە کۆپیەیەکی لە رۆژنامەی رووداو و وەقایع و تەقویم بڵاودەکرێتەوە و رادەگەیەندرێت، جەنابی ملوکانە فەرمانی چی بێت جێبەجێ دەکرێت، بەم راگەیەندراوە نووسراوی نووسراوە ژمارەی لەسەر تۆمار کرا ئەفەندم، لە ٩ جەمادی یەکەم ٧٥. | | |





هەواڵنامەی کتێب

A.}MKT.MHM.00185.00037.001

| A.MKT.MHM. | 00185.00037 | 26 زیلقەعدە 1276 |
| --- | --- | --- |

بۆ قائیمقامیەتی سلێمانی

لـە نیـوەی باجـی سـاڵی ٧٦ سـانجەقی سـلێمانی، لـە ٥ یـوك ٣٧ هـەزار و ٤٥٣ قـوروش، ١٠٠ هـەزار قوروش ڕێکخـراوە، دوای وەرگرتنـی رادەسـتی پۆسـتە کـراوە و بەرێکەوتـووە، هەروەهـا ئـەوەی ماوەتـەوە لـە ٤ یـوك، ١٠٠٠ قوروشـیش بە پەرشـوبڵاوی دەسـتکەوتووە و دەنێردرێـت، ئەمجـارە لـە وەڵامـدا نووسراوەکانتـان هاتووە، لـە بابەتەکـەدا دەرکەوتووە سـوودی بینیـوە، لـە دارایـی خەزینـەی جەلیلـە بـە ڕێکخسـتن پۆسـتە نێـردراوە، بـە سـەیرکردن لـە بابەتـەی پۆسـتەکە دەرکەوتـووە بـۆ داواکردنـی ئـەوەی ماوەتـەوە، لـە خەزینە ٤ یـوك بینراوە و ١٠٠٠ قوروش پێویسـتە بـە پەلە بنێردرێت.






A.}MKT.UM.00378.00031.001

هەواڵنامەی کتێب

| A.MKT.UM. | 00378.00031 | 16 رەبیعی کۆتایی 1276 |
|---|---|---|

والی بەغداد
موحەررەم ئاغا کە بەڕێوەبەری قەزای سەماوی سەر بە سانجەقی سلێمانی بووە، لەلایەن دانیشتوانەوە کوژراوە و لە سێدارە دراوە، ئەگەرچی هەواڵ هاتووە کە پێویستە پشکنین ئەنجام بدرێت و بکوژەکانی بدۆزرێنەوە، بە مەبەستی دادگایی کردنیان بهێنرێنە دەرسەعادەت، بەڵام لەم بارەیەوە تا ئێستا هیچ شتێك دەرنەکەوتووە، بۆیە لەلایەن میراتگرەکانی کوژراو داواکاری پێشکەش کراوە و تێدا داوا کراوە کارەکە جێبەجێ بکرێت، کە لە ئەنجوومەنی والا خوێندنەوەی بۆ کراوە دەرکەوتووە بابەتی کوشتنەکە لەم بابەتانەیە کە شایەنی وردبینی کردن بێت، بکوژەکانی کوژراوی ناوبراو هەر کەسێك بن، ئەوا بە سوران و گەران بدۆزرێنەوە و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت، چونکە میراتگرەکانی بە بیانووی دۆزینەوەیان لەم لایەنەدا کاری بەرزکردنەوە ئەنجام دەدەن و لەسەر ئاماژە پێکردنی بڕیاری لێکۆڵینەوە بە بڕیارنامە کۆتایی پێ هاتووە، ئەمەش بە سەدری ئەعزەم ڕاگەیەندراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە، بۆ ئەمەش نووسراو کراوە.




هەواڵنامەی کتێب

| 15 زيلحيجة 1276 | 00433.019095 | I.MVL. |
|---|---|---|

- ڕاگەیەندراوی بەندەتانە

بەڕێوەبـەری قـەزای زێبـار خەلیـل بـەگ نووسـین و خوێندنـەوەی نییـە، هەروەهـا لـە نێـو تائیفـەی کـوردی بایەخـی خـۆی هەیـە، لـە زمانـی خـۆی زیاتـر ئاشـنای زمانێکـی تـر نییـە، ناوبـراو تەنیـا زمانـی تورکـی دەزانـێ، لەبـەر ئـەوەی زمانـی تـر نازانـێ، لەبـەر شـوێنەکەش ناگونجێـت، لەگـەڵ دەسـت بەکاربوونـی لـە کاروبـار و چاکسـازیەوە تـا ئەمـرۆ هیـچ شـتێکی سـەرکەوتووی نەبـووە، ئەگـەر بـە پێویسـت نەزانـراوە کـە بگۆردرێـت و دووربخرێتـەوە، بۆیـە وا پێویسـت دەکات بەهـۆی شـوێنی قـەزای ناوبـراو ناوبـراو دووربخرێتـەوە و لـە شـوێن ئـەو کەسـێکی ئاشـنا و کەسـێکی بـە ئەزمـوون دابمەزرێـت، لـە قاپوجـی باشـی ریکابـی هومایۆنـی شـاهانە و ئەندامـی ئەنجوومەنـی لێکۆڵینـەوە عەبدولرەحـمان بـەگ زمانـی کـوردی و تورکـی و عەرەبـی دەزانێـت و هـەر خۆشـی کەسـێکی لێهاتـووە، بـۆ کاری بەڕێوەبەرایەتـی کەسـێکی بـە توانایـە. هەرچـی خەلیـل بەگیشـە ئـەوا تـا ئێسـتا هیچـی نەبیـنراوە، بەڕێوەبـەری ناحیـەی تەلەعفـەر حەسـەن ئەفەنـدی هێشـتا لەگـەڵ دانیشـتووانەکەی ڕانەهاتـووە، بۆیـە بگۆردرێـت، عەبدولرەحـمان بـەگ بـە مووچـەی ئێسـتای کـە ١٢٥٠ قـوروش لـە سـەرەتای مایسـی سـاڵی ١٢٧٦ بـە بەڕێوەبـەری قـەزای زێبـار دەسـت بـەکار بێـت و خەلیـل بەگیـش بـە مووچـەی ١٠٠٠ قـوروش وەکـو بەڕێوەبـەری تەلەعفـەر دابمەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە ئەنجوومەنـی گـەورە لـە کاتـی دەنگـدان جێبەجـێ کـراوە، بـە نـووسراو بـۆ خەزینـە نێردراوە لـە مێـژووی ناوهاتـووەوە وێنـەی مووچەکانیـان پەسـەند کـراوە و نووسراویـان بـۆ کـراوە، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢٣ شـەوال ١٢٧٦.


- بۆ جەنابی پایەبەرز لە پەیوەندیدارانی سەدارەت

ڕاگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە

بەنـدە سـەعید ئەفەنـدی لـە خانەدانـی ئـەرزروم، هـەر لـە کۆنـەوە لـە ئەیالەتەکانـی بەغـداد و شـارەزوور ئەرکـی بەڕێوەبەرایەتـی و ئەرکـی جۆراوجـۆری وەرگرتـووە، لەبـەر ئـەوەی توانـا و لێهاتـووی تاقـی کراوەتـەوە و ئەزموونـی هەیـە، لەلایەکـی تـر ڕەشـید ئەفەنـدی هـەر لـە کۆنـەوە لـە ئەیالەتـی شـارەزوور، لـە قـەزای قەرەداغـی سـەر بـە سـانجەقی سـلێمانی بەڕێوەبـەرە، کەچـی لـە ڕووی ئیداریـەوە بـێ توانایـە، بۆیـە دوور خراوەتـەوە و شـوێنەکەی بـە کراوەیـی ماوەتـەوە، بۆیـە ناوبـراو بـە فەرمانـی پەیوەندیدارانـی سـەدارەت لـە شـوێنی ناوبـراو دابمەزرێـت، مووچەکەشـی بـە هـاوکاری جەنابـی پەیوەندیـداری وەکالەتـەوە دەبێـت، لـە هـەر حاڵەتێکـدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.


لە ٢٣ ڕەمەزان ١٢٧٦

مۆری ئیسماعیل بەگ موتەسەرفی ئەیالەتی شارەزوور




A.}MKT.UM.00427.00082.001


| 3 رەبیعی یەکەم 1277 | 00427.00082 | **A.MKT.UM.** |
|---|---|---|
| بۆ موتەسەرفی شارەزوور<br>لە سانجەقی سلێمانی عەلی پاشا لە هۆزی شینکی کوژراوە، لێرە میراتگر و بکوژەکەی ناوبراو بە ئەنجامدانی بەرگری شەرعیەکەی لەگەڵ بریارنامەی ئەنجوومەنی شارەزوور کە هاتووە، نووسراوی بە بریارەکەی دەرچووە. | | |




A.}MKT.DV.00215.00012.001

هەواڵنامەی کتێب

| A.MKT.DV. | 00215.00012 | 3 رەجەب 1278 |
|---|---|---|
| بۆ قائیمقامی سلێمانی مستەفا پاشا<br>رەفعەت ئەفەندی مامۆستای فارسی لە مەکتەبی روشدیەی سوڵتان بایەزید لەگەڵ خوشکەکەی خەدیجە خان نووسراوێکیان پێشکەش کردووە، تێدا هاتووە؛ لە سانجەقی سلێمانی گوندی کللن زەوی و زاری میری لەگەڵ ئاوی تێپەریو لە باوکیانەوە بۆیان گوازراوەتەوە و بە هاوبەشی کاری لەسەر دەکەن، بەڵام چەند ساڵێك دەبێت ماميان بە ناوی حاجی نەسروڵڵا ئەفەندی خستۆیەتیە ژێر دەستی خۆی و تێکەڵی کارەکەیان بووە، بەم شێوەیە زوڵمیان لێ دەکرێت، هەروەها لەسەر ئەو داواکاریەی هەیانە ئەوا فەتوای شەریفەیان لە دەستە، بۆیە بە گوێرەی شەرع مافیان بگەڕێندرێتەوە، لە بارەی داواکەیان بە زانیاری شەرعی شەریف و ئەنجوومەن بەبێ لایەنی سەیری بابەتەکە بکرێت و راستی چییە ئەو دەرکەوێت، بە بەرزکردنەوە و قەدەغەکردن نووسراو بکرێت و ئاماژە بە چۆنیەتی کارەکە بکرێت. | | |





A.}MKT.UM.00571.00079.001

هەواڵنامەی کتێب

| A.MKT.UM. | 00571.00079 | 14 زیلحیجه 1278 |
|---|---|---|


بۆ والی بەغداد
هەمزە ئاغا سەرۆکی هۆزی مەنگور کە لە هۆزەکانی سانجەقی سلێمانیە، لەگەڵ فرقەی گشت هۆزەکان یەکیان گرتووە و هێرشیان کردۆتە سەر قەزای پشدەر، کەلوپەل و پارەوپولیان تالان کردووە و خەڵکیان کوشتووە، لەم جۆرە سەرپێچی کارانەدا پێویستە بارودۆخەکە هێور بکرێتەوە، لە مێژووی ٢٤ شەوال ٢٧٨ ژمارە ٥٢ نووسراو هاتووە و ئاماژەی پێکردووە، چۆنیەتی کارەکەش حەواڵەی ئەنجوومەنی والای کۆڵکەی داد بووە، کە لەم جۆرە رووداوانە شتی وا روودەدات ناچار دداخی بۆ هەڵکێشیت، بۆ ئەوەی جارێکی تر کاری لەم شێوەیە روونەداتەوە و زیانی هۆزەکان دوور بخرێتەوە هەروەها بابەتی گەراندنەوەی تالانکراوەکان و بابەتی کوشتن دادگایی کردن و بەرزکردنەوەکان بۆ موشیرەتی پاشا بەرزکراوەتەوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە لەسەر هەر هۆکارێك وەستا بێت دەبێ جێبەجێ بکرێت و ئەنجامەکەی رابگەیەندرێت، بۆ ئەم مەبەستە بە نووسراو بە عالی راگەیەندراوە و هیممەت بکرێت و میهرەبانی و بەزەیی بۆ جەنابی ئەفەندیمانە.



هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| I.DH. | 00498.033850 | 28 رەبیعی کۆتایی 1279 |

جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم
ئەمجارە لەلایەن دانیشتوان و فەرمانبەرانی سانجەقەکانی بەغداد و سلێمانی بە جێگیر کردنی رەزامەندی داواکاریەکە دەرچووە، بە کۆکراوەیی ١ یوك و ٦٤,١٣٠ هەروەها لە ناو ئەیالەتی شارەزوور لەلایەن دانیشتوانی کەرکووکەوە ٣٢,٤٠ قوروش دراوە، لیستی ئەم پارەیە نێردراوە، بەم ووتەیە والی بەغداد جەنابی میری میرانی پاشا لەگەڵ قائیمقامی سلێمانی دوو پارچە نووسراو هاتووە و لەگەڵ دەفتەر و بریارنامەی ئەنجوومەنی شارەزوور بەیەکەوە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە تاوەکو بدرێتە جەنابی پاشا، ئەو لیستانەی کە باسکراون، هێشتا لیستی لەم جۆرە لە خەزینەی جەلیلە قەبوڵ کردنی بۆ رێك دەخرێت، لە بارەی کەمکردنەوەی حەواڵەی نەزارەتی دارایی جەلیلە کراوە، بۆ چاك کردنیشی وەڵامنامە لە خۆچێی هاتووە، ئەمر و فەرمانی جەنابی شاهنشا چییەك بێت بە گوێرەی ئەو جولە دەکرێت، بەم راگەیاندنە نووسراوی نووسراوە ژمارەی لەسەر تۆمار کرا ئەفەندم، لە ٢٨ رەبیعی کۆتایی ١٢٧٩.




A.}MKT.MHM.00352.00040.001

هەواڵنامەی کێژ

| | | |
|---|---|---|
| 2 زیلقەعدە 1282 | 00352.00040 | **A.MKT.MHM.** |

بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
لە سانجەقی سلێمانی، لە میرەکانی هۆزی گەورەی جاف هەروەها قەپوچی باشی دەرگای عالی محەمەد بەگ لەبەر ناوبانگی لەو خزمەتە باشانەی کە ئەنجامی داوە، پاداشت بکرێت و لە پلەی چوارەم نیشانێکی مەجیدی پێ بدرێت و بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەن والی بەغدادەوە ئاماژەی پێکراوە، بە رەزامەندی فەرمانی پاشای جەنابی پاشای جیهان فەرموویەتی هەواڵ و زانیاری جێبەجێ کردنی لە مێژووی ٥ زیلحیجە ٨٢ لە قەڵەم دەرچووە، هیممەت بکرێت لە دروست کردنی نیشانی ناوهاتوو.


بۆ والی بەغداد
محەمەد بەگ قەپوچی باشی دەرگای عالی و لە میرەکانی هۆزی جاف لە پلەی چوارەم پارچەیەك نیشانی مەجیدی پێ بدرێت هەروەها قادر بەگ و بەهرام بەگیش پلەی قاپوچی باشیان پێ بدرێت، بە ئاماژە و رەزامەندی سەدری ئەعزەم بە رەزامەندی جەنابی پاشا فەرمانی پاشا دەربچێت ئەوا دروست کردنی نیشانی باسکراو حەواڵەی نەزارەتی دارایی جەلیلە کراوە و بۆ دەرچوونی پاکانەکەشی بۆ سەدری ئەعزەم نێردراوە، بە جێبەجێ کردنی کارەکە ئەوا لە کاتی گەیشتنی نیشانەکە پێویستە سەنەدی قەبوڵکردنی وەربگیرێت و بنێردرێت، فەرمان بۆ ئەفەندیمانە.



MVL.01034.00065.001

| 26 جەمادی کۆتایی 1283 | 01034.00065 | MVL. |
|---|---|---|

لەلایەنی جەنابی پەیوەندیداری سەرۆکایەتی بۆ نەزارەتی دارایی
لـە سـانجەقی سـلێمانی سـەعید ئەفەنـدی و عەبدوڵـڵا ئەفەندی لـە کیتابەتی قـەزای قزلجە هـەر یەکە بـە مووچەی ٣٠٠ قـوروش کاریـان کـردووە، لـە مێژووی دەسـت بە کار بوونیان سـاڵی ٨١ی لە ڕۆژی کۆتایی تشرینـی دووەم ماوەی مووچەکەیـان لـە خەزینـەی جەلیلـەوە قەبوڵ کـراوە و هەژمار کـراوە، هەروەها ئێسـتا مەحمود ئەفەنـدی کاتیبە، لە بـارەی بـەکار هێنانـی، ڕاپۆرتـی عالی حەواڵـەی ئەنجوومەنی واڵای کۆڵکـەی داد بووە، لە کاتی خوێندنـەوە ئەگەرچی ئـەم بابەتـە ڕاسـتەوخۆ بـە قائیمقامیەتـی لیـوای ناوهاتـوو بـاس کـراوە، بـەڵام ئـەوێ سـەر بـە ئەیالەتـی بەغـدادە و بەغدادیـش ئیـدارەی سـەربەخۆیە، لـەم جـۆرە شـتانە لەگـەڵ والـی ئەیالەتـی ناوهاتـوو قسـە دەکرێـت، هەروەهـا لەبـەر کۆتایـی هێنـان بـە قائیمقامیـەت بەکارهێنـان و قەبـوڵ کردنـی ناچێتـە لای ئـەو، بـە گوێـرەی ئـەو وەڵامـەی کـە دەگەڕێتـەوە، کارەکـە جێبەجـێ دەکرێـت، چۆنیەتـی کارەکـەش لـە والـی ناوهاتـووەوە نـووسراوی بـە زانیـاری دراوەتـە عالـی، ڕاپۆرتـی ناوهاتـووش نێردراوەتـەوە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی کارەکـە ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئەفەندیمانـە.



تلغرافنامه

OSMANLI ARŞİVİ
A.) MKT.MHM
452 | 12 | 1

A.}MKT.MHM.00452.00012.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><th>A.MKT.MHM.</th><th>00452.00012</th><th>24 مارت 1289</th></tr>
<tr><td colspan="3">تەلەگرافنامە<br>بۆ پایەی جەلیلی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت<br>فەهمی ئەفەندی موتەسەرفی سانجەقی سلێمانی بە مردنی خۆی کۆچی دوایی کردووە، ئەوێ ناوچەیەکی گرنگە لەگەڵ ئەمەش هۆزی جاف لەوێ نیشتەجێن، بۆیە پێویستە کەسێکی بە وورە و نەرمونیان بێت، عززەت ئەفەندی سەرۆکی دیوانی پێداچوونەوە موتەسەرفایەتی کردووە، بۆ ئەوێ کەسێکی خانەدان و خۆشەویستە، لە کاتی گفتوگۆ رەزامەندی دراوە، ناوبراو بۆ موتەسەرفی سلێمانی لە شوێن ئەویش بەهجەت بەگ دامەزرێت، کە لە پلەی دووەمە و لە خاوەن ئارەزوومەندەکانە بۆ موتەسەرفیەت، بە فەرماننامەی سەدری ئەعزەم هاتۆتە ئەو شوێنە و لەبەر خۆراگری و کەسایەتیەکەی ناوبراو لە سەرۆکایەتی دیوان هەڵبژێردراوە، هەروەها مووچەی سەرۆکایەتی ناوهاتوو کەمترینیان لە ٧١٢٥ قوروشی تەواو پێك دێت، بۆیە ٥٠٠٠ قوروش بۆ بەهجەت بەگ و ئەوەی ماوەتەوە لە ٢١٢٥ قوروش ١٩٨٠ قوروش بۆ مووچەی موتەسەرفیەتی موسڵ دەبێت، بە فەرمانی پەیوەندیداری سەدارەت خراوەتە سەر مووچە کۆنەکەی شیلی پاشا موتەسەرفی حللە، هەروەها عزەت ئەفەندی بۆ ئەرکی سمت نێردراوە، مامەڵەی خەزینەی جەلیلە جێبەجێ دەکرێت، لە ٢٤ مارت ٨٩.<br>محەمەد رەئوف</td></tr>
</table>




A.}MKT.MHM.00452.00019.001

هەواڵنامەی کتێب

| A.MKT.MHM . | 00452.00019 | 14 سەفەر 1290 |
|---|---|---|

١٤ سەفەر ٩٠
فەرماننامەی سەدری ئەعزەم
بۆ ویلایەتی بەغدادی جەلیلە

٢٤ مارت مێژووی تەلەگرافنامەکان لە ئەنجوومەنی تایبەتی بریکارەکان خوێندنەوەی بۆ کرا، لە شوێن فەهمی ئەفەندی موتەسەرفی سانجەقی سلێمانی عزەت ئەفەندی سەرۆکی دیوانی بەدواداچوون دادەمەزرێت، بۆ دەست کردن بە کارەکەی بە رەزامەندی دوای دەرچوونی فەرمانی پاشا کارەکە جێبەجێ کرا، ئەو بڕیارەی کە بەم دواییە لەسەر فەرمانی پاشا دراوە ئەو سەرۆکایەتیانەی کە باسکراوە ئیتر لە پیاوەکانی ڕێگەی زانست و خانەدانەکان هەڵدەبژێردرێت، بە هەڵبژاردنی کەسێکی گونجاو و ناردنی، سەرۆکایەتی باسکراو بە شێوەی وەکالەت بەڕێوەدەچێت و لە مووچەی موتەسەرفیەتەکەی ئاقچە زیاد دەکرێت، لەگەڵ مووچەی سەرۆکایەتی بەیەکەوە دەرماڵەکانیان بەراورد بکرێت، هەرچەندە ئەم کارە پێچەوانەی ئیدارەی دەوڵەتە، بەڵام لە موتەسەرفەوە گۆرینەوەی بە پێویست زانراوە، لە یەکەم کاردا بە تەلەگراف رەزامەندی دراوە، دوای ئەوەی فەرمانی پاشاش دەردەچێت ئەوا کارەکە جێبەجی دەکرێت، ئەم ڕێسایەش لە گشت فەرمانگەکان جێبەجێ دەکرێت، دەبێ بڕیاری ئەوەش بدرێت کە بە لایەنی والا رابگەیەندرێت، بەم راگەیەندراوە پێویستە کارەکە جێبەجێ بکرێت ئەفەندم.



A.{MKT.MHM.00455.00063.001

هەواڵنامەی کتێب


| A.MKT.MHM. | 00455.00063 | 29 رەبیعی یەکەم 1290 |
|---|---|---|

گرنگە
٢٩ رەبیعی یەکەم ٩٠
بۆ نەزارەتی دارایی و ویلایەتی بەغدادی جەلیلە

لـە ویلایەتـی بەغـداد بـووە، ماوەیەکیشـە دەستپێشـغەری کـردووە و لـە شـوێنەکانی سـانجەقی سـلێمانی خەریکـی نیشـتەجێ کردنـی هـۆزە جۆراوجـۆرەکان بـووە، ئـەو میرانـەی لـە نـاو فرقەکانی هۆزی جـاف لە ئەرکی شـێخایەتی و سـەرۆکایەتی دان، تـا بەبـێ ئـەرك دەمێننەوە پێویسـتە بپارێزرێن و رێزیان لێ بگیرێت، لەمانەش سـەرۆکی پێشـووی جـاف محەمـەد پاشـا کـە قائیمقامـی گولعەنبـەرە، پلـەی میـری میرانـی پـێ دراوە و لـە ئەندامیەتـی ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایـەت دامـەزراوە، هەروەهـا لـە قەپوچـی باشـیەکان مەحمـود بـەگ لەگـەڵ رۆسـتەم بـەگ زادە قـادر بـەگ پلەکەیـان بـۆ بەرێوەبـەری ئـستەبڵی عامیـرە بەرز بۆتـەوە، جگە لەمـە عەزیز بەگ و عوسـمان بەگ و سـلێمان بـەگ و حەسـەن بـەگ و محەمـەد بـەگ سـەر لـە نـوێ پلـەی قەپوچـی باشـیان پـێ دەدرێـت، لـەم رێگەیـەوە هەندێـك سـەرۆك هـۆزی شـایەنی ئـەوەن ئـەو پلەیان پـێ بدرێـت و بـۆ وەرگرتنـی پاکانـەی ئەسـتۆ بـەم دواییـە ناوەکانیـان بـەرز بۆتـەوە، لـە پلـەی پێنجـەم ١٠ پارچـە نیشـانی مەجیدیـان بـۆ نێـردراوە، لەگـەڵ ئەمـەش لەمانـەی ناوبـراو لـە کار سـوودیان لـێ وەردەگیرێـت بـە بەتاڵـی بەجـێ نەهێڵدرێن و لـەوێ بە گوێـرەی حاڵ و سـیفەتەکانیان بـە ئەرکـی مولکیـە ئەرکیـان پـێ بدرێـت، بـە ئامـاژەی والآی جەنابـی پاشـا بـە مۆڵەتـی جەنابی پاشـا کە بـە فەرمانی پاشـا فەرموویەتـی چۆنیەتـی کارەکـەش بـە تەلەگرافنامە بـە پایەی ویلایـەت راگەیەندراوە، نیشـانەکانی باسـکراویش ئەمجـارە لەلایـەن والآوە نێـردراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە، بـۆ ئەمـەش نـووسراو کـرا.


بۆ دارایی

ئەوانـەی بـە بـێ کار ماونەتـەوە پێویسـتە رێزیـان لـێ بگیرێـت، بۆیـە ئـەو میـر و سـەرۆکانە پاکانەیـان پـێ بدرێـت، بـەم دواییـە ناوەکانیـان نێـردراوە و لەسـەر ئامـاژەی پایـەی ویلایەتی بەغـدادی جەلیلـە و بە مۆڵەتی فەرمانی پاشـای جەنابـی پاشا فەرموویەتـی لـە پلـەی پێنجـەم ١٠ پارچـە نیشـانی مەجیـدی نێـردراوە، زانیـاری و هەواڵـی جێبەجـێ کردنـی کارەکـە لـە مێژووی سـەرەتای رەبیعـی کۆتایی ٩٠ لـە قەڵەم نێـردراوە، هیممەت بکرێت لـە جێبەجێ کردنی.


i-DA 18/796-6
İ.DA.0018

| | | |
|---|---|---|
| I.DH. | 0018.000796 | 7 ڕەبیعی یەکەم 1294 |


جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لەسەر ئەو کوشتنکاریەی کە لە ناو سانجەقەکانی ئەرزرۆم و سلێمانی کراوە، کۆڵکەی شەرعی پەیوەست بەم بابەتە و ئەو مامەڵە یاساییەی کە ڕێکخراوە لە دادگای بەدواداچوونی فەرمانگەی سزا سێ پارچە بریارنامە دراوەتە قەڵەم و هاوپێچ ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لە بابەتەکاندا روون و دیارە کە محەمەد و کامل و یوسف بە کاری کوشتن سزا دراون، ئەگەر لەلایەن میراتگرانی کوژراوانیش مامەڵەی لێبووردن و سوڵح ئەنجام نەدرابێت، ئەوا جێبەجێ کردنی قەساس و لێبووردراویان تێدا بێت» دەبێ لەگەڵ یاسایی سزادراوان ئاماژە بە ئەنجامەکەی بکرێت، ئەو فەرمانە عالیە دەربچێت کە جێبەجێ دەکرێت و پوختەکەی کراوەتە نووسراو و پشت بەستن بە بریارنامە ناوهاتووەکانیش بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت ئەو جێبەجێ دەکرێت، بە ڕاگەیاندنی نووسراوی نووسراوە ژمارەی لەسەر تۆمار کرا ئەفەندم، لە ٧ ڕەبیعی یەکەم ٩٤.



هەواڵنامەی کتێب

ŞD.02893.00005.002

<table>
<tr><td>ŞD .</td><td>02893.00005</td><td>12 جەمادی یەکەم 1295</td></tr>
<tr><td colspan="3">ڕەشنووس<br>نووسراوی عالی پەیوەندیدارانی سەرۆکایەتی بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە<br>١٢ جەمادی یەکەم ٩٥<br>لە موقاتەعەی سانجەقی سلێمانی ساڵی ٧٥ ی ڕابردوو بە ناوی پاشکۆی شوێنگرەوە ئەمرۆ بۆ خۆی و سەلمانی برادەری داوای هەندێك ئاقچە دەكات، لەسەر هەندێك ووتە لە دانیشتوانی بەغداد دانیال ئەفەندی داواکاری پێشکەش کردووە و حەواڵەی شورای دەوڵەت کراوە، بە تێروانین لە بابەتەکە و زانیاری خەزینەی جەلیلە لەگەڵ ئاماژەپێکردنەکەی دەنێردرێتەوە، داواکاری باسکراو بە بڕیاری فەرمانگەی مولکیە دەنێردرێت و لەسەر جێبەجێ کردنە.</td></tr>
</table>





ŞD.02154.00019.001

| ŞD. | 02154.00019 | 9 جەمادی کۆتایی 1300 |
|---|---|---|

٩ جەمادی کۆتایی ٣٠٠
جۆری رەشنووس
بریارنامە

بریارنامـە لـە مێـژووی ١٣ رەبیعـی یەکـەم ٣٠٠ لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایەتـی موسـڵ نێردراوەتـە نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە و لەوێشـەوە حەواڵـەی شـورای دەوڵـەت کـراوە، هەروەهـا لـە مێـژووی ١٩ جەمـادی یەکـەم ٣٠٠ دراوەتـە فەرمانگـەی ناوەخـۆ و خوێندنـەوەی بـۆ کـرا. لـە بابەتـی بریارنامەکـە نۆژەنکردنـەوەی فەرمانگـەی حکوومەتـی سـانجەقی سـلێمانی ١٢٠٠٠ و ٦٣٥ قوروشـی دەوێـت، ئەمـەش لـە کاتـی لێکۆڵینـەوە دەرکەوتـووە، بـرە پـارەی باسـکراو لـە موازەنـەی سـاڵی ٩٨ بـە نـاوی رێکخسـتنی نۆژەنکردنـەوە تۆمـار کـراوە، رەزامەنـدی لەسـەر خـەرج کردنـی ٣٠٠٠٠ قـوروش دراوە و لـە پەراوێـزی ژمێریـاری نووسراوەتـەوە کـە ئـەو شـوێنانەی سـاڵانی رابـردوو نۆژەننەکراوەتەوە، موازەنـەی خەرجـی نۆژەنکردنەوەی سـاڵانی رابـردووی شـوێنەکانی تـر جێبەجـێ نەکـراوە، لـە رێکخسـتنی ئـەم موازەنانـە بـە گوێـرەی یاسـا سـەرپێچیە، هەروەهـا موازەنـەی گشـتی ناوەخـۆی سـاڵی ٩٩ ی خەرجـی نۆژەنکردنـەوەی ویلایەتـی ناوهاتـوو شـوێنگرەوەی هەیـە، ئـەو بـرە پارەیـە ٣٠٠٠٠ قـوروش لـە سـتوونی لیـوای ناوهاتـوو نووسراوەتـەوە، دوای پێداچوونـەوە دەرکەوتـووە، بـەڵام موازەنـەی ناوهاتـوو هێشـتا پەسـەند نەکـراوە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی رای عالـی دەوێـت. دەرکەوتـووە فەرمانگـەی حکوومەتـی لیـوای ناوهاتوو پێویسـتی بـە نۆژەنکردنەوەیـە، دواکەوتنی جێـگای قبوڵ نییە، هەروەهـا رێکخسـتنی خەرجـی دیاریکـراو لـە موازەنـەی سـاڵی ٩٩ شـوێنگرەوەی هەیـە، موازەنەکە بە فەرمانی پاشا مامەڵەکـەی لەسـەر جێبەجـێ کـردن دایـە، لـە ١٢٠٠٠ و ٦٣٥ قـوروش ٣٠٠٠٠ قـوروش لـە موازەنەکـە تۆمـار کـراوە، خـەرج کردنەکەشـی لەسـەر جێبەجـێ کردنـە، بـۆ وەرگرتنـی رەزامەنـدی نـووسراوی ویلایەتـی ناوهاتـوو حەواڵـەی نەزارەتـی ناوهاتـوو کـراوە، لەگـەڵ ئەویـش پۆسـتەی دەرخسـتەی لەگـەڵ پێشـکەش کـراوە، ئەمـر و فەرمـان.


هەواڵنامەی کتێب


تلغراف نامه

OSMANLI ARŞİVİ
DH.ŞFR
120 47

DH.ŞFR.00120.00047.001


| DH.ŞFR. | 00120.00047 | 13 ڕەبیعی یەکەم 1301 |
| --- | --- | --- |
| تەلەگراف نامە<br>نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>هۆزی گەورەی جاف لە سانجەقی سلێمانی لەگەڵ سنووری ئێران هاوسنوورە، فرقەکانی ئەم هۆزە دژی یەکترن، لەم بارەشەوە تەلەگرافنامە بەدەست گەیشتووە، کە فرقەیەکی لە سانجەقی شارەزوور نیشتەجێ بووە و شەش فرقەکەی تری لە سەر هەندێك کاری بەد و ترساندن و تۆقاندن بیرۆکەی ئەوەیان هەیە بۆ ئێران کۆچ بکەن، ئەمەش بە تێروتەسەلی نووسراوەتەوە، لەم بارەیەوە موتەسەرفی شارەزوور شایەدی گرنگی ئەم بابەتەیە، بەم ڕاگەیەندراوە دەبێ بڕیارێکی بەپەلە و بە سوود وەربگیرێت و ئەوانەی خۆیان بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان دەکەن پەیوەستن بە سانجەقەکانی سلێمانی و شارەزوور، کە ڕاستییەکان ڕوون بووەوە بە گوێرەی ئەوە ئامادەکاری پێویست بکرێت، بۆ ئەمەش ڕۆژی یەکەم موتەسەرفی داهاتووی سانجەقی سلێمانی عالم پاشا لێرە جولەی کردووە و خەریکە لەگەڵ موتەسەرفی شارەزوور یەك دەگرێتەوە، لە نێوان موسڵ و شارەزوور لە هەولێر وەستاوە، هەروەها بە مەبەستی گفتوگۆکردن لە موتەسەرفیەتی شارەزوور بە تەلەگراف بۆیان نووسراوەتەوە کە بێنە ئێرە، لە بارەی ئەوانەی پەیوەندیدارن بە تێگەیشتنی ڕاستی کارەکە و داواکاری و سوودی دەوڵەت و پەیوەندبوونی بە ئەمنیەت و ئاسایشی مەملەکەت ئامادەکاری بکرێت، بە ڕاگەیاندن و وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ ئەوێ جولە دەکرێت، ڕامگەیاندووە فەرمان، لە ٣١ کانوونی یەکەم ٩٩.<br>تەحسین | | |



Y.A.HUS.00196.00021.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>7 سەفەر 1304</td><td>00196.00021</td><td>Y.A.HUS.</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>تایبەتی<br>٢<br>بۆ ئەوەی رێگە لە رووداوی تاڵەبانیەکان و بەرزنجیەکان بگیرێت، ئامادەکاری پێویست بکرێت و دەستەوئەژنۆ نەوەستن، بە تێروانین لە تەلەگرافنامەی موتەسەرفیەتی شارەزووری بە وەکالەت، بە پەرشوبڵاوکردنەوەی هەردوو کۆمەڵەی هۆزەکانی ناوهاتوو مەسەلەکە هێور دەبێتەوە، هەروەها بە تێگەیشتن لە گشت ووتەکان تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە، لەسەر فەرموودەی عالی راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە ئەفەندم.<br>لە ٧ سەفەر ٣٠٤ و لە ٢٣ تشرینی یەکەم ٣٠٢<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>





DH.MKT.01431.00076.001

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>01431.00076</td><td>20 شەوال 1304</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٠ شەوال ٣٠٤<br>٢٩ حوزەیران ٣٠٣<br>بۆ ویلایەتەکانی موسڵ و بەغداد<br>لە بارەی مەلیك ئەفەندی ژمێریاری پێشووی سانجەقی سلێمانی لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵی بەهیە بریاری گشتگیر بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ شورای دەوڵەت لەگەڵ نووسراوی بە بریار نێردراوە، ناوبراو لەگەڵ والی موسڵ لە بارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی کارگێری بە تەلەگرافنامە و نووسراو سکاڵاکان بەرز کراوەتەوە، بۆ ئەمەش لە فەرمانگەکانی دادگا نووسراوی بە بریار ڕێکخراوە و نێردراوە، لە نێوان کاغەزە بەرایییەکاندا هەروەها لێکۆڵینەوەی بەدواداچووندا نووسراوێکی بە بریاری گشتگیر دەرچووە، سەبارەت بە ئەفەندی ناوبراوەوە نووسراو دەرچووە و تێدا ئاشکرایە کە داواکە بۆ شوێنێکی تری ئەنجوومەنی کارگێری بگوازرێتەوە، دادگاییەکە بۆ ویلایەتی بەغداد بگوازرێتەوە، بۆ ئەمەش بە نووسراوی سەدری ئەعزەمی لایەنی پەیوەندیدارانی سەدارەت فەرمان دراوە و ئاماژەی پێکراوە، هەروەها وێنەی کاغەزە نێردراوەکان بۆ ویلایەتی باسکراو نێردراوە، پەلە کراوە لە ڕاگەیاندنی بارودۆخەکە.<br><br>بۆ بەغداد<br>بە ویلایەتی باسکراو چۆنیەتی کارەکە ڕاگەیەندراوە لەگەڵ ئەمەش وێنەی کاغەزە نێردراوەکان بە هاوپێچ بۆ عالی ڕۆیشتووە، جێبەجێ کردنی کارەکە بە گوێرەی دەستوور لە فەرمانگەی نیزام و ڕێساوە دەکرێت.</td></tr>
</table>

هەواڵنامەی کتێب




<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>01431.00081</td><td>20 شەوال 1304</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٠ شەوال ١٣٠٤<br>٢٩ حوزەیران ١٣٠٣<br>بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە<br>ئەو کارگێریە عورفیەی لە سـانجەقەکانی شـارەزوور و سـلێمانی دامەزراوە، بۆ ئەوەی دەستبەسـەرکراویان پێ بدرێت پێویسـتە شـوێنگرەوەی دامەزراندنیـان هەبێـت، لـە بـارەی وێنـەی گشـت ڕێکخسـتنی کارەکـە ئـەوا پـرس و راکـردن لـە دەفتـەرداری ویلایـەتی جەلیلـە بـۆ نەزارەتـی دارایـی ڕۆیشـتووە، ئـەو تەلەگرافنامەیـەی کە بـە نووسراو نێـردراوە لـە کاتـی حەواڵـە کردنـی بـۆ نەزارەتـی ژمێریـاری، تێـدا هاتـووە بەهـۆی وەرگرتنـی زیندانیـان ئـەو دامەزراندنەی کە ئەنجـام دەدرێـت لـە چەنـد قـوروش پێك دێـت؟، هەروەها لە کامە سـاڵدا ئـەم جۆرە خەرجیـە ئەنجـام دراوە؟، جگە لەمـە خەرجـی گرتووخانـەی ئەم سـاڵەی کە باسـکراوە هیچ شـوێنگرەوەیەکی هەیـە؟، ئاماژەی پێ بکرێـت و بە ئێرە رابگەیەنرێـت، تـا ئامـاژە بـۆ سـەروو بنێردرێت، بۆ جێبەجـێ کردنی کارەکە بە گوێرەی دەسـتور هیممـەت بکرێت.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 01435.00055 | 5 رەبیعی کۆتایی 1304 |
|---|---|---|
| ٢٩٦<br>لەبەر کەمی داهاتی زەوییەکانی سانجەقی سلێمانی و پاشکۆکانی، ئەم گەنمانەی کە بۆ دەورووبەر گواستراوەتەوە، لە بارەی برەکەی و نرخەکەی و لەگەڵ ئەم مانگەدا لە دەورووبەر چوونە دەرەوەی زەخیرە لەلایەن وڵاتی ئێرانەوە قەدەغەکراوە، ئەم بریارە بە چ شێوەیەك بەرز کراوەتەوە، بە نووسراو لە شەهبەندەر هاتووە و وێنەیەکی بە هاوپێچ بەرز کراوەتەوە، ئەمر و فەرمان، لە ٥ رەبیعی کۆتایی ٣٠٤ و لە ٢٠ کانوونی یەکەم ٣٠٣. | | |




Y.A.HUS.00207.00050.001

هەواڵنامەی کتێب

| Y.A.HUS. | 00207.00050 | 23 موحەررەم 1305 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
.... دیوانی هومایۆن
٣

لـە رابـردوو لـە قـەزای مەرگـەی سـانجەقی سـلێمانی زەکەریـا بـەگ قائیمقامـی رەدیـف لەگـەڵ هاوەڵانـی لـە سـەربازی شـاهانە تووشـی هێرشـی پشـدەریەکان بوونەتـەوە، لـەم پشـدەریانەی چوونەتـە ژێـران مسـۆگەر کـراون، نزیکـەی ١٠یـان گەراونەتـەوە، بـۆ ئـەوەی هەموویـان بگەرێنـەوە شـوێنی خۆیـان و چـەك فـڕێ بـدەن و خۆیـان رادەسـت بکـەن چ رێگایـەك باشـە بگیرێتـە بـەر و بـە کۆمەڵیـش خەریکـن لـە ئێـران دەگەرێننـەوە، هەروەهـا قائیمقامـی ناوهاتـوو لەسـەر ئـەو سـکاڵا و جموجۆڵانـەی کـە لەسـەریەتی بـە گفتوگۆکـردن لەگـەڵ لەشـکری هومایـۆن لـە شـوێن ئـەو کەسـێکی تـر دابمەزرێـت، حاڵـی حـازر ئـەو هۆزانـەی بوونیـان هەیـە نیشـتەجێ کـراون، بـە ووتـەی گشـتی لـە والـی موسـڵ تەلەگرافنامـە وەرگیـراوە، لەسـەر فەرمانـی عالـی راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە ئەفەنـدم، لـە ٢٣ موحـەررەم ٣٠٥ و لـە ٢٩ ئەیلـوول ٣٠٣.
سەدری ئەعزەم



I.DH. 1086/85188

2

İ.DH.01086

هەوالنامەی کتێب


<table>
<tr><td>I.DH.</td><td>01086.085188</td><td>9 شەوال 1305</td></tr>
<tr><td colspan="3">کۆشکی یڵدزی هومایۆن<br>فەرمانگەی باش کیتابەت<br>لـە خانەدانەکانـی بابـان، سـلێمان پاشـازادە عەبدوڵـڵا پاشـا مـردووە، ٦٥٠٠ قـوروش مووچەکـەی بەبـێ خـاوەن ماوەتـەوە، لـە حللـەش بـە واژووی ئەمیـن داواکاری بـەرز کراوەتـەوە و داوا دەکات برێکـی گونجـاو مووچـەی بـۆ ببرێتـەوە، لـەو تەلەگرافنامـەی کـە عالـی فەرموویەتـی، بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـۆ پەیوەندیدارانـی سـەدارەت نێـردراوە، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمانـی لـە دەسـتە، لـە ٩ شـەوال ٣٠٥ و لـە ٧ حوزەیـران ٣٠٤.<br>سورەیا جەنابی شەهریار</td></tr>
</table>



DH.MKT.01466.00114.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><th>DH.MKT .</th><th>01466.00114</th><th>14 ڕەبیعی یەکەم 1305</th></tr>
<tr><td colspan="3">١٤ ڕەبیعی یەکەم ٣٠٥<br>١٧ تشرینی دووەم ٣٠٣<br>بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت<br>ماوەی ڕابردوو جەنابی عەبدولقادر کەمال پاشا لە موتەسەرفیەتی سانجەقی سلێمانی دامەزراوە، لەسەر لێبووردنی بۆ موتەسەرفیەتی ناوهاتوو میری میران عومەر شەوقی پاشا موتەسەرفی جەبەل بەرەکەت بە بەرزبوونەوەی پلەکەی دامەزرێت وێنەی دامەزراندنەکەی لەگەڵ نووسراوی بەندەمان لە مێژووی ٧ تشرینی یەکەم ٣٠٣ ڕاگەیەندراوە و ئاماژەی پێکراوە، بەڵام هێشتا فەرمانی پاشا دەرنەچووە، هەروەها لە بەر گرنگی لیوای ناوهاتوو جێبەجێ کردنی بە گونجاو نەزانراوە، بۆ موتەسەرفیەتی ناوهاتوو یا عومەر پاشا یاخود کەسێکی تر ئەرکەکەی پێ بسپێردرێت، پەلە کراوە لە ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی.</td></tr>
</table>





DH.MKT.01485.00114.001

کتێبی هەواڵنامە

| DH.MKT. | 01485.00114 | 3 جەمادی کۆتایی 1305 |
|---|---|---|

پایەی سەرعەسکەر
قەڵەمی تۆمار
١٥٧
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم

جەنابی فەریق عەلی پاشا کە بە دەستگیرکردنی حەمید شێخی تاڵەبانیەکان ئەرکی پێ سپێردراوە، هانای بۆ خانەکەی بردووە، هەروەها ئەگەر بێتو لە بەرزنجیەکان و تاڵەبانیەکان تەنیا یەك لایەن تەمبێ بکرێت، ئەوا لایەکەی تر بەدوای تۆڵەسەندنەوە دەکەوێت و دوژمنایەتی نێوانیان بەردەوام دەبێت، لەسەر ئەم خوێندنەوەیەدا شێخەکانی تاڵەبانیەکان و بەرزنجیەکان و موتەسەرفەکانی سلێمانی و شارەزوور ئەگەر پێویست بکات سەرۆك و هۆزەکانیش بە رێککەوتن بۆ چاککردن و ئاشت کردنەوەی نێوانیان کۆبکرێنەوە بۆ ئەمەش تەلەگرافنامە لە عەلی پاشا وەرگیراوە و داوای رەزامەندی کردووە، کە بە عالی راگەیەندراوە، بە فەرمانی پاشا جەنابی پاشا فەرمانی داوە، فەرمانی عالیش بە فەریقی ناوهاتوو راگەیەندراوە، هیممەت بکرێت ئاگاداری بدرێتە موتەسەرفی شارەزوور و سلێمانی، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە سەرەتایی جەمادی کۆتایی ٣٠٥ و لە ١ شوبات ٣٠٣.
عەلی پاشا سەرعەسکەر





DH.MKT.01505.00022.001

هەواڵنامەی کتێب

| 19 شەعبان 1305 | 01505.00022 | **DH.MKT.** |
|---|---|---|


١٩ شەعبان ٣٠٥
١٨ نیسان ٣٠٤
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
تەلەگرافنامـە هاتـووە، لـە سـانجەقی سـلێمانی لـە خۆچێیـەوە وەکـو بەڕێوەبـەری تۆمارکـردن دامـەزراوە، هـەر خـۆی لـە تاقمـە هەڵنەبژێردراوەکانـە، لـە وەڵامـی ئـەو نـووسراوەی کـە پێشـووتر نێـردراوە و تێـدا داوای زانیـاری کـراوە، هەرچـی ناوبـراو تـا ئێسـتا ئەرکـی ژمێریـاری و داواکاری گشـتی و بەڕێوەبـەری تۆمارکردنـی وەرگرتـووە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی هەڵبژاردنـی پەسـەند کـراوە یاخـود نەکـراوە هیـچ شـتێك بەردەسـت نییـە، دەرکەوتـووە هەڵنەبژێـردراو و پەسـەندنەکراوە، هەروەهـا لێـرە زۆرێـك لـە بەڕێوەبـەری موولازیـم بـە هەڵبژاردنامـەوە بوونـی هەیـە، گونجـاو نییـە کەسـانێك دابنرێـت کـە هەڵنەبژێـردراوە، ئـەوەی باسـکراوە بـۆ بەڕێوەبەرایەتـی تۆمارکـردن لـە چینـی سـێیەم بەڕێوەبـەری تۆمـار لـە مولازمـەکان سـەعید بـەگ بـە بڕیـاری قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبـەران دامـەزراوە، بـۆ ئـەم کارەش مانگانـە ١٢٣٣ قـوروش مووچـەی بـۆ دابیـن کـراوە، ناوبـراو لەگـەڵ مێـژووی دەسـت بـە کار بوونـی نـاوی تۆمـار کـراوە، لەوێـش لەگـەڵ ئەنجامدانـی ئەرکەکـەی لـە ڕاگەیاندنـی مێـژووی باسـکراوەوە ئـەو مووچـەی مانگانـە وەریدەگرێـت بـە بڕیارنامـە نیـوەی بـۆ سـندوقی خانەنشـینی دەروات، هەرچـی خەرجـی ڕێگایـە ٢٢٣٢ قـوروش بـە گوێـرەی ڕێسـاوە لـە ڕێکخسـتنی خۆچێیـ بـە خشـتەی خەرجـی تۆمـار دەکرێـت، واڵا ئـاگادار کراوەتـەوە و بـە ووتـەی نەزارەتـی ژمێریـاری هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە.




DH.MKT.01625.00075.001

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT . | 01625.00075 | 20 مايس 1305 |


٢٠ مایس ٣٠٥
بۆ جەنابی سەر عەسکەریمان
لە نێوان سەیدەکانی بەرزنجی و شێخەکانی تاڵەبانی لە قەڵای میکائیل لە شەوی حوزەیرانی رابردوو رووبەڕووبوونەوە روویداوە، پوختەی رووداوەکە، جگە لەمە بۆ ئەوەی رێگە نەدرێت رووداوەکە لە مەیدان فراوانتر بێت، بە پێویست زانراوە هێزی سەربازی بنێردرێتە شوێنەکە، هەر خۆشی ساڵی رابردوو ئاگاداری دراوە لە جێبەجێ کردنی فەرمانی ناردنی هێزی تەواو و ئەم دوو تائیفەیە لە فەرمانگەی پۆلیسی فریاکەوتن دەستبەسەر بکرێن، لەم رووەوە فەرمان دراوەتە موشیرەتی جەلیلە، وێنەی تەلەگرافی موتەسەرفی سلێمانی و ئەو تەلەگرافنامەیەی کە لە وەکالەتی والی موسڵ وەرگیراوە، هاوپێچ پێشکەشی پێشەوای سیپاهیدار کراوە، لەبەر ئەوەی کارەکە گرنگە لە سەر عەسکەریمان پێشنیار کراوە، بەپەلە جێبەجێ بکرێت، زانیاری بدرێتە بەندەمان و تەلەگرافنامەی ناوهاتوو بگەڕێندرێتەوە و رابگەیەندرێت.



هەواڵنامەی کتێب

| I.MMS. | 0101.004273 | 23 موحەررەم 1306 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
.... دیوانی هومایۆن
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لە بابان زادەکان، حەسەن بەگ لە رۆژئاوای تەرابلوسە، لە بارەی راگەیاندن و رەزامەندی برینەوەی مووچەیەکی گونجاو بۆ ناوبراو، جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا فەرمانی داوە، لەسەر نوسراوی تایبەت بەرەکەی چۆتە نەزارەتی دارایی جەلیلە، کاغەزەکانی لە ئەنجوومەنی تایبەتی وەکیلەکان خوێندنەوەی بۆ کرا، لەم بابەتەدا ئەو بریارنامەیەی کە دراوەتە قەڵەم، راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لە بارەی بەراییەکان جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا چ بفەرموویت، جێبەجێ دەکرێت، بەم راگەیاندنە نووسراوی ژمارەی لەسەر تۆمار کرا ئەفەندم.
لە ٢٣ موحەررەم ٣٠٦ لە ١٨ ئەیلوول ٣٠٤
سەدری ئەعزەم





هەواڵنامەی کتێب


| I.MMS. | 0103.004379 | 16 جەمادی کۆتایی 1306 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
... دیوانی هومایۆن
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم

لە بابان زادەکان، عەبدوڵڵا پاشا مردووە، مولکی دەست بەسەرکراوی لە دوای بەجێ ماوە، لە کاتی خۆیدا بەرامبەر ئەم مولکە دەست بەسەرکراوەی ٦٢٥٠ قوروش مووچەی پێ دراوە، بۆیە دوای مردنی بدرێتە برا و خوشکەکانی، بۆ ئەم مەبەستە وێنەی دابەش و دابین کردنەکەی ئەو بڕیارنامەیەی کە لە ئەنجوومەنی تایبەتی وەکیلەکان دراوەتە قەڵەم، هاوپێچ راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، سەبارەت بە بەراییەکان جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا چ بفەرموێت جێبەجێ دەکرێت، بە راگەیاندنی نووسراوی نووسراوە ژمارەی لەسەر تۆمار کرا ئەفەندم، لە ١٦ جەمادی کۆتایی ٣٠٦ و لە ٥ شوبات ٣٠٤.
سەدری ئەعزەم



Y.A.HUS.00222.00042.002



Y.A.HUS.00222.00042.001


هەواڵنامەی کتێب

| Y.A.HUS. | 00222.00042 | 16 جەمادی کۆتایی 1306 |
| --- | --- | --- |

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
... دیوانی هومایۆن
بە گوێرەی وەڵامی نووسراوی بە زانیاری لەلایەن هەندێك پزیشکەوە تەلەگرافنامە هاتووە و تێدا دەرکەوتووە، لە سلێمانی نەخۆشی کۆلێرا یاخود نەخۆشیەکی تر کە جێگەی گومان بێت بوونی نییە، بەڵام لە نزیك کوردستان و پێنچوین و مەریوان لە سێ گوند نەخۆشیەکی هاوشێوە بینراوە، لەم بابەتەوە بەپەلە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێت و ئەنجامەکەی ئاماژەی پێ بکرێت، هاوپێچ نووسراوی نەزارەتی تەندروستی جەلیلە راگەیەندراوە و پێشکەش کرا ئەفەندم، لە ١٦ جەمادی کۆتایی ٣٠٦ و لە ٥ شوبات ٣٠٤.
سەدری ئەعزەم

- فەرمانگەی تەندروستی
ژووری تۆمارکردن
وێنەی ئەو تەلەگرافنامەیەیە کە لە ٤ شوبات ٣٠٤ بە هاوبەشی لەلایەن پزیشکی سلێمانی غوت لەگەڵ عەبدولمەجید ئەفەندی پزیشکی سەربازی دەرچووە

لە ٤ شوبات ٣٠٤ ، لە سلێمانی نەخۆشی کۆلێرا یاخود نەخۆشیەکی گومان لەم شێوەیە بوونی نییە، راگەیەندرا.





DH.MKT.01554.00064.001

هەواڵنامەی کێبڕ

| DH.MKT . | 01554.00064 | 9 سەفەر 1306 |
|---|---|---|


٩ سەفەر ٣٠٦
٣ تشرینی یەکەم ٣٠٤
بۆ ویلایەتی تەرابلوسی رۆژئاوا
لە بابان زادەکان، عەبدوڵڵا پاشا مردووە و مووچەکەی بەبێ خاوەن ماوەتەوە، بەشێك لەم مووچەیە بۆ حەسەن بەگ دابین بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە نووسراوی نەزارەتی دارایی بە گفتوگۆ نیشان دراوە، میری ناوبراو لە پارەوپولی ویلایەت لە بەرامبەر مولکی دەستبەسەرکراودا ١٤٠ و لە رێکخستنی دەستکورتتان ٢١٦ بە کۆکراوەیی ٣٦٠ قوروش مووچە دەبێت، هەروەها ئەوەی لە عەبدوڵڵا پاشای مردوو ماوەتەوە ٤٠٠٠ قوروش و هەندێك مووچەیە و لە خەزینە دەست بەسەرە، دەرکەوتووە ئەو مووچەیەی بۆ بابان زادەکان دابین کراوە، بە ناوی بەرامبەر بە ئەملاکی دەستبەسەرکراو تۆمار کراوە، هەروەها حەسەن بەگ لە ئەندامانی ئەم خانەوادەیە، بۆیە برە مووچەی ناوبراو لە مووچەی دەست بەسەر کراواندا ٦٤٠ قوروش بخرێتە سەر مووچەی میری ناوهاتوو، بەم زیادکردنە دەبێتە ١٠٠٠ قوروش، بە بریاری ئەنجوومەنی تایبەتی وەکیلەکان لەگەڵ رەزامەندی لایەنی سەدری ئەعزەم لە پەیوەندیدارانی سەدارەت دوای رەزامەندی فەرمانی پاشا فەرموویەتی، ئاماژەی چۆنیەتی کارەکە دراوەتە خەزینەی جەلیلە، لەگەڵ دەرچوونی فەرمان، بە گوێرەی دەستور هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.



DH.MKT.01562.00044.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>01562.00044</td><td>3 ڕەبیعی یەکەم 1306</td></tr>
<tr><td colspan="3">٣ ڕەبیعی یەکەم ٣٠٦<br>٢٦ تشرینی یەکەم ٣٠٤<br>بۆ وەکالەتی نەزارەتی دارایی جەلیلە<br>لە بابان زادەکان، عەبدوڵڵا پاشا مردووە، مووچەکەی ٦٤٠ قوروش بە بێ خاوەن ماوەتەوە، بۆیە بدرێتە حەسەن بەگ کە لە ڕۆژئاوای تەرابلوسە، کە خۆی مووچەکەی ٣٦٠ قوروشە، ئەم مووچەیەی کە باسکراوە بخرێتە سەری، دەبێتە ١٠٠٠ قوروش، بۆ ئەم مەبەستە لە ئەنجوومەنی تایبەتی بریکارەکان بریار نامە ڕێکخراوە و لەم بابەتەدا نووسراوی ڕاگەیەندراو و وێنەی فەرمانی پاشا دەرچووە، دوای ئەوەی لەلایەن پەیوەندیدارانی سەدارەت بە ویلایەت ڕادەگەیەندرێت، لە سەر ووتەی ژمێریاری بنێردرێتە سەروو، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.</td></tr>
</table>





DH.MKT.01625.00075.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 01625.00075 | 2 شەوال 1306 |
|---|---|---|

بۆ سەر عەسکەر
٢٠ مایس ١٣٠٥
شەوی رابردوو لە قەڵایەك بە ناوی میکائیل، سەیدەکانی بەرزنجی لەگەڵ شێخەکانی تاڵەبانی رووبەرووبووی یەکتر بوونەتەوە، بۆ ئەوەی ئەو رووداوە فراوانتر نەبێت، پێویستە هێزێکی سەربازی بنێردرێت، لە راستییدا ئەو هێزە بە تەواوەتی بنێردرێتە ئەو شوێنە و ئەو دوو تائیفەیە لە ژێر دەسەڵاتدا بهێڵدرێتەوە، ساڵی رابردوو لە کاتی جێبەجێ کردنی فەرمان دراوە، تەلەگرافنامەی موتەسەرفی سلێمانی و ئەو تەلەگرافنامەیەی لە والی موسڵ بە وەکالەت وەرگیراوە، لە پێشکەشکردنیدا سەر عەسکەر ئاگادار کراوەتەوە کە بە پەلە جێبەجێ بکرێت.


بە فەرمانی نەزارەتپەناهی




DH.MKT.01645.00118.001

هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT. | 01645.00118 | 6 زیلحیجه 1306 |
|---|---|---|
| ٦ زیلحیجه ١٣٠٦<br>٢٢ تەمموز ٣٠٥<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>لە سانجەقی شارەزوور مووچەی ئەوانەی ئەرکیان پێ سپێردراوە و پێویستە بدرێت، بری دە یەکی هەیە، جگە لە خەرجی گواستنەوە و ئەو شتانەی پەیوەستە بەمەوە، ١٥٦٢ قوروش نێردراوە، نووسراوی مێژووی ٢٤ مایس ٣٠٥ کە لە موتەسەرفیەتی لیوای ناوهاتوو نێردراوە حەواڵەی ژمێریاری کراوە، بە هاتنی برە پارەی باسکراو تۆمار کراوە، هەروەها ئەو فەرمانبەرانەی کە لە سانجەقی سلێمانی و مەرکەزی ویلایەت ئەرکیان پێ سپێردراوە، لە داهاتی ساڵی ٣٠٤ هێشتا برەکەی نەهاتووە و بە راگەیاندنی هۆکارەکەی لەگەڵ ئەمەش بری داهاتی ساڵی ٣٠٥ بە یەك هەنگاو و بەپەلە بنێردرێت، لە والا باسکراوە و بۆ بردن و تۆمارکردنی ئاقچە، سەنەدی تایبەتی رێکخراوە و رۆیشتووە و دەنێردرێتە موتەسەرفی شارەزوور، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە. | | |



Y.PRK.BŞK.00021.00076.001

| Y.PRK.BSK. | 00021.00076 | 2 زیلقەعدە 1308 |
|---|---|---|

ماوەی دوو ساڵە حاجی عەبدولکەریم زادە ئەمین ئەفەندی بە وەکیلی دانیشتوانی سانجەقی سلێمانی سەر بە ویلایەتی موسڵ لە دەرسەعادەت دەسورێتەوە، ناوبراو کە هاتۆتە لای من وەکو وەکیلی دانیشتوانی سلێمانی رایگەیاندووە؛ دانیشتوان لە لایەن چەتەکان زوڵمیان لێ دەکرێت و ئەو دەستدرێژیانەی دەکرێتە سەریان لە خۆراکی مرۆڤ چۆتە دەرەوە، لەم بارەیەوە دانیشتوانی بەندە ماوەی دوو ساڵە ٦٠٠٠ لیرەیان بۆ کرێی تەلەگراف خەرج کردووە، بەڵام ئەو سکاڵا و زوڵمانەی گەیاندوویانە هیچ سوودێکی نەبووە، هەروەها لە دوا هەنگاو ئەگەر بێتو کۆتایی بەم بێ بەرهەمیەی سکاڵاکانی دانیشتوان نەهێنرێت، ئەوا ناچار دەبن بە گشتی بۆ شوێنی تر کۆچ بکەن، ووتوویانە چ پێویست بکات بۆ چارەسەرکردنی خۆمان دەیکەین، جگە لەمە نووسیویانە بەشێکی دانیشتوان کۆچیان کردووە و چوونەتە ئێران، ووتەکانی ئەم پیاوە و داواکاریەکەیان راست بێت، ئەوا فەرمانگەکانی ئەم شوێنە تا ئێستا چاویان نوقاندووە یاخود ئەگەر لەبەر بەرژەوەندی خۆیان بێ دەنگ بوونە، ئەوا خیانەتی لەمە گەورەتر نییە، جگە لەمە ووتەی ناوبراو و داواکاریەکانیان و سکاڵای دانیشتوان حوکمی نەبێت، ناوبراو ووتوویەتی ماوەی دوو ساڵە لە سلێمانی ئەمنیەت و ئاسایش وون بووە، بۆ ئەوەی رێگە نەدرێت قسەکانی بە درۆ بخرێتەوە، مەمالیکی مەحروسەی شاهانە بێ ئاسایش و بێ پاراستن بە جێ نەهێڵدرێت و کۆتایی بەو هۆکارانە بهێنرێت کە دەبنە هۆکاری بەد، راگەیەندراوە فەرمان بدرێت دەست بە کار بکرێت، لە ٢٨ مایس ٣٠٧.
قەدری بەندەی بەندەکان





DH.MKT.01760.00045.001

هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT. | 01760.00045 | 26 موحەررەم 1308 |
| --- | --- | --- |

٢٦ موحەررەم ٣٠٨
٣٠ ئۆغستۆس ٣٠٦
بۆ لایەنی والای جەنابی سەر عەسکەریمان

لـە لایـەن تابـوری ئاغـای سـلێمانی رووبـەرووی شارسـتانیەت بوونەتـەوە، بۆیـە لەلایـەن سـەیدەکانەوە بـە واژووی خـضر و ئیبراهیـم و عەبدولکەریـم تەلەگرافنامـە لـە مەرکـەزی سـلێمانی دەرچـووە و لـە کاتـی لێکۆڵینـەوە وەڵام لـە ویلایەتـی موسـڵ وەرگیراوە، لەسـەر سـکاڵای ئاغـای تابوری ناوهاتـوو تەلەگراف و دۆسـیەی لێکۆڵینەوە هاتـووە و لە ووردبینـی کردنـی دەستپێشـخەری کـراوە، لەم کاتـەدا و لەم ئەرکـەدا راگەیەندراوە هێشـتا لێکۆڵینـەوە و ووردبینی بۆ دەکرێـت، هەروەهـا لەسـەر بارودۆخـی تایەتـی سـلێمانی ئاغـای تابور بـۆ ناوچەیەکی تـر بگوازرێتـەوە، هەرچەندە لە مێژووی ٤ تەمموز ٣٠٦ و ٣ ئۆغستۆسـی هەمان سـاڵ بە لایەنی عالی سـیپاهیدار راگەیەندراوە و ئاماژەی پێکراوە، بـەڵام هێشـتا وەڵام وەرنەگیـراوە، نـووسراو لـە موشـیخەتی عالـی هاتووە لەگـەڵ تەلەگرافنامـەی ناوهاتـوو بەیەکەوە پێشـکەش کـراوە، ئـەم سـەیدانە لە کەسـانی بەرێـز و موسـڵمان و بەدینن، ئـەم کـردەوە خراپانەش کاریگـەری خراپی دەبێـت، ئەوانـەی بوێـری کاری ناشـەرعی دەکـەن پێویسـتە بترسـێنرێن و بە تێروانین لـەم حاڵەتە و ئامـاژەی ویلایەت کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت و چۆنیەتی کارەکـەش رابگەیەندرێت، بۆ هـاوکاری کردن یارمەتی سەرعەسـکەری دەوێت.




DH.MKT.01763.00041.001



DH.MKT.01763.00041.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 01763.00041 | 6 سەفەر 1308 |
|---|---|---|

- ٦ سەفەر ٣٠٨
٨ ئەیلوول ٣٠٦
بۆ نەزارەتی خەزینەی تایبەتی شاهانەی جەلیلە
لەسـەر بابەتـی عاجیزانـەم و بەراییەکانی عالـی دوای داواکردنـی زانیـاری، لـە ویلایەتی موسـڵ تەلەگرافنامـە هاتووە و بـۆ لایەنـی عالـی نێـردراوە، لـە چاودێـری کـردن و دوورخسـتنەوەی چەتەکانـی باسـکراودا یارمەتـی دەدەن، لـەم مێـژووەوە لـە هیـچ شـوێنێك دەرفەتیـان نەبـووە سـەر دەربهێنـن، هەروەهـا لـە ڕوودانـی ڕووداوی فەرمانبەرانـی ئەملاکـی پاشـایەتی سـلێمانی چەنـد جارێـك لـە موتەسـەرفەوە داوای پۆلیسـی پاراسـتن کـراوە و لـە لێکۆڵینـەوەکان دەرکەوتـووە و ڕاگەیەنـدراوە نەناردنـی ئـەم پۆلیسـانە بۆتـە هـۆکاری ئـەم ڕووداوە، دوای ئـەوەی لـە موتەسـەرفەوە فەرمانبەرانـی تفەنگچـی ئاغچەلـەر بـردراوە و چوونەتـە چەمچەمـاڵ، لـەم کاتـەدا گوندەکـە بـێ خـاوەن بـووە، لـەم حاڵەتـەدا مەفرەزەکانـی چاودێـری بـە پشـکنین سـەرقاڵن، بۆیـە کەسـێك بـە نـاوی فەتـاح کەریـم دەسـتگیر کـراوە، هەروەها مامەڵە و هەواڵگری فەرمانبەرانی ئەملاکی پاشـایەتی سـلێمانی بە ڕێکوپێکی نەبووە، ئەندامی قۆمیسـیۆنی ئەملاکـی پاشـایەتی موسـڵ کیغـورق ئەفەنـدی لێکۆڵینـەوە ئەنجـام دەدات و چاوەڕێـی ئەنجامەکـەی دەکرێـت.

- ٤٣
لـە نـاو ویلایەتـی، موسـڵ لـە ئەملاکـی پاشـایەتی جەنابـی پاشـا، چەتەکانـی هەمەوەنـد هێرشـیان کردۆتـە سـەر گونـدی ئاغچەلـەر و گوندەکەیـان سـوتاندووە و لـە دانیشـتوانەکەی چەنـد کەسـێك کـوژراوە، لـە سـەرۆکایەتی قۆمیسـیۆنی ئەملاکـی هومایۆنـی موسـڵ تەلەگرافنامـەی بـە شـیفرە هاتـووە و بـە تێروتەسـەلی ڕوونـی کردۆتـەوە، وێنەیەکـی بـۆ پایەبـەرز ڕۆیشـتووە و بـە تێروانیـن لـە بەراییـەکان ئامـادەکاری بەپەلـە و کاریگـەر جێبەجـێ بکرێـت، ئەمـەش لەسـەر هیممەتـی ملوکانـە وەسـتاوە، لـە سـەرەتایی موحـەررەم ٣٠٨ و لـە ٥ ئۆغسـتۆس ٣٠٦.




DH.MKT.01768.00046.001

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT. | 01768.00046 | 22 سەفەر 1308 |

٢٢ سەفەر ٣٠٨
٢٤ ئەیلوول ٣٠٦
بۆ نەزارەتی تەندروستی جەلیلە

لە سانجەقی سلێمانی قەزای پێنچوین و رواندز و سیدەکان مووچەی ئەو فەرمانبەرانەی کە لە پاراستنخانە لەگەڵ هێڵی پاراستن و گشت خاڵەکان کار دەکەن، لەگەڵ خەرجی ئەوانەی لە هێڵی پاراستن چاوەرێ دەکەن لە خەزینەی جەلیلە حەواڵەنامە نەهاتووە، بۆیە شێوەی رێکخستنی مووچە و خەرجی باسکراو لە ویلایەتی موسڵ پرسیار کراوە، ئەرکەکانی باسکراو لە کوێ بەکارهاتووە و لە چەند کەس پێك هاتوون و مووچەکانیان لە چی پێك هاتووە، هەروەها ئەو کەسانەی کە لە پاراستنخانەکە چاوەرێ دەکەن پرسیار لە بری خەرجیان کراوە، لە وەڵامدا تەلەگرافنامە لەم بارەیەوە هاتووە و سەرەتا مووچەی پاراستنخانەی سانجەقی شارەزوور هەڵوەشاوەتەوە، فەرمانبەران مووچەیان نادرێتێ، هەرجی پاراستنخانەی پێنچووینە، ئەوا لە مێژووی جیاوازدا بە شێوەیەکی کاتی ٥ گاردیان کە ئەرکیان هەیە ٨٤٠ و بۆ پاراستنخانە باسکراویش کە کرێی خانەی هەیە ٣٣ بە کۆکردنەوەی ٨٧٣ قوروش خەرجی دەکات، ئەمە لە نەزارەتی جەلیلەش راگەیەندراوە، کە لە راگەیەندراوی نەزارەت دەرکەوتووە، بە گوێرەی ئەم حاڵەتەدا هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.



DH.MKT.01796.00105.001


هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 01796.00105 | 19 جەمادی یەکەم 1308 |
| --- | --- | --- |

١٩ جەمادی یەکەم ١٣٠٨
١٩ کانوونی یەکەم ٣٠٦
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە

ساڵح سالم ئەفەندی دەرچووی مەکتەبی مولکیەی شاهانە ئەرکەکەی لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی سانجەقی سلێمانی جێگیر کراوە، بە جێبەجێ کردنی کارەکە لە قۆمیسیۆنی تۆماری باری کەسێتیش جێبەجێ دەکرێت، هەروەها لە بەڕێوەبەرایەتی ناوهاتوو مانگانە ١٢٣٣ قوروش مووچەی بۆ دەبڕێتەوە، ناوبراو لەگەڵ گەیشتنی بۆ شوێنی باسکراو و مێژووی دەست بەکار بوونی برە مووچەکەی بۆ دابین دەکرێت و تۆمار کراوە، لەگەڵ جێبەجێ کردنی کارەکان و ڕاگەیاندنی مێژووی ناوهاتوو بە گوێرەی بڕیارنامە ئەو مووچەیەی مانگانە وەریدەگرێت نیوەی بۆ سندوقی خانەنشینی دەروات و خەرجی ڕێگاشی ٢٢٣٢ قوروش دەکات، بە ووتەی نەزارەتی ژمێریاری لێرە ڕێکخراوە و نووسراوی بۆ کراوە و بۆ والا نێردراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکان.

نووسراو بۆ سەرۆکایەتی قۆمیسیۆنی تۆماری باری کەسێتی





BEO.000011.000788.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000011.000788 | 27 شەوال 1309 |
|---|---|---|


٢٧ شەوال ٣٠٩
١٢ مایس ٣٠٨
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
لە سانجەقی سلێمانی لە ساڵی ٩٥ تا کۆتایی ٣٠٦ لە پارەی سندوقی خانەنشینی ٣٤٩ هەزار و ١٥٦ قوروش کۆبۆتەوە، لە مێژووی ١٠ حوزەیران ٣٠٧ نووسراو بۆ ویلایەتی بەهیە کراوە کە بە پەلە و بە تەواوەتی ئەم برە پارەیە ڕێك بخرێت، بە تێروانین لە ئاماژەی نەزارەتی سندوقی خانەنشینی مولکیەی جەلیلە، تا ئێستا لەم برە پارەیەدا یەك ئاقچە نەنێردراوە، جگە لەمە تا کۆتایی ساڵی ٣٠٧ بە تۆمار پشت ڕاست کراوەتەوە، کە بری پارەی کۆکراوە بۆتە ٤١٥ هەزار و ٩١ قوروش، هەروەها ئەوانەی هۆکاری بەرپرسیارێتی توند و کێشە زۆرەکانی سندوقن، بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتە بەردەوام نەبێت، لە ویلایەتەوە ئامادەکاری کاریگەر بکرێت و کارەکە جێبەجێ بکرێت، پارە کۆکراوەکە هەروەها لە ٩٥ بۆ ٩٩ و ٣٠٤ تا ٣٠٧ ئەوەی نەهاتووە، لە نەزارەتی ناوهاتووەوە لە هەموو ئاماژەکاندا پۆستەی هەژمار بە تەواوەتی و دوای مۆڵەت ئەوەی پێویستە لە کاغەزی داهات بە ڕێکوپێکی بەپەلە بنێردرێت، جگە لەمە ئەنجامی ئاماژەکە ڕابگەیەندرێت. بۆ ئەمەش نووسراو بکرێت.




BEO.000029.002135.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>000029.002135</td><td>8 زیلحیجة 1309</td></tr>
<tr><td colspan="3">٨ زیلحیجە ٣٠٩<br>٢٠ حوزەیران ٣٠٨<br>بۆ شەهری ئەمانەتی جەلیلە<br>موختار مەلیك ئەفەندی ژمێریاری پێشووی سانجەقی سلێمانی داوای کردووە لە یەکێك لە فەرمانگەکانی ژمێریاری شارەوانی دەرسەعادەت یاخود لە شوێنێکی لەم شێوەیە دابمەزرێت، داواکاریەکەی ناوبراو لەگەڵ نووسراوی مێژووی ٨ شەعبان ٣٠٩ بۆ دەوڵەت بەرز کراوەتەوە، لەبەر دوورخستنەوە و پەرێشانی و خراپی بژێوی ئەرکێکی پێ بدرێت، ئەمجارە لەلایەن ناوبراوەوە تکای کردووە، بە تێروانین لە ئاماژەی پێشوو و دوورخستنەوەی ئەفەندی ناوهاتوو هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.</td></tr>
</table>





هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| I.DH. | 01251.098081 | 11 رەبیعی کۆتایی 1309 |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
... دیوانی هومایۆن
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم

بە نووسراوی تایبەتی پایەبەرز ئاگاداری دەرچووە، ئەمر و فەرمانی هومایۆنی جەنابی پاشا بە پشت بەستن بە حوکمی عالی، ئاماژە بۆ لایەنی والای سەر عەسکەریمان نێردراوە تاوەکو بۆ موتەسەرف و قوماندانیەتی سانجەقی سلێمانی کەسێك لە میرەکانی سەربازی هەڵبژێردرێت کە دڵسۆزی و لێهاتووی تاقی کرابێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە نێوان میرە سەربازەکانی لەشکری شەشەمی هومایۆن کەسێکی بە ئەزموون و تاقیکراوە بە هەمان ئەو مەرجانە دۆزراوەتەوە، ئەویش میری ئالای راسم بەگ لە ئالای ٤١ی نیزامیە ناوی هاتووە، بۆ هەڵبژاردنی بە موتەسەرف و قوماندانیەتی باسکراو ئەوا نووسراوی بەهیەی هاتوو لەگەڵ هاوپێچی سەرعەسکەر بەیەکەوە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی دامەزراندنی ناوبراو لە قوماندانیەتی و دەست بەکاربوون لە موتەسەرفیەتی ناوهاتوو مامەڵەی پێویست جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەمەش لە بارەی حەواڵەی سەرعەسکەری ناوهاتوو ئەمر و فەرمانی هومایۆنی جەنابی پایەبەرز هەر چییەك بێت، ئەو جێبەجێ دەکرێت، بەم راگەیەندراوە نووسراوی نووسراوە ژمارەی لەسەر تۆمار کرا ئەفەندم.
لە ١١ رەبیعی کۆتایی ٣٠٩ و لە ٢ تشرینی دووەم ٣٠٧
سەدری ئەعزەم




DH.MKT.01913.00056.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 01913.00056 | 18 جەمادی کۆتایی 1309 |
|---|---|---|

١٨ جەمادی کۆتایی ٣٠٩
٦ کانوونی دووەم ٣٠٧
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
میری ئالای راسم بەگ لە فرقەی ٤١ی لەشکری شەشەمی همایۆن لە موتەسەرفیەتی سانجەقی سلێمانی دامەزراوە، لە کاتی گەیشتنی بۆ شوێنی مەبەست و لە مێژووی دەست بە کار بوونی لە موتەسەرفیەتی لیوای ناوهاتوو مانگانە ٧٥٠٠ قوروش مووچەی بۆ دەبردرێتەوە، هەروەها لەگەڵ مێژووی دەست بە کار بوون و راگەیاندنی و پشت بەستن بە بریارنامە بە تێروانین لە دەرماڵەی سەربازی مووچەکەی بەرزکراوەتەوە ٥٥٠٠ قوروش مووچەی مانگانەی هەبووە، ئەم برە مووچەیە دەوەستێت و دەدرێتە خانەنشینی مولکیە، جگە لەمە لەم برە مووچەی کە بۆی دابین کراوە لە ٥٪ی بۆ سندوقی پارەی تووشبووانی مولکیە تەرخان دەکرێت، لە نەزارەتی ژمێریاری باس کراوە و ئاگاداری دراوەتە والا، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.

بۆ لایەنی والای سەر عەسکەر
ئاماژە دراوەتە ویلایەتی موسڵ کە میری ئالای راسم بەگ لە فرقەی ٤١ی لەشکری شەشەمی همایۆن لە موتەسەرفیەتی سانجەقی سلێمانی دامەزراوە، لە کاتی گەیشتنی بۆ شوێنی مەبەست و لە مێژووی دەست بە کار بوونی مانگانە ٧٥٠٠ قوروش مووچەی بۆ دابین دەکرێت، جگە لەمە ئەو مووچەیەی کە لەلایەنی سەربازی بۆی دابین کرابوو، ئاماژە دراوەتە سپاهی عالی لە نەزارەتی ژمێریاریش باسکراوە کە مووچەی سەربازی رابگیرێت، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارەش هاوکاری سەرعەسکەری دەوێت.





DH.MKT.01957.00052.001

هەواڵنامەی کتێب

| 9 زیلقەعدە 1309 | 01957.00052 | DH.MKT. |
|---|---|---|


٩ زیلقەعدە ٣٠٩
٢٣ مایس ٣٠٨
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
لە ناحیەی سەنگاونای سەر بە سانجەقی سلێمانی، عەبدولقادر ئاغا وەکو بەڕێوەبەر دامەزراوە، بە ئاماژەی لایەنی والا ئەرکەکەی پەسەند کراوە و لە قۆمیسیۆنی تایبەتیش لەسەر ئەو بڕیارەی کە دراوە بە گوێرەی نێزام بەرپرسیاریەتیەکەی لەوێ دەبێت، ناوبراو لە مێژووی دەست بەکار بوونی هەروەك لە والا ئاماژەی پێکراوە لە ساڵی ٣٠٧ کانوونی دووەمی ڕۆژی ٧ تا مێژووی نووسراوی سەدری ئەعزەم نیوە و دوای ئەویش بە تەواوەتی مانگانە ٤٣٢ قوروش مووچەی بۆ دەبردرێتەوە، هەروەها تۆمار کراوە، لەوێ جێبەجێ کردنی کارەکە و بە بڕیارنامە ئەو نیوە مووچەیەی کە مانگانە وەریدەگرێت، مانگ بە مانگ لە ٥٪ و ١٪ یشی دەست بەسەر دەکرێت و بۆ خانەنشینی و کە مووچەکەش بە تەواوەتی دابین دەکرێت ئەو کاتە لە ١٠٪ بۆ سندوقی قۆمیسیۆنی هاوکاری تووشبووانی مولکیە دەنێردرێت، کاغەزی وەرگێردراوی زانیاری کەسێتی لە قۆمیسیۆنی تۆماری کەسێتی خۆچێی ووردبینی بۆ کراوە و تۆمار کراوە، وێنەی پەسەند کراوی ڕاستەوخۆ بۆ سەرۆکایەتی قۆمیسیۆنی تایبەتی ڕۆیشتووە، لە ژمێریاریش قسەی لەسەر کراوە بۆ والا بنێردرێت و کارەکە جێبەجێ بکرێت.



DH.MKT.01960.00035.002

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>01960.00035</td><td>16 زیلقەعدە 1309</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٦ زیلقەعدە ٣٠٩<br>٣٠ مایس ٣٠٨<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>راسم بەگ میری ئاڵای لە ئاڵای ٤١ی لەشکری شەشەمی هومایۆن لە موتەسەرفیەتی سانجەقی سلێمانی دامەزراوە، مووچەکەی بە بەرزکردنەوە ٥٠٠٠ قوروشی هەیە، ئەمەش لە نەزارەتی سندوقی خانەنشینی دیاری کراوە، بەڵام ناوبراو لەگەڵ دامەزراندنی دوای پێنج رۆژ پلەکەی بۆ میری لیوا بەرز بۆتەوە، مووچەکەی لە مێژووی وەرگرتنەکەدا دەبردرێت، نووسراوی مێژووی ٩ نیسان ٣٠٨ ی بەهیە حەواڵەی ژمێریاری بووە، ناوبراو کە میری ئاڵای بووە بە مێژووی ٦ کانوونی دووەم ٣٠٧ ی نووسراوی عاجیزانە ئاماژەی پێکراوە لە موتەسەرفی ناوهاتوو دامەزراوە، لە موتەسەرفیەتی باسکراودا مانگانە لە ٧٥٠٠ قوروش کە بۆی دابینکراوە، لە رێژەی بەرزکردنەوەی دەرماڵەی میری ئاڵای دەکاتە ٥٥٠٠ قوروش لەو مووچەی کە وەریدەگرێت بە دەست بەسەر کردن بۆ سندوقی خانەنشینی مولکیە دەنێردرێت، بەم راگەیاندنە چۆنیەتی کارەکە بە نەزارەتی ناوهاتوو راگەیەندراوە و بە گوێرەی ئەوە هیمەت بکرێت لە ئەنجامدانی کارەکە.</td></tr>
</table>





ŞD.02582.00005.003

هەواڵنامەی کتێب

| ŞD. | 02582.00005 | 17 ڕەبیعی کۆتایی 1309 |
|---|---|---|


بابی عالی
ئەنجوومەنی تایبەتی
وێنەی بڕیارنامەی مێژووی ١٢ ڕەبیعی کۆتایی ٣٠٩ یە
کاتی خۆی کە لە ژمێریاری سانجەقی سلێمانی بووە، هەندێك پارەی میری ونبووە، لەم بارەیەوە تەحسین پاشا والی پێشوی موسڵ و موختار بەگ مەکتوب نووس تووشی تەنگانەیی بوونەتەوە، داواکە لە شورای دەوڵەت خوێندنەوەی بۆ کراوە و جێبەجێ کردنی بە فەرمانی پاشا دەبێت، داواکە پێویستی بە کاتە، لەلایەن مەلیك ئەفەندی بە میهرەبانیەوە داواکاری حەواڵەی شورای دەوڵەت کراوە، بۆ خۆی داوای مووچەی دوورخراوانی کردووە، بڕیارنامەکە لە فەرمانگەی ناوەخۆ دراوەتە قەڵەم و لە قەڵەم خوێندراوەتەوە.
بە گوێرەی ووتەکانەوە دەرکەوتووە لەبەر ئەو جولە و بارودۆخەی لە ژمێریاری سانجەقی سلێمانی ڕوویداوە، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە و دراوەتە دادگا، بۆیە مامەڵەکە جێبەجێ دەکرێت و بڕیار دراوە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و ئاماژە پێکردنەکەی دووبارە دەنێردرێتەوە شورای دەوڵەت.
مۆری .... دیوانی هومایۆن، کە لەگەڵ واژووە ڕەسەنەکە هاوشێوەیە



Y.PRK.UM.00027.00046.001

هەواڵنامەی کێبڕ

<table>
<tr><td>Y.PRK.UM.</td><td>00027.00046</td><td>28 زیلقەعدە 1310</td></tr>
<tr><td colspan="3">تەلەگرافنامە<br>بۆ باش کیتابەتی مابەینی همایۆنی جەلیلە<br>ساڵی ٣٠٩ لە سانجەقی سلێمانی هەژمار کراوە، بە فەرمانی جەنابی پاشا جێبەجێ کراوە، بە چاوپێخشاندنەوەی دووەم سەرباز بردراوە، لە بارەی ژمارەی دەرچوو فەرمانی ناونیشانی جەلیل لە یەك شەممەی رابردوو بۆ رۆژی دواتر بۆ سەفەر کردن چەك و ئامادەکاری لەلایەنی دانیشتوانی خۆچێیەوە ئامادە کراوە و بە رێزگرتن و خوێندنەوە و نزای شان و شەکەوتی شاهنشا، لە چاوپێخشاندنەکە دەست بەکاربوون، راگەیەندراوە فەرمان، لە ١ حوزەیران ٣٠٩.<br>عوسمان والی موسڵ</td></tr>
</table>




BEO.000134.009993.001

هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><th>BEO.</th><th>000134.009993</th><th>14 جەمادی کۆتایی 1310</th></tr>
<tr><td colspan="3">١٤ جەمادی کۆتایی ٣١٠<br>٢٣ کانوونی یەکەم ٣٠٨<br>بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە<br>لە خانەدانەکانی بابان، ئەحمەد پاشا و عەبدوڵلا پاشا و محەمەد پاشا لەگەڵ یەکێك لە نەوەکانیان بەناوی عەزمی بەگ، لەسەر رەفتار و جولەی نەشیاویان لە سلێمانی دوور بخرێنەوە و بە واژووی ئەمینی هەواڵگر لە مەرکەزی سلێمانی دەرچووە، تەلەگرافنامەکە هاوپێچ بۆ سەروو نێردراوە، دوای لێکۆڵینەوە راستی بابەتەکە یەکسەر ئاماژەی پێ بکرێت، هیممەت بکرێت و نووسراو بۆ سەروو بکرێت.<br><br>بە ئاماژەی جەنابی راوێژکار</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000148.011087 | 12 رەجەب 1310 |
|---|---|---|

شورای دەوڵەت
فەرمانگەی ناوەخۆ
ژمارە ٢٥٩٣
نووسراوی مێژووی کۆتایی جەمادی یەکەم ٣١٠ی نەزارەتی دارایی حەواڵەی شورای دەوڵەت بووە، لە فەرمانگەی ناوەخۆ خوێندنەوەی بۆ کرا

لە خانەدانی بابان، میری لیوا عەلی پاشا مردووە، ئەو مووچەیەی کە بۆی برابووەوە بێ خاوەن ماوەتەوە، هەروەها تۆمارەکەی رەش کراوەتەوە، لە ١٢٠٠ قوروش مووچەی مانگانەی، ٣٠٠ قوروش بە گوێرەی نیزام و چوارچێوەی بەشکردنی میرات بۆ حەبیبە نیری خێزانی و ١١٢ قوروش و نیوەش بۆ کچەکەی زەینەب خان براوەتەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی ناوبراوان سەلماندنی میراتگریەکەیان کردووە، بۆیە مووچەی ناوهاتووەکانیان لە مێژووی مردنی ناوبراوەوە کە دەکاتە ٣٠٦ مارتی ٢٤ مامەڵەی جێبەجێ کردنی دابین کردنەکە کراوە، ئەوەی لە مووچەکەش ماوەتەوە ٧٨٧ قوروش و نیو دەست بەسەر کراوە، تا میراتگرانی تری دوای سەلماندنی میراتگریەکەیان بۆیان دابین دەکرێت، لەم برە پارەیە ٢٢٥ قوروش بۆ برادەری مردووی ناوهاتوو میری میران جەنابی محەمەد رەشید پاشا والی پێشووی بەتلیس و برادەرەکەی تری ئەمین بەگ و مستەفا بەگ هەروەها ١١٢ قوروش و نیویش پەیوەستە بە خەدیجە خانی خوشکەکەی، ئەمانەش دوای ئەوەی سەلماندنی میراتگریەکەیان دەبێت، بۆیە ئەم مووچانە لەگەڵ مێژووی مردنی ناوبراوەوە و پشت بەستن بە چوارچێوەی بابەتەکە رەزامەندی دراوە کە بۆ ناوبراوان دابین بکرێت، هەروەها وێنەی ئاماژە پێکردنەکە لەگەڵ رێسا و جۆریەکەی یەکسانە، دوای رەزامەندی بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە نووسراو حەواڵەی نەزارەتی ناوهاتوو کراوە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٢ رەجەب ٣١٠ و لە ١٨ کانوونی دووەم ٣٠٨.

ئەندامان زیا بەگ، عیصمەت بەگ، حوسنی بەگ، فائق بەگ، تەحسین کوڕی عەلی، رزا، مستەفا ئەفەندی، شەریف عەبدوڵڵا پاشا لەگەڵ مۆری سەرۆکی فەرمانگەی ناوەخۆ، ئەندام نوری، محەمەد جەمیل، عەبدوڵڵا پاشا





DH.MKT.02010.00083.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02010.00083 | 24 رەبیعی یەکەم 1310 |
| --- | --- | --- |

٢٤ رەبیعی یەکەم ٣١٠
٣ تشرینی یەکەم ٣٠٨
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
لە ناو سانجەقی سلێمانی بەرێوەبەری ناحیەی غەوارە پەسەندکردنی ئەرکەکەی لە پایەی ویلایەتی بەهیەدا نووسراوی مێژووی ٣٠ تەممووز ٣٠٨ هاتووە و تێدا ئاماژەی پێکراوە، کە عەبدولرەحمان ئاغا لە تاقمە هەڵنەبژێردراوەکانە، لەگەڵ ئەمەش ماوەی ئەرکەکەی بۆتە چوار ساڵ، لە ئاماژە پێکردن دەرکەوتووە لەم ماوەیەدا کاری باشەکانی بینراوە، بۆیە بە گوێرەی ماددەی ٢٩ی نیزامیە، بەرپرسیاریەتیەکەی پەیوەستە بە ئەوێ و بۆ دەست بەکار بوونی بە بریارنامەی قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران جێگیر کراوە، هەروەها ناوبراو لە مێژووی دەست بە کار بوونی، واتە تا نووسراوی بەندەی مێژووی رومیەکەی نیوە و دوای ئەویش بە تەواوی بە تۆمار مانگانە ٥٧٦ قوروش مووچەی بۆ دەبردرێتەوە، جێبەجێ کردنی کارەکە لەگەڵ راگەیاندنی مێژووی ناوهاتوو و پشت بەستن بە کۆڵکەی بریارنامە مانگانە نیوەی مووچەکەی هەروەها هەموو مانگێك لە ٥٪ و جگە لەمە لە ١٪ بۆ خانەنشینی و مووچەی باسکراو لە دووەم مانگی کە بە تەواوەتی پێی دەدرێت لە ٥٪ ی بۆ قۆمیسیۆنی سندوقی هاوکاری مولکیە دەروات، جگە لەمە لە بەرێوەبەرایەتی ناوبراو ئەوانەی ناویان هەبووە و تۆمار کراوە، لە مێژووی دامەزراندنیەوە و تا ئێستا هەر کێ بەکار هاتبێت ناویان و مێژووی دەست بەکار بوون و مێژووی دەست لە کارکێشانەوەیان لە پارچەیەك پۆستەدا بۆ والا بنوسرێتەوە و بنێردرێت، لە ژمێریاری باس کراوە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.





DH.MKT.02034.00016.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02034.00016 | 4 جەمادی کۆتایی 1310 |
|---|---|---|


٤ جەمادی کۆتایی ٣١٠
١٢ کانوونی یەکەم ٣٠٨
بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
لە کۆندا گوندی شیوەگلی سەر بە قەزای شەهربازاری سانجەقی سلێمانی مەرکەزی حکوومەت بووە، لە کۆتاییدا بۆ گوندی سینك گوازراوەتەوە کە ٢ کاتژمێر و نیو لە سلێمانی دووره، ئەگەرچی دەستەی حکوومەت لەوێ جێگیر بووە، بەڵام لەگەڵ گرنگی شوێنی قەزای ناوهاتوو لە سنووری ئێرانیش نزیکە، بۆیە ئەگەر بێتو لە خاڵێکی ناوەند دابنرێت سوودی دەبێت و لە بەرژەوەندی حکوومەت دەبێت، هەرچی گوندی کناروی ناو قەزای باسکراوە ئەوا لە خاڵێکی گونجاو و ناوەراستە، بۆیە ئەو مەفرەزە سەربازیەی کە لە شیوەگلە بە مەرجی جێگیرکردنی لە مەرکەزی قەزا، گوندی کناروی باسکراو بکرێتە مەرکەزی حکوومەت و حاڵی حازریش مەرکەزی قەزا بۆ ئەوێ بگوازرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی موسڵ بریارنامە پێشکەش کراوە و ئەگەر بە گونجاو دابنرێت، کارەکە جێبەجێ بکرێت.




Y.PRK.MYD.00013.00095.001

هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><th>Y.PRK.MYD.</th><th>00013.00095</th><th>23 رەبیعی کۆتایی 1311</th></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە<br>لە ٢٢ تشرینی یەکەم ٣٠٩ نووسراوەتەوە<br>سەعید ئەفەندی بەرێوەبەری دارایی قەزای مەرگەی سەر بە سانجەقی سلێمانی بەبێ هیچ هۆکارێك دوورخراوەتەوە، ئەو بریارنامەیەی کە لە ئەنجوومەنی کارگێری لیوای ناوهاتوو رێکخراوە و پێشکەشی پەیوەندیدارانی ویلایەت کراوە، بە تێروانینی بەندە ئەوەی لە بەراییەکانی کۆپی دووەم تێگەیشتووم ئەگەر بێتو پەیوەندیدارانی ویلایەتی عالی لەوە تێبگەن کە غەدرم لێکراوە، ئەوا بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە راستییەکە دەردەکەوێت، ئەوا دەگەرێندرێمەوە سەر کارەکەم، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە رەبیعی کۆتایی ٣١١ و لە تشرینی یەکەم ٣٠٩.</td></tr>
</table>




Y.MTV.00087.00157.001

| Y.MTV. | 00087.00157 | 21 جەمادی یەکەم 1311 |
|---|---|---|

موشیرەتی تۆپخانەی عامیرە
تایبەتی
مەکتەبی روشدیەی سەربازی لە سانجەقی سلێمانی کە سەر بە لەشکری شەشەمی همایۆنە، فەرمانبەران و خزمەتکارانی ئەم مەکتەبە مووچە و دامەزراندنیان وەرنەگرتووە، بۆیە مەکتەبەکەیان بەجێ هێشتووە، هەروەها لە مەکتەب هیچ ئاگرکەوتنەوەیەك روویندداوە، لەبەر ئەوەی خاوەنی خانەکە کرێی وەرنەگرتووە، پێشنیاری کردووە خانەکە چۆڵ بکەن، بۆیە تکا دەکرێت فەرمانێك دەربچێت بۆ ئەوەی مەکتەبەکە دابخرێت و ئەفسەرەکانیش ژیانیان بپارێزرێت، لە وەکیلی بەرێوەبەری مەکتەبی شاهانە تەلەگرافنامە وەرگیراوە، جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە میهرەبانیەوە فەرموویەتی، هاوپێچ پێشکەشی عالی کراوە، هەروەها بۆ رێکخستنی مووچە و دامەزراندنی ئەفسەرانی مەکتەبەکە و فەرمانبەران و خزمەتکارەکانی سەردانی پایەی والای سەر عەسکەریمان کراوە، لەوێشەوە حەواڵەی لەشکری شەشەمی همایۆن کراوە، ئەگەرچی وەڵام هاتووە، بەڵام هێشتا لە خۆچێی پارە وەرنەگیراوە، لە راگەیەندراوەکان دەرکەوتووە تەنگانەییەکە گەیشتۆتە ئاستی کۆتایی، بۆ ئەوەی بارودۆخەکە هێور بکرێتەوە برێکی تەواو پارە بدرێتە بەرێوەبەرایەتی، بۆ ئەمەش فەرمانی پەیوەندیداری خەلافەتی دەوێت، بۆ دەست کەوتنی ئەمەش فەرمان و ئاگاداری دراوەتە پایەی والای سەر عەسکەریمان، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ٢١ جەمادی یەکەم ١٣١١ و لە ١٨ تشرینی دووەم ١٣٠٩
جەنابی نازری مەکتەبەکانی سەربازی شاهانەی تۆپخانەی نهێنی و گشتی

بۆ جێبەجێ کردنی لە ٣٠ جەمادی یەکەم ٣١١ ئاگاداری نێردراوە.

هەواڵنامەی کتێب




DH.MKT 00169.00041.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00169.00041 | 9 جەمادی یەکەم 1311 |
| --- | --- | --- |

٩ جەمادی یەکەم ٣١١
٦ تشرینی دووەم ٣٠٩
بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
لـە خانەدانـی بابـان، نـەوەی سـلێمان پاشـا، بـە ناوی حوسـێن بـەگ زادە سـەلیم بـەگ شایسـتەی میهرەبانی پاشـایە، بـەم ڕاگەیەنـدراوە پلەکـەی بـۆ پلـەی سـێیەم بەرزبۆتـەوە، لەلایـەن والـی پێشـووی بە تلیـس جەنابی محەمەد پاشا باسـکراوە و داوای جێبەجێ کردنی کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە بە یارمەتی پەیوەندیدارانی سـەدارەت دەبێـت.




DH.MKT.00204.00087.003

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00204.00087 | 22 زیلحیجه 1311 |
|---|---|---|

٢٢ زیلحیجه ٣١١
١٤ حوزەیران ٣١٠
بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە
گوندەکانی کاژاوە و چنارە لە ژێر دەسەڵاتی شێخ رەسوڵ ئەفەندی لە سەیدەکانی بەرزنجی دابووە، دوای مردنی دەوڵەت خستویەتیە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بۆ ئەوەی برێك مووچە بۆ نەوەکەی شێخ عەبدولقادر ئەفەندی ببڕێتەوە، لە مێژووی ٦ کانوونی دووەم ٣٠٩ ژمارە ١٧٥ نووسراوی عالی و دوای گفتوگۆ لە وەڵامدا نووسراوی سەدری ئەعزەم لە ١ حوزەیرانی هەمان ساڵ ژمارە ٦٥٤ هاتووە، پێشەکی لە خۆچێی بڕیارنامە هاتووە و ئاماژەی پێکراوە بۆیە فەرمانی عالی دەرچووە، لەبەر ئەوەی رەسوڵ ئەفەندی کۆچی دوایی کردووە ئەم دوو گوندەی بێ خاوەن ماوەتەوە، بە گوێرەی نیزام لەلایەنی میری جێگیر کراوە و شوێنگرەوەی لە دەفتەری حەواڵە تۆمار کراوە، ئەم جۆرە گوندانە کە بە فەرمانی والی دراوەتە ئەم کەسانە، لە کاتی بێ خاوەن بوونیان بە فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت دەخرێتە ژێر دەسەڵاتی میریەوە، لە بارەی بێ خاوەنەکان تا ئێستا لەم رێگایەوە مامەڵەکان ئەنجام دەدرێت، ئەمەش بە تۆمار روون بۆتەوە، مووچەی دەستکورتانی بێ خاوەن کە لەلایەن جەنابی ملوکانە بە ئەمر و فەرمانی همایۆن دەدۆزرێتەوە بەش ناکات، هەروەها دابینکردنی بەبێ شوێنگرەوە قەدەغەیە، بە ئاماژەپێکردنی لە نەزارەتی دارایی جەلیلە کراوەتە نووسراو.




DH.MKT.00211.00016.002

هەواڵنامەی کتێب

| 8 شەوال 1311 | 00211.00016 | DH.MKT. |
|---|---|---|

٨ شەوال ٣١١
٢ نیسان ٣١٠
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
لە فرقەکانی هۆزی جاف بە ناوی روغزادی و ترخانی لە نێوانیان و بەم دواییەش لە نێوان فرقەی روغزادی و داودەکان رووبەرووبوونەوە روویداوە، بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە عەبدولرەحمان بەگ ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێری سانجەقی سلێمانی ئەرکی پێدراوە بچێتە ناو هۆزەکانی ناوهاتوو و کارەکەی تەواو کردووە و گەراوەتەوە، وەکو خەرجی رۆژانە و کرێی بارگیرەکانی ٣٨٩٠ قوروش پارەی پێدراوە، پشت بەستن بە داخستنی رێکخستنی ساڵی ٣٠٨، لە موازەنەی ئەم ساڵە بە کراوەیی دەمێنێتەوە و دەخرێتە سەر رێکخستنی باسکراو و زیاد دەکرێت، چۆنیەتی کارەکەش بە سەروو راگەیەندراوە، لە مێژووی ١٩ شوبات ٣٠٩ وەڵام هاتۆتەوە، لە عالی فەرمان و نووسراوی پێکراوە، ئەو برە پارەیەی کە باسکراوە لە داهاتی ویلایەتی موسڵ رێکخراوە، لە داهاتی ناوەخۆی ساڵی ٣٠٨ هەژمار کراوە، بۆیە پارچەیەك حەواڵەنامە رێکخراوە و بە حەواڵە نێردراوە، لە نەزارەتی ژمێریاری باسکراوە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.



DH.MKT.00245.00035.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00245.00035 | 18 زیلقەعدە 1311 |
|---|---|---|
| نەزارەتی داد و مەزهەبەکان<br>بەڕێوەبەرایەتی تۆماری فەرمانبەران<br>ژمارە ٤٧<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لەسەر مەسەلەی تاڵان، کوخە محەمەد لەگەڵ ساڵح جێگای گومان بوونە، بۆیە لەلایەن دادی لێکۆڵینەوەی دادگای سەرەتایی سانجەقی سلێمانی دەست بەسەر کراوە، لەبەر ئەوەی پێچەوانەی یاسا و ڕێسا بووە، لەلایەن موتەسەرفی لیوای ناوهاتوو فەرمان دەرچووە، بەمەش هۆکاری داوەتە دەست تا ئازاد بکرێن، لە ئەنجامدا بۆتە هۆکاری ئەوەی رابکەن، بە پێویست زانراوە وەکیلی ئاغای تابور عەلی ئەفەندی دەستگیربکرێت، بە گوێرەی کۆڵکەی یاسا لە ئەنجوومەنی کارگێری موسڵ دادگاییکردنەکەی بەڕێوەدەچێت، نووسراوی پشکنینی دادی بەغداد کە لە مێژووی ٧ شوبات ٣٠٩ لەگەڵ کاغەزی هاوپێچ بەیەکەوە بۆ سەروو نێردراوە، هەروەها بە تێروانین بە ئاماژە پێکردنەکەی دەرکەوتووە؛ موتەسەرفی لیوایەکە دەستی لە کاروباری داد وەرداوە کە کاری ئەو نییە، لەم بارەیەوە دەبێ ئاگادارکردنەوەی پێویستی پێ بدرێت و لەگەڵ ئەمەش عەلی ئەفەندی دادگاییکردنەکەی بگوازرێتەوە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە هیممەتی عالی پەیوەندیداری نەزارەتی دەوێت، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمانی لە دەستە، لە ١٨ زیلقەعدە ٣١١ و لە ١٢ مایس ٣١٠.<br>نازری داد | | |





Y_A__HUS_00290.00077.001

هەواڵنامەی کتێب

| Y.A.HUS. | 00290.00077 | 11 شەعبان 1311 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
... دیوانی همایۆن
٢٨٤٢

لە هەندێك گوندی سەر بە سانجەقی سلێمانی ئەوانەی خەریکی دروست کردنی تفەنگی مارتینین ژمارەیان زیادی کردووە، لەمانە زۆربەشیان دەستگیرکراون، هەرچەندە لە لایەنی دادیش هەواڵی پێویست لەسەریان کۆبۆتەوە، بەڵام بۆ سزادانیان بەڵگەی تەواو بەردەست نییە، بۆیە بە ماوەی ٥ تا ٦ مانگ دەستبەسەر دەکرێن و بە کەفالەت ئازاد دەکرێن، جگە لەمە ئەو گوندانەی دەکەونە دەوروبەری سنووری ئێران بەم جۆرە کارانە سەرقاڵن، بە ناردنی سەرباز بۆ ناوچەکە، ئەمانە دەستگیر بکرێن و دوور بخرێنەوە، هەروەها لە ناو سنووری ئێران ئەوانەی چەکی قەدەغەکراو دروست دەکەن، بۆ رێگەگرتن بە ئاماژەی موتەسەرفیەتی لیوای ناوهاتوو لە ویلایەتی موسڵ راگەیەندراوە، نووسراوی ناوەخۆی جەلیلە لە ئەنجوومەنی تایبەتی وەکیلەکان خوێندنەوەی بۆ کراوە، ئەگەرچی چەکی میری لەگەڵ ئەو چەکە لاساییکەرەوانەی کە دروست کراوە و لە ژێر دەستی دانیشتوانن، بەڵام بە درێژایی سنوور دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە چەکیان لە دەستە، بۆ وەرگرتنەوەی ئەم چەکانە، بە فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەتەوە دەبێت، لەبەر ئەوەی سانجەقی سلێمانی لەگەڵ سنووری ئێران سنوورداره، بۆ خۆپاراستن لە سەرپێچی هۆزەکان و هێرشەکانیان دانیشتوانی خۆچێی ناچارن چەك هەڵگرن، لە بەرامبەر ئەم ناچاریە ئەوانەی خەریکی دروست کردنی ئەم چەکانەن، بە یاسا مامەڵە نەکراوە، ئەمانە بە ٥ تا ٦ مانگ دەستبەسەر دەکرێن و ئەم جۆرە مامەڵەیەش گونجاو و رێگەپێدراو نییە، ئەوانەی خەریکی دروست کردنی ئەم چەکانەن بە دەستگیرکردنیان و دواتر بۆ دادگایی کردنیان رادەستی دادگا دەکرێن، بۆ ئەمەش ئاماژە دراوەتە نەزارەتی ناوهاتوو تا لایەنی ویلایەت ئاگادار بکاتەوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە خوازیارین بە همایۆنی شاهانە رابگەیەندرێت ئەفەندم.
لە ١١ شەعبان ٣١١ و لە ٥ شوبات ٣٠٩
سەدری ئەعزەم و یاوەری




BEO.000350.026231.002

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000350.026231 | 14 رەجەب 1311 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
ژمارە ٣٠٧١
بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
راگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە
لە سلێمانی مەلا رەشید ئەفەندی لە خانەدانەکانی بابانە، خەریکی بڵاوکردنەوەی زانستە، لەبەر ئەوەی بژێوی ژیانی کەوتۆتە تەنگانەوە، مووچەیەکی گونجاوی بۆ ببڕێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە بریارنامە لە ئەنجوومەنی کارگێری سانجەقی سلێمانی وەرگیراوە، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەفەندی ناوبراو شایەنی بەزەیی و میهرەبانییە، نووسراوی ویلایەتی موسڵ لە مێژووی ١٦ ئەیلول ٣٠٩ ژمارە ٩٩ نێردراوە، ئەم نووسراوە لەگەڵ بریارنامەی باسکراو بەیەکەوە پێشکەش کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە یارمەتی جەنابی پەیوەندیدارانی سەدارەتی پێویستە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٤ رەجەب ٣١١ و لە ١٠ کانوونی دووەم ٣٠٩.
نازری کاروباری ناوەخۆ




BEO.000364.027300.003

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000364.027300 | 17 ڕەبیعی یەکەم 1311 |
|---|---|---|


ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ۹۹
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
عەبدولفەتاح بەگزادە مەلا ڕەشید ئەفەندی لە خانەدانەکانی بابانی سلێمانییە، خەریکی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاریە، بە فەرمانی کارگێری شایەنی ئەوەیە بەزەیی و میهرەبانی پاشا بیگرێتەوە، بۆ باش کردنی بژێوی بڕێك مووچەی بۆ دابین بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە ئەنجوومەنی کارگێری سانجەقی لیوای ناوهاتوو نوسراو هاتووە لەگەڵ بڕیارنامەی ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت پەسەند کراوە، لەسەر فەرمانی پەیوەندیدارانی نەزارەت هاوپێچ پێشکەش کراوە، هەروەها دەرکەوتووە ئەفەندی ناوهاتوو لە زانا و خانەدانەکانە و شایەنی میهرەبانی جەنابی سێبەری خودایە، کارەکەی جێبەجێ بکرێت، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ۱۷ ڕەبیعی یەکەم ۳۱۱ و لە ۱٦ ئەیلوول ۳۰۹.
مۆری نوری عوسمان کوڕی محەمەد والی موسڵ




BEO.000382.028647.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>000382.028647</td><td>4 شەوال 1311</td></tr>
<tr><td colspan="3">٤ شەوال ٣١١<br>بۆ نەزارەتی دەفتەرخاقانی جەلیلە<br>نــووسراوی نــووسراوە وێنەکــەی لــە باڵادایــە، بــە پشــت بەســتن بــە فەرمانــی پاشــای جەنابــی پەیوەندیــداری خەلافــەت ڕاگەیەنــدراوە و هاتــووە، لــە نەزارەتــی جەلیلــە داواکــراوە هیممــەت بکرێــت لــە جێبەجــێ کردنــی.<br><br>لە ناو سـانجەقی سـلێمانی زەوی و زاری گوندی گەرەدە کە شـوێنگرەوەی دیاریکراوە دراوەتە شـێخ مەعروف ئەفەندیمان.</td></tr>
</table>




BEO.000393.029415.001

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 000393.029415 | 20 شەوال 1311 |

٢٠ شەوال ٣١١
نەزارەتی بازرگانی و نافیعەی جەلیلە
بە تێروانین لە خاڵی سەربازی و هاوسنووربوونی سانجەقی سلێمانی گرنگی خۆی هەیە، بەهۆی نەبوونی ڕێگا و دەروازە لە حاڵەتێکە هاتووچۆ لە وەرزی زستاندا گونجاو نییە، چونکە مەرکەزی فرقە دەکەوێتە نێوان سلێمانی و کەرکووك بەمەش جولە دەبێت، بۆیە پێویستە ڕێگایەك دروست بکرێت، تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ نێردراوە لەگەڵ ئەو ئاماژەیەی کە پێشووتر نێردراوە، وەڵامەکەی لەلایەنی سەر عەسکەرەوە نێردراوە، لەگەڵ هاوپێچەکانی نووسراوی مێژووی ١٧ شەوال ٣١١ ژمارە ١١٣ بۆ والا نێردراوە، لەم نووسراوەدا هاتووە؛ لەبەر ئەوەی شوێنی سلێمانی لە خاڵە گرنگەکانی سەربازیە لەگەڵ کەرکووك کە مەرکەزی فرقەی ڕەدیفی نیزامیەیە، ئاسانکاری بکرێت لە بەستنەوەیان و چاککردنی ڕێگاکانیان، هەر خۆی ڕێگاکە هەیە، بەڵام پێویستی بە ڕێکخستن و چاککردنەوەیە، جگە لەمە لە لای چەپ و ڕاستی شتێك نییە ببێتە هاوکاریان، لەشکر و هاتووچۆی کەلوپەلی دانیشتوان و کڕین و فرۆشتنی بازرگان لەم ڕێگایەوە دەبێت، هەرچی زووە پەلە بکرێت لە دروست کردنی ڕێگای باسکراو، بە ئاماژەی موشیرەتی جەلیلەی لەشکری شەشەمی هومایۆن دوای ووردبینی بەپەلە کارەکە جێبەجێ بکرێت و ڕابگەیەندرێت، بۆ ئەمەش نووسراو کراوە.



٦٩٩

İ.DH.1308/1311.Ra/24

İ.DH.01308

| I.DH. | 01308.000003 | 17 ڕەبیعی یەکەم 1311 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
... دیوانی هومایۆن
٦٩٩
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
هـۆزی پشـدەر کـە لـە نـاو سـانجەقی سـلێمانی سـەر بـە ویلایەتی موسـڵ و لەسـەر سـنووری ئێـران بوونیـان هەیە، ئەمجـارە بـە مەرجی قەبـوڵ کردنی مەرجەکانی حکوومـەت تکاکردنیان قەبـوڵ دەکرێت، لەم بارەیـەوە تەلەگرافنامە لـە ویلایەتـی ناوهاتـووەوە نێـردراوە، نـووسراوی ئەنجوومەنـی تایبـەت بـە وەکیلـەکان دراوەتـە قەڵـەم، لەگـەڵ هاوپێچەکانـەوە بەیەکـەوە ڕاگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، ئەمـر و فەرمانـی هومایۆنـی جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت چـی بێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە ڕاگەیاندنـی نـووسراوی ژمارەی لەسـەر تۆمـار کـرا ئەفەندم.
لە ١٧ ڕەبیعی یەکەم ٣١١ و لە ١٥ ئەیلوول ٣٠٩
سەدری ئەعزەم و یاوەری




Y.PRK.BŞK.00037.00092.001

هەواڵنامەی کیژ

| Y.PRK.BSK. | 00037.00092 | 24 ڕەبیعی یەکەم 1312 |
|---|---|---|

٢٤ ڕەبیعی یەکەم ٣١٢
١٢ ئەیلوول ٣١٠
ڕەشنووسی نووسراو بۆ موشیخەت
ئـەو گوندانـەی کـە بـۆ تەکیـەی کاك ئەحمـەد ئەفەنـدی باپیـری خوالێخۆشـبووم تەرخـان کـراون، دوای خـۆی هـەر یەکێـك لـە منداڵـە نێرەکانـی ببێتـە شـێخ بدرێتـە ئـەو، بۆیە پۆسـت نشـینی تەکیەی شـەریفە جەنابی شـێخ سـەعید ئەفەنـدی فەرمانـی عالـی لـە دەسـتە و بـە مەبەسـتی ڕاسـت کردنـەوەی بـۆ لایەنـی عالـی ملوکانـە نێـردراوە، هەروەهـا ئـەوەی لـە کۆڵکـەی جەلیلـەی فەرمانـی عالـی ناوهاتـوو هاتـووە، لـە خوێندنـەوەی گشـت وێنەکانـی خاقانـی، بـە گوێـرەی تێگەیشـتنەکە لـە سـانجەقی سـلێمانی قەزایەکانی سـەرچنار و سـورچیك لـەم گوندانـە داهاتی ئـەو پێنـج گونـدەی کـە ناوەکانیـان دیاریکـراوە لەگـەڵ گشـت داهـات بـە تەواوەتـی پەیوەسـتە بـە خەزینـەی جەلیلـە، تەنیـا دە یەکـی فێـرکاری زانسـتی و نـزای تەمـەن و ڕەزامەنـدی پاشا بەردەوامـە، ئـەو پێنـج گونـدەی کـە باسـکراوە حەواڵـەی شـێخی ناوهاتـوو دەبێـت و لـە داهاتـوودا هـەر کێ ببێتە شـێخی تەکیـەی ناوهاتـوودا دەدرێتە ئـەو، بـە وەقـف کردنـی بـەم تێڕوانینـە داواکاریەکـە بـەرز دەکرێتـەوە، ئەگـەر بـە گوێـرەی ڕێسـاوە گونجـاو نەبێـت، ئـەوا بـە گوێـرەی پێویسـت مامەڵەکـە جێبەجـێ دەکرێـت، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی پەیوندیـداری خەلافەتـە.
محەمەد جەواد/ بەکر بەگ




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00313.00065 | 3 جەمادی کۆتایی 1312 |
| --- | --- | --- |

٢٠ تشرینی دووەم ٣١٠
بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە
سـاڵح سـالم ئەفەنـدی بەڕێوەبـەری تۆمارکردنـی سـانجەقی سـلێمانی لـە ویلایەتـی قۆنیـا لـە قـەزای ئاقسـەرای وەکـو قائیمقـام دادەمەزرێـت، لـە شـوێن ئەویـش بـە نـووسراو ئـاگادار کردنـەوە دەرچـووە و بـە پشـت بەسـتن بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت لەگـەڵ بڕیـاری قۆمیسـیۆنی تایبەتـی حەسـەن نـەورەس ئەفەنـدی دادەمەزرێـت، کـە لـە سـەرۆکایەتی شـارەوانی لیـوای ناوهاتـوو جیابۆتـەوە، هەروەهـا لـە مێـژووی دەسـت بەکاربوونـی لـە ئەرکەکـەی مانگانـە ١٢٣٣ قـوروش مووچـەی بـۆ دابیـن دەکرێـت، جگـە لەمـە ڕاگەیاندنـی مێـژووی دەسـت بەکاربوونـی و دەسـت لە کارکێشـانەوەی هاوکارەکەی هەروەهـا لە بارەی دەستبەسـەرکراوەکانیش ئـەوا بـە گوێـرەی نیـزام جێبەجـێ دەکرێـت و نـووسراو حەواڵـەی پایەبەرزیـش کـراوە، لـە ژمێریاریـش گفتوگـۆی لەسـەر کـراوە، دوای ئەنجامدانـی کارەکـە و فەرمانـی سـوێندخواردنەکەی دەسـت بـە کارەکـەی دەکات.

بۆ لایەنی واڵای سەرۆکایەتی قۆمیسیۆنی گشتی ناسنامەی کەسێتی
لـە ناو ویلایەتی موسڵ سـاڵح سـالم ئەفەنـدی بەڕێوەبەری تۆمارکردنی سـانجەقی سـلێمانی لە قائیمقامیەتـی قەزای ئاقسـەرای سـەر بە ویلایەتی قۆنیا دادەمەزرێت و لە شـوێن ئەویش بە نووسراوی سەدری ئەعزەم ئاگاداری دەرچووە بـە پشـت بەسـتن بـە فەرمانی پاشـای جەنابی پاشـا لەگـەڵ بڕیاری قۆمیسـیۆنی تایبەتی حەسـەن نـەورەس ئەفەندی دادەمەزرێـت کـە لـە سـەرۆکایەتی شـارەوانی لیـوای ناوهاتـوو جیابۆتـەوە، لـەم بارەیـەوە زانیـاری دراوەتـە ویلایەتی موسڵ، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکەش نووسراو دراوەتە لایەنی واڵای سەرۆکایەتی قۆمیسیۆنی گشتی تۆماری کەسێتی.




BEO.000459.034397.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000459.034397 | 16 سەفەر 1312 |
| --- | --- | --- |


١٦ سەفەر ٣١٢
بۆ نەزارەتی داد و ویلایەتی موسڵی جەلیلە
لەلایەن حکوومەتی کەرکووکەوە، ئاغای تابور ئەرکی پێ دراوە، هێزی نێردراوەتە سەر و ٣٠٠٠ قوروش پارە و کەلوپەلی تالانکراوە، هەر خۆشی بە کوشتنی برادەرزادەکەی تاوانبار کراوە، لەبەر ئەم کێشە تا ئەمرۆ لە ترسان لە سنووری ئێران دەسورێتەوە و خۆی خستۆتە ژێر پارێزگاری حکوومەتی ئێران، لەبەر ئەوەی غەدری لێکراوە، ڕێگە بدرێت وەکو جاران لە شوێنی خۆی نیشتەجێ ببێتەوە، یاخود لە موتەسەرفیەتی کەرکووك ئەمنیەتی پارێزراو نییە و لەگەڵ داواکراوان دادگاییەکەی جێبەجێ دەکرێت، چۆنیەتی کارەکەش حەواڵەی دادگای سانجەقی سلێمانی بووە، بە واژووی بەکر سدقی تەلەگرافنامە لە مەرکەزی سلێمانی بۆ پایەی عالی دەرچووە، داوای کردووە ناوبراو غەدری لێکراوە و شوێنەکەی بەجێ هێشتووە، هەرچی زووە چاو بە کارەکەی بخشێنرێتەوە و بە فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت کارەکە جێبەجێ بکرێت، هەروەها نووسراوی تایبەتی باش کیتابەتی جەلیلەی مابەینی هومایۆنی جەلیلە ئاگاداری دەرچووە و ئاماژە دراوەتە ویلایەتی موسڵی جەلیلەش، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.




BEO 000467 035021.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>BEO.</td><td>000467.035021</td><td>29 سەفەر 1312</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٩ سەفەر ٣١٢<br>بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە<br>لـە نـوسراوەکان ئامـاژەی پێکـراوە بـۆ تەکیـەی شـێخ عەلـی ئەفەنـدی کـە لـە نـاو سـانجەقی سـلێمانی لـە ناوچەیەکـە بـە نـاوی تەوێڵـە، ئـەم تەکیەیـە لەسـەر تەریقەتـی نەقشـبەندی و بـەردەوام خـواردن دەداتـە هـەژارەکان، بـۆ ئـەوەی برێـك مووچـەی بـۆ تەکیـەی ناوهاتـوو بریێتـەوە بـە گفتوگۆکـردن لەگـەڵ نەزارەتـی دارایـی لـە مووچـەی دەسـتکورتان مووچەیەکـی بـێ خاوەنـی بـۆ بدۆزرێتـەوە و بـۆ ناوبـراو دابیـن بکرێـت، بـۆ جێبەجـێ کردنـی کارەکـە وەڵام بـۆ نەزارەتـی ناوهاتـوو نووسراوەتـەوە، بـە راگەیاندنـی نـووسراو بکرێـت.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000481.036011 | 22 رەبیعی یەکەم 1312 |
| --- | --- | --- |


٢٢ رەبیعی یەکەم ٣١٢
بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە
لەبەر ئەوەی یارمەتی دارایی ویلایەتی موسڵی وەرنەگرتووە، بۆ ئامادەکاری سەربازی مەرکەز و پاشکۆکانی بە پێی پێویست ئاقچەیان پێ نادرێت، لە نێوان میر و ئەفسەری سەربازی لەگەڵ فەرمانبەرانی دارایی ناکۆکی دەرکەوتووە، هەروەها ئەم حاڵەتەش بەردەوامە، سانجەقی سلێمانی لە حەواڵەی سەربازی قەرزی هەیە، بۆ رێکخستنی کاروباری هەژماری لیوای ناوهاتوو و حەواڵەکردنی برە پارە لەلایەنی خەزینەوە بۆ ناردنی فەرمانبەر نووسراوی ژمارە ٢٢ شەوال ٣١١ ژمارە ٥ی دەوڵەت هاتووە و بە ووردبینی کردنی ئاماژە بە جێبەجێ کردنی کراوە و حەواڵەی نەزارەتی دارایی جەلیلە کراوە، ئەمجارە لە وەڵامدا نووسراو لە نەزارەتی ناوهاتوو هاتووە، لەسەر پارەی ویلایەت رێك دەخرێت، ئەو حەواڵەیەی کە لە خەزینە نێردراوە، لە رێژەی یارمەتی دارایی خۆچێی رێکخراوە، ئەمانە لە دابەشکردنی ویلایەتی جەلیلە بە گوێرەی پارەوپولی پاشکۆکان دەبێت، هەروەها لە کاروباری هەژماری سانجەقی باسکراودا راگەیەندراوە، بۆ هەڵگرتن و نەهێشتنی پەرشوبڵاوی پەیوەستە بە دەفتەرداریەوە، بە پەلە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێت، هەروەها لە ویلایەتی باسکراو مامەڵەی دارایی و هەژماری باسکراو رێك بخرێت و بنێردرێتە خەزینە، ئەو ئاگاداریەی بۆ دەفتەرداری ویلایەت دەنێردرێت بە گوێرەی ئەو وەڵامەی وەردەگیرێت جێبەجێ بکرێت، بۆ چۆنیەتی راگەیاندنی نووسراو نووسرایەوە و پەلە کراوە لە وەڵامدانەوەی ئەفەندم.



BEO.000523.039214.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>000523.039214</td><td>27 جەمادی یەکەم 1312</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٧ جەمادی یەکەم ٣١٢<br>بۆ نەزارەتی دەفتەرخاقانی جەلیلە<br>لـە قـەزای گولعەنبـەری سـەر بـە سـانجەقی سـلێمانی لـە گونـدی مەسـعود، بەمەبەسـتی نۆژەنکردنـەوە بـە نـووسراوی دیوانـی عالـی دراوەتـە شـێخ محەمـەد ئەفەنـدی، هەروەهـا لەگـەڵ مردنـی ناوبـراو و ئـەو بریارانـەی کـە لەسـەری هەیـە جێگیـر بـووە، بۆیـە لەلایـەن شـێخ محەمـەد زادە عەلـی و هاوەڵانـی داواکـراوە، ٦٠٠ دۆنـم زەوی بـە ئـاو و ٧٠٠ دۆنـم زەوی بـە بـاران بـە کۆکراوەیـی دەکاتـە ١٦٠٠ دۆنـم زەوی بـە وێنـەی بریـاری حـەق وەرگرتنـی گونجـاو نییـە، بـەڵام پێشـەکی بـە چ تۆمـار و مەرجێـك حەواڵـە کراوە، دیسـان بـەم وێنەیەوە بدرێتە شـێخ عەلـي کـوڕی کۆچکـردوو، پێویسـتە لەلایـەن شـێخی ناوبـراوەوە کشـتوکاڵی لەسـەر بکرێـت، نـووسراوی دەوڵـەت حەواڵـەی شـورای دەوڵـەت کـراوە، لـە فەرمانگـەی ناوەخـۆ باسـکراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.</td></tr>
</table>




BEO.000541.040532.003

| BEO. | 000541.040532 | 22 شەعبان 1312 |
|---|---|---|

نەزارەتی کاروباری دارایی
ژمێریاری گشتی
ژمارە ١٧٠٠
ڕاگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە
سەبارەت بە ووردبینی دادگا کە لەسەر ئەم بابەتە ئەنجام دراوە، هەروەها ئەو بڕیارنامانەی لە فەرمانگەی ناوخۆی شورای دەوڵەت دەرچووە دەرکەوتووە، ئەو ماوەیەی کە مەلیك موخلیس ئەفەندی ژمێریاری پێشووی سانجەقی سلێمانی لە ژمێریاری ناوهاتوو بووە، ئەو بابەتانەی لە دژی ئەو بەرزکراوەتەوە پاکانەی وەرگرتووە، هەروەها خۆشی ماوەی دوورخستنەوەی و لە بابەتی دوورخستنەوەی پێداچوونەوەی کردووە و تکای کردووە، بۆیە بە گوێرەی حاڵ و لێهاتوویی ئەرکێکی گونجاوی پێ بدرێت، بۆ ئەمەش فەرمان و ئاماژەی بۆ دەرچووە و لەبەر ئەوەی ماوەی دوورخستنەوەی درێژەی کێشاوە و ڕاگەیەندراوە کە ناوبراو غەدری لێکراوە و هێشتاش غەدری لێ دەکرێت، لە ڕاستیدا شایەنی بەزەیی هاتنەوەیە، بۆیە لە ئەرکێکی گونجاو دابمەزرێت و نووسراوی سەدری ئەعزەمی مێژووی ١٥ کانوونی دووەم ١٣١٠ ژمارە ٢٨١٢ دووپاتیکردۆتەوە، بۆیە نووسراو و داواکاری دەرچووە، بەڵام حاڵی حازر لە مەرکەز ئەرکێك نییە و بە خۆشی ڕازی نەبووە لە هەرێمەکە ئەرکی پێ بدرێت، بۆیە لە شوێنێکی گونجاو ئەرکێکی بە تاڵ هەبوو ئەوا کارەکە جێبەجێ دەکرێت، ڕاگەیاندن و ووتەی ژمێریاری گشتی دارایی و داواکاری ناوهاتوو هاوپێچ پێشکەش بکرێت و بنێردرێتەوە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٢ شەعبان ١٣١٢ و لە ٥ شوبات ٣١٠.
نازری دارایی

کتێب هەواڵنامەی




هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000549.041148 | 15 رەجەب 1312 |
|---|---|---|

١٥ رەجەب ٣١٢
٣١ کانوونی یەکەم ٣١٠
بۆ وەکالەتی سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی جەلیلە

لە بارەی خوێندنەوەی چاکسازی سانجەقی سلێمانی لیستی تێروتەسەلی ویلایەتی موسڵی جەلیلە نێردراوە و دوای ووردبینی بە بریارنامە راگەیەندراوە، لە مێژووی ٥ زیلقەعدە ٣١١ بۆ لایەنی دەوڵەت رۆیشتووە، قەزایەکانی مەرگە و شەهربازاری سەر بە سانجەقی ناوهاتوو بۆ هەر یەکە تابورێکی سەربازی شاهانە جێگیر بکرێت و جێبەجێ کراوە، بەڵام لە کاتی جێبەجێ کردنی چاکسازی باسکراودا پێویست بە سەربازی شاهانە ناکات، لەسەر ئاماژەی ویلایەتی ناوهاتوو هەروەها بە دووپاتکردنەوە دوو نووسراو لە مێژووی ٢٩ رەبیعی کۆتایی و ٢٧ جەمادی کۆتایی ٣١٢ ژمارە ٢٧٣٠ و ٣٠٤٥ لە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە نێردراوە، ئەوانیش حەواڵەی شورای دەوڵەت کراوە، مەرکەزی قەزای شەهربازار گوازراوەتەوە گوندی راجە هەروەها بۆ جێگیر کردنی دوو تابوری سەربازی شاهانە لە شوێنی ناوهاتوو و قەزای مەرگە دوا نووسراو وەرگیراوە، بەڵام هێشتا بریارێك نەدراوە و رانەگەیەندراوە، لە نەزارەتی ناوهاتووەوە ئەمجارە نووسراوی مێژووی ٢٨ جەمادی کۆتایی ٣١٢ ژمارە ٣٤٨٨ هاتووە و هاوپێچ لەگەڵ تەلەگرافنامە بۆ عالی نێردراوە، لە ویلایەت سەرپێچی و هەرەشەی پشدەریەکان ئیدارەی ناوچەکە تێک دەدات و گەیشتۆتە ئەو رادەیە تێکچووە، بۆیە هەر لەسەر ئاماژەی پێشوو بۆ هەردوو قەزا هەر یەکە تابورێکی سەربازی شاهانە بنێردرێت و ئەو کاتەی چاکسازیەکە قەبوڵ کراو و جێبەجێ کرا، ئەوا پێویست ناکات سەربازی شاهانە بچێتە ناوچەکە، بەم تێروانینە کاغەزی حەواڵەکراو و نێردراو بە بریاری جێبەجێ کردنی هەرچی زووە هیممەت بکرێت لە راگەیاندنی.




BEO.000580.043433.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000580.043433 | 1 رەمەزان 1312 |
| --- | --- | --- |

١ رەمەزان ٣١٢
١٤ شوبات ٣١٠
بۆ وەکالەتی سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی جەلیلە
لەسەر خوێندنەوەی چاکسازی سانجەقی سلێمانی، لە ویلایەتی موسڵی جەلیلە لیستی پوخت نێردراوە، لە مێژووی ٥ زیلقەعدە ٣١١ بۆ لایەنی دەوڵەت نێردراوە، هەروەها بۆ هەر یەکە لە قەزایەکانی مەرگە و شەهربازاری سەر بە هەمان سانجەق تابورێکی سەربازی شاهانە جێگیر بکرێت، جگە لەمە مەرکەزی قەزای شەهربازار بگوازرێتەوە بۆ گوندی راحە، بۆ ئەم مەبەستەش لەسەر ئاماژەی ویلایەت ئەو نووسراوەی کە لە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە هاتووە، بۆ ئەم کارە لیستی ناوهاتوو حەواڵەی شورای دەوڵەت بووە، لەم بارەیەوە ئەو بریارەی پێویستە بدرێت لە مێژووی ١٥ رەجەب ٣١٢ بەسەروو وتراوە کە هەرچی زووە بریارەکە دەربچێت و رابگەیەندرێت، سەبارەت بە مەدرەسەکانی سلێمانی لە وەڵامی ئەو راوپرسانەی کە پێشووتر نێردراوە بەپەلە نووسراوی وەڵامدانەوەکە لە مێژووی ١٨ کانوونی دووەم ٣١٠ بە تەلەگراف بۆ ویلایەتی ناوهاتوو نووسراوەتەوە، پشت بەستن بە دوا تەلەگرافنامەی ویلایەت ئەمجارە لە نەزارەتی ناوهاتووەوە نێردراوە و لە نووسراوی مێژووی ٢٤ شەعبان ٣١٢ ژمارە ٤١٩١ روون و ئاشکرایە کە پێویستە بەپەلە بریار لەسەر جولە و کارە سەرپێچی سەرکەشانەی پشدەریەکان بدرێت، هێشتا لە ویلایەت وەڵام نەهاتووە ئەو لایەنەی رێگری گفتوگۆ و ئەنجامی ئەم کارەیە، لە راپۆرتەکە دیاری کراوە کە پەیوەستە بە کاروباری مولکیە، بە وردبینی کردنی گشت بابەتەکان هەرچی زووە هیممەت بکرێت ئەنجامەکەی بە بریارنامە رابگەیەندرێت.





BEO.000647.048500.002

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000647.048500 | 29 زيلحيجه 1312 |
|---|---|---|

فەرمانگەی خانەنشینی مولکیە
ژمارە ٤٣
جەنابی سەدری ئەعزەمی پەیوەندیداری سەدارەت
ڕاگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە


لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ فەرمانبەرانـی سـانجەقی سـلێمانی، لـە سـندوقی داهاتـدا پاشـماوەی سـاڵانی ڕابردوویـان هەیـە، ناردنـی ٤٤٤ هـەزار و ٨٦٩ قـوروش بـە ویلایەتـی ناوهاتـوو و موتەسـەرفی خۆچێـی ڕاگەیەنـدراوە، بـەڵام هیـچ بەروبوومێکـی نەبـووە، لـەم مووچانـەی کـە لـە ئۆغستۆسـی سـاڵی ٣٠٩ یـەوە دراوە، ناردنـی داهاتـی دەسـتکەوتوو هێشـتا بـە سـێ هەنـگاو ئامـاژەی پێکـراوە و دووپاتکراوەتـەوە، کەچـی یـەك ئاقچـە لـە داهاتـی ناوهاتـوو نەهاتـووە، بـە تێروانیـن لـەم بابەتـە دەرکەوتـووە داهاتـی ناوهاتـوو لـەوێ بە ئـارەزووی خۆیـان خەرجیان کـردووە و بەکاریـان هێنـاوە، هەروەهـا لـە سـانجەقێکدا بەجـێ هێشـتنی پاشـکۆی داهاتـی سـاڵانی ڕابـردوو مامەڵەکـەی تووشـی زیـان دەکات، لـە سـاڵی ٣٠٩ی مانگـی ئۆغستۆسـەوە ئـەو مووچانـەی کـە دراوە داهاتـی دەسـتکەوتوو هـەر ئێسـتا و ئیتر مانـگ بـە مانـگ بەبـێ دواکەوتـن و بـە ڕێکوپێکـی بنێردرێـت، هەروەها پاشـکۆی سـاڵانی ڕابـردوو دەکاتـە ٤٤٤ هـەزار و هەندێـك قـوروش لـە پـارەی گشـتی ڕێـك بخرێـت و بەپەلـە بنێردرێـت، ئەمـر و فەرمـان دراوەتـە ویلایەتـی ناوهاتـوو و جەنابـی پایـەداری سـەدارەت بفەرموێـت، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە، لـە ٢٩ زیلحیجـە ١٣١٢ و لـە ١٠ حوزەیـران ١٣١١.
تۆفیق نازری سندوقی خانەنشینی مولکیە



Y.MTV.00137.00078.001


| Y.MTV. | 00137.00078 | 12 رەمەزان 1313 |
| --- | --- | --- |

خەزینەی تایبەتی شاهانە
ژمارە ٦٦١
ئـەو زەوییانـەی سـانجەقی سـلێمانی کـە لـە ژێـر بەڕێوەبردنـی دایـە، زەوییەکانـی پاشـایەتی دەورووبەریشـی خراوەتـە سـەر، لـە بەرامبـەر ئـەوەدا پۆسـت نشـینی تەکیەکـە لـە خەزینـەی تایبەتـی شـاهانە داوای کـردووە خواردنـی تەکیەکـەی بـۆ دابیـن بکرێـت، ئـەو تەلەگرافنامەیـەی بـە واژووی عەلـی لـە سـلێمانی دەرچـووە و پێشکەشـی عالـی کـراوە، بـە پرسـیار کـردن و لێکۆڵینـەوە لـە فەرمانبەرانـی ئەملاکـی هومایۆنـی خۆچێـی، خەریکـە ئەنجامەکـەی رادەگەیەندرێـت، بـە فەرمانـی پاشـای ملوکانـە نێـردراوە، لـە نـووسراوی عالـی پەیوەندیدارانـی کتابـەت لـە مێـژووی ٣٠ تەممـوز ٣١١ بـە نـوسراو راگەیەنـدراوە، بـە ئەمـر و فەرمانـی هومایـۆن و بـە قسـەکردن لەگـەڵ قۆمیسـیۆنی ئەملاکـی هومایـۆن، لـە وەڵامـدا بڕیارنامـە وەرگیـراوە، زەوی باسـکراو لـە حاڵەتێکـی پچرپچـر و پەرشـوبڵاوە، هەروەهـا تووشـی سـەرپێچیەکانی هـۆزی هەمەوەندەکانیـش بۆتـەوە، بۆیـە خسـتنە سـەر ئەملاکـی هومایـۆن هیـچ سـوود و باشـیەکی بـۆ هومایـۆن نابێـت، هـەر خۆشـی زەوییەکانـی پاشـای لایەنـی موسـڵ بەهـۆی فراوانـی و زۆرییـەوە دووبـارە لەلایـەن خەزینـەوە زیادکـردن و بەسـتنەوەی بـە پێویسـت نەزانـراوە و لێـی خـۆش بـووە، راگەیەنـدراوە ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ١٢ ڕەمەزان ٣١٣ و لە ١٤ شوبات ٣١١
نازری خەزینەی تایبەتی



DH.ŞFR.00185.00065.001


<table>
<tr><th>DH.ŞFR.</th><th>00185.00065</th><th>17 جەمادی کۆتایی 1313</th></tr>
<tr><td colspan="3">تەلەگرافنامە<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>ئـەو لێکۆڵینەوانـەی لەلایـەن فەرمانبەرانـی لێکۆڵینـەوە لـە قائیمقامەکانی سـانجەقی سـلێمانی کراوە، پشـت بەسـتن بـە ئەنجامەکانـی یەکلاکـەرەوە لـە بـارەی گواسـتنەوەی ئەرکەکانیـان، لـە وەڵامـدا لەسـەر تەلەگرافنامـەی بەنـدەم لە مێـژووی ١٥ تشرینـی یەکـەم ٣١١ بـۆ پایـەی عالـی جەنابـی پەیوەندیـداری نـەزارەت نێـردراوە، داوای یارمەتـی کـراوە تـا ئـەو فەرماننامەیـەی کـە دەردەچێـت بەپەلـە رابگەیەندرێـت، تـکا کـراوە، فەرمـان، لـە ٢٣ تشرینـی دووەم ٣١١.<br>محەمەد ساڵح والی موسڵ</td></tr>
</table>



DH.MKT 00417.00004.002

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>00417.00004</td><td>سەرەتای ڕەبیعی یەکەم 1313</td></tr>
<tr><td colspan="3">سەرەتای ڕەبیعی یەکەم ٣١٣<br>١٠ ئۆغستۆس ٣١١<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>جەنابی خالد بەگ ئەفەندی والی قەستەمۆنی، لە سانجەقی سلێمانی بە میرات زەوی و زاری و مولکی هەیە، بەڵام لە ژێر دەسەڵاتی هەندێك کەس ماوەتەوە، ئەمجارە عەزمی بەگ بە نییەتی ئەوەی زەوی و مولکەکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، چۆتە ناوچەکە، چ ڕێگە گرتن لە ناوبراو چ لە کەسانی تر کە دەست پێشخەریان کردووە، تا بە وەکالەت دەدرێتە کەسێکی گونجاو، ڕێگە نەدرێت کەس دەست لەم زەوییانە بدات و لەلایەن ناوبراوەوە بە نووسراو ئاماژەی پێکراوە، بەپەلە جێبەجێ بکرێت و هیممەت بکرێت.</td></tr>
</table>




BEO.000648.048545.004

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>6 موحەررەم 1313</td><td>000648.048545</td><td>BEO.</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەتی پیرۆز<br>وەکالەتی تەلەگراف<br>وێنەی شیفرەی ئەو تەلەگرافنامەیە کە لە ویلایەتی موسڵەوە هاتووە<br>لەبەر ئاژاوەی سلێمانی لە خۆچێی دەستکەوتنی داهات تووشی بێ دەنگی بووە، بۆ دامەزراندنی ئیدارەی ئەو سەربازە شاهانەی کە لە ناوچەکەن، ئەگەر بێتو ۵۰۰۰۰۰ قوروش لە پارەی مەرکەزی ویلایەت نەگاتە شوێنەکە ئەوا کێشە دروست دەبێت، ئەمە لە موتەسەرفی لیوای ناوهاتوو ئاماژەی پێکراوە، بەڵام پارەوپولی مەرکەزی ویلایەت لێرە و لە قەزایەکان بەشی یارمەتی و خەرجی شاهانەی سەربازی خۆچێی ناکات، بۆیە یارمەتی سەربازی شاهانەی سلێمانی لێرەوە رێك بخرێت، لە کۆتاییدا ئیدارەی سەربازی شاهانەی ئێرە بێ دەنگ دەکات، بۆیە تاوەکو لێرە کێشەیەك دروست نەبێت لە داهاتی ساڵی ۳۰۹ بۆ سەربازی شاهانەی ئەم ویلایەتە هاوکاری ٦ مانگی لە دارایی ویلایەتی بەسرا رێك بخرێت، هاوکاری شەش مانگی ئەم ساڵە لە داهاتی ویلایەتی ناوهاتوو حەواڵە دەکرێت، بە گوێرەی ئەمەش ۵۰۰۰۰۰ قوروشی سلێمانی لەم پارەیە هەژمار دەکرێت و دەنێردرێت، فەرمان.<br>لە ١٧ حوزەیران ٣١١<br>عەزیز والی</td></tr>
</table>




| BEO. | 000660.049443 | 3 سەفەر 1313 |
| --- | --- | --- |

٣ سەفەر ٣١٣
١٣ تەمموز ٣١١
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە

پشت بەستن بە بریارنامە داوا لە نەزارەتی دارایی جەلیلە کراوە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.
وێنەی بریارنامەی ژمارە ١٢٥٩ی فەرمانگەی ناوەخۆی شورای دەوڵەتە نووسراوی مێژووی ١٠ موحەررەم ٣١٣ ژمارە ٥٢٠ ی نەزارەتی دارایی حەواڵەی شورای دەوڵەت کرا، لە فەرمانگەی ناوەخۆ خوێندنەوەی بۆ کرا، تێدا هاتووە؛ لە خانەدانی بابان سلێمان پاشازادە ئەمین بەگ لە مێژووی ٣١٠ی تشرینی یەکەم ٢٦ کۆچی دوایی کرد، لە بەرامبەر ئەملاکی دەست بەسەر کراو لە پارەوپولی قەزای حللە مانگانە ١١٢٥ قوروش مووچەی بۆ برابووەوە، داواکراوە ئەم مووچەیە بۆ کورەکەی میری میران جەنابی حەمدی بەگ ئەفەندی وەرگێری زمانی عەرەبی و فارسی مابەینی هومایۆنی جەنابی ملوکانە لەگەڵ کچەکانی فاتیمە خان و عائیشە خان و خەیریە خان و خێزانەکەی نەفعە خانم دابین بکرێت، مردووی ناوبراو لە بەرامبەر ئەملاکی دەست بەسەرکراو لە داهاتی قەزای ناوهاتوو مانگانە برە پارەی باسکراو مووچەی هەبووە، ئەم جۆرە مووچانە لە کاتی دابەشکردنی بەسەر میراتگرەکانی بە گوێرەی مافی میراتگر بۆ ئەندامانی خێزانەکەی دابین دەکرێت، لەبەر ئەوەی بە فەرمانی پاشا رەزامەندی جەنابی پاشای لەسەرە، میراتگری ناوبراو لە ناوبراوان پێك دێت، هەروەها جگە لە ئەمانە هیچ میراتگرێکی تری نییە، بە بریارنامە لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەتی بەغداد نێردراوە، لە نووسراوی بە بریاری بەیتولمالی خەزینەی دارایی نووسراوەتەوە، ئەو مووچەیەی کە دیاری کراوە لە مێژووی مردنی ناوبراوەوە لە خەزینەی جەلیلە ٣٩٣ قوروش و ٣٠ پارە بۆ حەمدی بەگ، لە داهاتی قەزای حللە ١٤١ قوروش بۆ نەفعە خانی خێزانی و ١٩٦ و ٣٠ پارە بۆ هەر یەکە لە کچەکانی فاتیمە و عائیشە و خەیریە خانم دابین دەکرێت، لەبەر ئەوەی رەزامەندی وەرگیراوە، وێنەی ئاماژە پێکردنەکەش لەگەڵ فەرمانی پاشا و رێسا و جۆرەکەی یەکسانە، بۆیە نووسراو بۆ نەزارەتی ناوهاتوو نێردراوە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە، لە ١ سەفەر ٣١٣ لە ١١ تەمموز ٣١١.

هەواڵنامەی کتێب




BEO.000696.052153.001

هەواڵنامەی کتێب

| 27 رەبیعی کۆتایی 1313 | 000696.052153 | BEO. |
|---|---|---|

٢٧ رەبیعی کۆتایی ٣١٣
بۆ نەزارەتی دادی جەلیلە
لـە هەندێـك گونـدی سـانجەقی سـلێمانی نمونـەی تفەنگـی مارتنی دەسـتکرد دروسـت دەکرێـت، لـەو مامەڵانەی کە لـە دادگا ناوخۆییـەکان ئەنجـام دەدرێـت، هەروەهـا لـە بـارەی ئـەم جـۆرە سـەرپێچیانە لـە یاسـای سـزاییدا شـتێکی روون بـاس نەکـراوە، پێویسـتە ماددەیەکـی یاسـایی زیـاد بکرێـت، لەسـەر نـووسراوی مێـژووی ٢٤ سـەفەر ٣١٣ ژمارە ٣٤٩ کـە حەواڵـەی شـورای دەوڵـەت بـووە، لـە فەرمانگـەی رێکخسـتن بریارنامـە دراوە و ئەوانـەی ئـەو چەکـە دەسـتکردانەیان بەدەسـتەوەیە ئەگـەر نیشـان نەدرێـت بـە نییەتێکـی خـراپ لـە ژێـر دەسـتیانە، ئـەوا رێکخسـتنی سـزا گونجـاو و یەکسـان نابێـت، هـەر کاتێـك ئەوانـەی ئـەم چەکەیـان بەدەسـتەوەیە ئەگـەر بێتـو رۆژێـك لـە رۆژان بـە نییەتێکـی خـراپ بـەکاری بهێنـن، نـەك ئـەم جـۆرە بەڵکـو هـەر جـۆرە چەکێـك بەدەسـتیەوە بێـت ئـەوا ئـەو سـزایەی بۆیـان رێـك دەخرێـت لەسـەر ئـەوە دەسـتگیر ناکرێن کـە چەکـی لاساییکەرەوەی میریان بـە دەسـتەوە بووە، بـەم ووتـە ئەگـەر بێتـو چەکەکـە دەسـت بەسـەر بکرێـت و بگیرێـت دەبـێ پێچەوانـەی یاسـای دەوڵـەت بێـت، ئەوانـەی کارەکەیـان کـردووە بـە یاسـای سـزا و بـە جێبەجێ کردنی برِگەی سـێیەم سـزای پارەیـان بەسەردادەسـەپێت، ئەمـەش بـە نـووسراو بـە نەزارەتـی جەلیلـە ووتـراوە، بـە راگەیاندنـی هیممەت بکرێـت لە جێبەجـێ کردنـی کارەکە.





BEO.000794.059495.002

هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 000794.059495 | 24 زیلحیجە 1313 |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی کاروباری دارایی
ژمێریاری گشتی
ژمارە ٣٩٢
ڕاگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە
دوای مردنی ساڵح بەگ لە دانیشتووانی سانجەقی سلێمانی و خانەدانی بابان، حەوت هەشت هەتیوی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە و خێزانەکەی و ئەم هەتیوانە تووشی پەرێشانی و تەنگانەیی بوونەتەوە، بۆ ئەوەی بڕێك مووچەیان بۆ ببڕێتەوە، بە واژوو و مۆری ئاسیا داواکاری پێشکەشی بابی عالی کراوە و لەوێشەوە نێردراوەتە خەزینەی جەلیلە، هەروەها ناوبراوان شایەنی بەزەیین و لە پەککەوتە هەژمار کراوە، لە سەدەقەی جەنابی پاشا و لەسەر پارەوپولی ویلایەتی موسڵ، لە مووچەی دەستکورتتان ئەو مووچەیەی بێ خاوەنە مووچەی ٥٠ قوروش بۆ ناوبراوان ببڕێتەوە، لە ژمێریاری گشتی دارایی خوێندنەوەی بۆ کراوە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٤ زیلحیجە ١٣١٣ و لە ٢٥ مایس ١٣١٢.
نازری دارایی ..........


İ.DH. 01324

| 10 موحەررەم 1313 | 01324.000015 | I.DH. |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
... دیوانی هومایۆن
٧١
جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم
میـری میـران راسـم پاشـا موتەسـەرفی سـانجەقی سـلێمانی دوور دەخرێتـەوە و لـە شـوێن ئـەو میـری میـران جەنابـی عەبدولرەحـمان پاشـا موتەسـەرفی سـانجەقی ئەرغەنـی دادەمەزرێـت، لـەم بارەیـەوە لـە ئەنجوومەنـی تایبەتـی بریـکارەکان بریارنامـە دراوەتـە قەڵـەم بـە هاوپێچـەوە راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت ئـەوا جێبەجـێ دەکرێـت، بـەم راگەیەنـدراوە نـووسراوی ژمـارەی لەسـەر تۆمـار کـرا ئەفەنـدم.
لە ١٠ موحەررەم ٣١٣ و لە ٢١ حوزەیران ٣١١
سەدری ئەعزەم



DH.MKT 02073 00024 001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02073.00024</td><td>15 ڕەجەب 1313</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٥ ڕەجەب ٣١٣<br>٢٠ کانوونی یەکەم ٣١١<br>بۆ نەزارەتی دارایی عالی<br>بەڕێوەبەرایەتی ناحیەکانی غەوارە و زرکوزی سەر بە سانجەقی سلێمانی هەڵوەشاوەتەوە، دەرماڵەکانیان ١١٥٢ قوروش دەکات، لەم پارەیە ١٠٠٠ قوروش بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناحیەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دابین دەکرێت کە خەریکە سەر لە نوێ دادەمەزرێتەوە، ئەوەی ماوەتەوەش ١٥٢ قوروش دەخرێتە سەر مووچەی کاتبەکانی ناحیەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی باسکراودا، لەگەڵ لێکۆڵینەوە مووچەی تۆمارەکانی سانجەقی سلێمانی و بەڕێوەبەری هەندێك ناحیەکان مانگانە ٥٣٤ قوروش بە کەمکردنەوە دەخرێتە سەر مووچەی ئەنجوومەنی کارگێری لیوای ناوهاتوو و تۆمارەکان و کاغەزی کاتبەکان لەگەڵ کاتبی تۆمارەکانی قەزای شەهربازار، بۆ ئەمەش لە ویلایەتی موسڵ وەڵام وەرگیراوە، نووسراوەکانی مێژووی ١٥ تشرینی یەکەم ٣١٠ و ٢٣ تەمموز ٣١١ ئاماژەی پێکردووە، هەروەها ئەو ١٥٢ قوروشەی کە خراوەتە سەر مووچەی کاتبەکانی ناحیەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ناوهاتوو لە بوودجەی ناوەخۆ تۆمار کراوە، بەڵام بۆ مووچەی فەرمانبەرانی دارایی بە پەیرەوکردنی شوێنگرەوە پێچەوانەی یاسای بوودجە دەبێت، بۆ ئەمەش لە خەزینەی جەلیلە مامەڵەکە جێبەجێ بکرێت، لەم حاڵەتەدا ڕاگەیاندنی کارەکە و ناردنەوەی کاغەزی ناوهاتوو ئەنجام بدرێت.</td></tr>
</table>




Y.A.HUS.00364.00008.001

هەواڵنامەی کتێب

| 1 شەعبان 1314 | 00364.00008 | Y.A.HUS. |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
... دیوانی هومایۆن
١٨٢٢

بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە هـۆکار و چۆنیەتـی ئەنجامدانـی جموجۆڵـی سـەربازی لەلایەنـی پشـدەری نـاو سـانجەقی سـلێمانی، جەنابـی نەفعـی ئەفەنـدی لـە بـارەی ڕۆیشـتنی بـۆ ئـەوێ سـەرەتا بەبـێ مۆڵـەت جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا فەرمانـی داوە، بـەڵام لەگـەڵ گۆڕینـی ویلایـەت و موتەسـەرفیەت پرسـیار لـە والـی ویلایەتـی موسـڵ کـراوە ئاخـۆ ئەمـڕۆ بـە پێویسـت زانـراوە فەرمانبـەری لێکۆڵینـەوە بچێتـە شـوێنەکە یـا نەچێـت، هەروەهـا لـە کاتـی جێبەجـێ کردنـی کارەکـە لـە مەرکـەزی ویلایـەت ناردنـی یـەك فەرمانبـەر بەسـە یاخـود نـا؟، وەڵام بـە تەلەگرافنامـە هاتـووە، بـەم بارودۆخـەی حاڵـی حـازر لایەنـی پشـدەر ئەمـن و ئاسایشـی تێـك چـووە و بـە ئەنقەسـت ئـاگاداری دراوەتـە قائیمقامـی خۆچێـی، بـەم نزیکانـە موتەسـەرفی سـلێمانی ڕاسـتەوخۆ دەچێتـە لای پشـدەر و لێکۆڵینـەوە و مامەڵـەی پێویسـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـەم ڕاگەیەنـدراوە خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە، هەروەهـا بـۆ لێکۆڵینـەوەی سـانجەقی زور جەنابـی میـری ئـاڵای سـادق بـەگ لەگـەڵ فەرمانبەرێکـی بابـی عالـی دەچێتـە شـوێنەکە، لەبـەر ئـەوەی ئەمـر و فەرمانـی جەنابـی پاشـای هومایۆنـە، بـۆ حەواڵـە کردنـی نەفعـی ئەفەنـدی، لـە نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـە ئامـاژە بـە وەڵامەکـەی کـراوە، بـەڵام لـە ڕۆژانـی ڕابـردوو لەسـەر گۆڕینـی موتەسـەرفی زور وا پێویسـت دەکات مامەڵـەی پێشـوو لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکرێـت، بـۆ ئەمـەش وا تێبینـی کـراوە کـە وا گونجاوتـرە موتەسـەرفی داهاتـوو ماڵئـاوای بـکات، بـەڵام لـەم بابەتـەدا ئەمـرو فەرمـان هـەر چییـەك بێـت جێبەجـێ دەکرێـت ئەفەنـدم، لـە ١ شـەعبان ٣١٤ لـە ٢٣ کانوونـی یەکـەم ٣١٢.
سەدری ئەعزەم




BEO.000864.064761.003

| BEO. | 000864.064761 | 20 جەمادی کۆتایی 1314 |
|---|---|---|

فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
هۆبەی چوارەم
١٩٨٥
لـە ویلایەتـی موسـڵ هـۆزی پشـدەر بەهـۆی جموجۆڵـی سـەربازییەوە خەڵکەکـەی لەگـەڵ هەندێـك خەڵكـی دەوروبـەر یەکیانگرتـوەوە و چوونەتـە سـەر هـۆزی ئۆجـان، ماڵەکانیـان سـووتاندووە و کەلوپەلیـان بـە تاڵان بـردووە، بـە مەفرەزەیـەك سـەربازی چاودێـری کـراون، ئـەو مەفرەزەیـە کەوتوونەتـە نـاو کەمینـەوە، بـۆ رزگار کردنـی ئەوانـە، هەروەهـا لـە نێـوان موسـڵمانانداا نابـێ خوێـن برژێـت و قەدەغەیـە، بۆیـە لـە سـلێمانی یـەك تابـور سـەربازی شـاهانە هەروەهـا ئەگـەر پێویسـت بـکات هێـزی زیاتـر رەوانـە بکرێـت، ئـەوا لەشـکری شەشـەمی هومایۆن ئـاگادار کراوەتـەوە، ئـەو ماوەیـە بەهـۆی کاریگـەری فراوانکردنـی فەرمانگـەوە بـە تێروانین لـە جموجۆڵی سـەربازی لە نێوان هـۆزەکان مەترسـییەك هەیـە، وەکـو شـێخ سـەعید ئەفەنـدی و نەقیـب مسـتەفا ئەفەنـدی بە پێی پێویسـت سـەرباز بدرێتـە ئـەو کەسـانە و بـۆ ئامـۆژگاری کاریگـەر یەکسـەر بچنـە پشـدەر، لـە بـارەی نـووسراوی سـەدری ئەعـزەم لـە سـەدارەتپەناهی لـە مێـژووی ٣ جەمـادی کۆتایـی ١٣١٤ روون کردنـەوەی ناردووە، بـە نـووسراوی فەرمانـی پاشـا جەنابـی خەلافەتپەناهـی، شـوێنی ناوبراو ئاگادارکردنەوەی پێویسـت کـراوە، چۆنیەتی کارەکان لە نێوان وەکیلی والی پێشـووی موسـڵ عەبدوڵڵا پاشـا و قومانـدان باس کـراوە، بە فەرمانی پاشـا جێبەجێ بکرێـت، هەروەها لـە لایەن باش کیتابەتـی جەنابـی ملوکانـەی هومایـۆن ئـاگاداری نێـردراوە، لـەم بارەیەوە ئەو سـەربازانەی لـە پشـدەرن، کەوتوونەتە کەمینـەوە، لـەم بارەشـەوە زانیـاری پێچەوانـەوە هەیـە، بـەڵام پشـت راسـت نەکراوەتـەوە، ئەمجـارە لـە وەڵامـی شـوێنی ناوبـراو تەلەگرافنامـە هاتـووە، لـە ئەمـر و فەرمانـی هومایـۆن، زانیارییـەکان نووسراوەتـەوە، تەلەگرافنامـەی ناوبـراو لـە سـەر فەرمانـی سـەدارەتپەناهی بـە ووتـەی فەرمانگـەی گشـتی ئەرکانـی جەنگـی پێشـکەش کـراوە، ئەمر و فەرمـان بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢٠ جەمـادی کۆتایـی ١٣١٤ و ١٤ تشرینـی دووەم ١٣١٢.
سەر عەسکەر رزا


کتێبی هەواڵنامە



BEO.000868.065085.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>000868.065085</td><td>11 جەمادی کۆتایی 1314</td></tr>
<tr><td colspan="3">١١ جەمادی کۆتایی ١٣١٤<br>٥ تشرینی دووەم ١٣١٢<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>بـە گوێـرەی فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت ئەگـەر بکرێـت چ لـە سـانجەقی سـلێمانی چ لـە بەرامبـەر پشـدەریەکان جموجوڵـی سـەربازی جێبەجـێ بکرێـت، لـە بـارەی چۆنیەتـی و هۆکارەکەشـی لێکۆڵینـەوە لەسـەر ئەنجامدانـە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە ئەندامانـی قۆمیسـیۆنی تۆمـاری کەسـێتی جەنابـی میـری میـران نەفعـی ئەفەنـدی بچێتـە ناوچەکـە، هەروەهـا ناوبـراو بـە شـێوەیەکی کاتـی ٥٠٠٠ قـوروش مووچـەی ڕێکخـراو و لـە بـارەی خەرجـی ڕێـگاش لەسـەر نـووسراوی پایەبـەرزی دەوڵـەت لـە مێـژووی ١ جەمـادی کۆتایـی ١٣١٤ ژمـارە ٣٣١٩ دوای ڕەزامەنـدی فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت فەرموویەتـی، هیممەت بکرێت لە جێبەجـێ کردنی.</td></tr>
</table>




BEO.000876.065700.001

هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 000876.065700 | 29 جەمادی کۆتایی 1314 |
|---|---|---|

٢٩ جەمادی کۆتایی ١٣١٤
٢٣ تشرینی دووەم ١٣١٢
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
بـۆ جێبەجـێ کردنـی لێکۆڵینـەوە لـە هـۆکار و چۆنیەتـی جولـەی سـەربازی سـەر سـانجەقی سـلێمانی و سـەر پشـدەریەکان، میـری میـران نەفعـی ئەفەنـدی لـە ئەندامانـی قۆمیسـیۆنی تۆمـاری کەسـێتی دەنێردرێـت، هەروەهـا ناوبـراو بـە زیادکـردن و بـە شـێوەیەکی کاتـی ٥٠٠٠ قـوروش مووچـە و جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا ڕەزامەنـدی دراوە کـە لـە ڕێـژەی مووچەیەکـی ڕێکخـراو خەرجـی ڕێـگای بـۆ خـەرج بکرێـت، بـە نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـەش ڕاگەیەنـدراوە، هەروەهـا بـە ڕۆیشـتنی نەفعـی ئەفەنـدی خەرجـی پێویسـت بـۆ خانەوادەکـەی دابیـن بکرێـت، بـۆ ئەمـەش مووچـەی چـوار مانگـی ڕێکخـراوە و ئەگـەر بـە گوێـرەی تواناش نەبێـت ئـەوا لەگـەڵ بـری کەڵەکـە بـووی باسـکراودا بەیەکـەوە بخرێتـە سـەری و مووچەکـە بـە گوێـرەی ڕێسـا و حەواڵەنامـە ڕێـك بخرێـت و بدرێتـە ویلایەتـی ناوهاتـوو، بـەم داواکردنـە بەپەلـە کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت.




هەواڵنامەی کتێب

| 13 رەمەزان 1314 | 000909.068142 | BEO. |
|---|---|---|
| ١٣ رەمەزان ٣١٤<br>٣ شوبات ٣١٢<br>بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە<br>بە واژوو و مۆری ٢٢ کەس لە دانیشتوانی سلێمانی ئەوانەی هەژار و کوێر و حافزی قورئانن، داواکاری هاتووە و بۆ سەروو نێردراوە، دوای لێکۆڵینەوە لە داواکاریەکان دەرکەوتووە ئەمانە پێویستیان بە یارمەتیە، بۆیە وەکو ئەوانی هاوشێوەی خۆیان و بە گوێرەی نیزام لە شارەوانی هەر یەکە ٣٠ قوروشیان بۆ دابین دەکرێت، ئەو مامەڵەیەی کە هاتووە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی، نووسراو کراوە. | | |




BEO.000952.071356.001


هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 000952.071356 | 16 زیلحیجه 1314 |
| --- | --- | --- |

١٦ زیلحیجه ٣١٤
٧ مایس ٣١٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیله
بە بڕیارنامە داوا لە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە کراوە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.
وێنەی بڕیارنامەی ژمارە ٤٤٥ی فەرمانگەی تەنزیماتی شورای دەوڵەتە.
لە موتەسەرفیەتی سانجەقی سلێمانی جیابۆتەوە، بۆیە مووچەی دوورخراوانی بۆ دابین کراوە، بەڵام ئەو ساڵەی وەکو فەرمانبەری کاتی لە خەزینەی تایبەتی شاهانەدا بووە، چوار مانگی بۆ هەژمار نەکراوە، بۆیە لەلایەن جەنابی حوسێن حلمی ئەفەندی داواکاری پێشکەش کردووە و حەواڵەی شورای دەوڵەت کراوە، لە فەرمانگەی تەنزیمات خوێندنەوەی بۆ کراوە و لەگەڵ نەزارەتی سندوقی خانەنشینی مولکیە قسە کراوە. لە وەڵامدا نووسراوی مێژووی ٩ زیلقەعدە ٣١٤ هاتووە، ئەگەرچی ناوبراو خزمەتەکەی لە ٢١ ساڵ پێك دێت، بەڵام فەرمانبەرانی خەزینەی تایبەتی شاهانە بە فەرمانی پاشای جەنابی پاشا لە وەرگرتنی پارەی دوورخراوان بە تایبەتی جیاکراونەتەوە، بۆیە نەچۆتە نێو خزمەتەکانی پێشوو و نەچۆتە ناو مووچەی خزمەتی دوورخراوان، بۆ هەژمار نەکردنەکەشی بە بڕیاری ئەنجوومەنی عالی بڕیکارەکان لەگەڵ فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیدارانی خەلافەت کارەکە جێبەجێ دەکرێت، لە ماوەی باسکراودا ناوبراو ساڵێك و چوار مانگی واتە ئەو ماوەی کە بێ کار بووە دەرهێنراوە، خزمەتەکەی بۆتە ١٩ ساڵ، مووچەی موتەسەرفیەتی ناوبراو لە چوار یەك ١٨٧٥ قوروش مووچەی دوورخراوانی بۆ دابین کراوە، هەروەها وێنەی ئاماژەکە یەکسانە لەگەڵ نیزام و هاوجۆرەکەی، لە کۆتاییدا ناوبراو لە والی ویلایەتی ئەدەنە دامەزراوە، چۆنیەتی کارەکەی لە بارەی ئاماژەی ناوبراو نووسراو حەواڵەی نەزارەتی ناوەخۆ کراوە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ٩ زیلحیجه ٣١٤ لە ٢٩ نیسان ٣١٣


I.DH. 1341/1314.C/54
I.DH.01341


<table>
<tr><th>I.DH.</th><th>01341.000053</th><th>4 جەمادی کۆتایی 1314</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>.... دیوانی هومایۆن<br>١٨٨٤<br>جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم<br>جەنابی حوسێن ئەفەندی کە لە موتەسەرفیەتی مەعان بووردراوە، هەنگاو نراوە کە لە موتەسەرفیەتی سانجەقی سلێمانی دابمەزرێت، بەڵام لەبەر کێشەی جەستەیی داوای کردووە لە موتەسەرفیەتی ناوهاتوو ببووردرێت، بۆ موتەسەرفیەتی ناوهاتوو میری میران جەنابی خەیری ئەفەندی لە موتەسەرفیەتی جەبەل بەرەکەت دابمەزرێت، چونکە نێوانی لەگەڵ والی ئەدەنە باش نییە و ناکۆکی هەیە، بۆیە مانەوەی لە ئەرکەکەی گونجاو نییە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەو نووسراوەی لە نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە هاتووە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بەم راگەیەندراوە نووسراوی نووسراوە ژمارەی لەسەر تۆمار کرا، لە ٤ جەمادی کۆتایی ٣١٤ لە ٢٩ تشرینی یەکەم ٣١٢.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>



DH.MKT.02166.00004.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02166.00004</td><td>28 رەمەزان 1316</td></tr>
<tr><td colspan="3">کاغەزی تایبەت بە رەشنووسی قەڵەمی تۆمارکردنی ناوەخۆ<br>٢٨ رەمەزان ٣١٦<br>٢٨ کانوونی دووەم ٣١٤<br>بۆ نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە<br>لە شارۆچکەی ساوچبوڵاقی ئێران بە بازرگانی سەرقاڵن، بۆیە داوایان کردووە پارێزگاریان لێ بکرێت، ئەگەرچی دراوەتە باڵیۆزخانەی تەهران، بەڵام بە پێچەوانەوە لەبەر ئەوەی هاووڵاتی عوسمانین، لەلایەن ئێرانەوە بۆ جێبەجێ کردنی مامەڵەکە ئاماژە دراوەتە شوێنی ئەرکی ناوهاتوو، هەروەها وێنەی کارگێری حکوومەتی ناوبراو ئەگەر پارێزگاری لێ نەکەن، ناچار دەبێت شتەکانی گشتی بفرۆشێت، داواکاری بە مۆری بازرگانی سلێمانی ئیسماعیل و ئەحمەد حەمزە مۆر کراوە و هاتووە و هاوپێچ نێردراوە، بە تێروانین لە تکا کردنەکەیان بە گوێرەی بەراییەکان لە باڵیۆزخانەی دەوڵەت ئامۆژگاری دووپاتکەرەوە ئەنجام دەدرێت و بۆ پاراستنی ناوبراوان جێبەجێ دەکرێت و رادەگەیەندرێت.</td></tr>
</table>



DH.MKT.02171.00090.001

هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02171.00090</td><td>16 شەوال 1316</td></tr>
<tr><td colspan="3">١٦ شەوال ٣١٦<br>١٥ شوبات ٣١٤<br>بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت<br>لـە خانەدانەکانــی بابـان و ئەندامــی دادگای ئیسـتیناف، لـە زۆر ئەرکـدا خزمەتـی باشـی کـردووە و بوێـری بینـراوە، بۆیـە پلـەی سـەلیم بـەگ بـۆ پلـەی سـێیەم بەرزبکرێتـەوە، لـەم بارەیـەوە لـە ویلایەتـی بەغـدادی جەلیلـە نـوسراوی مێـژووی ٢١ کانوونـی یەکـەم ٣١٤ ژمـارە ١٢٧ وەرگیـراوە، لەگـەڵ نـووسراوی پۆسـتە بەیەکـەوە پێشـکەش کـراوە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی ئـەم کارە بـە رای پەیوەندیدارانـی وەکالـەت دەکرێـت.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب

| DH.SAIDd. | 00092.00003 | 6 سەفەر 1317 |
|---|---|---|


لاپەرە ٣
تۆماری گشتی
لـە ناسـنامەی عوسـمانی نووسراوەتـەوە، محەمـەد سـاڵح بـەگ ئەندامـی ئەنجوومەنـی کارگێـری سـانجەقی گوریجـە کـوڕی بابـان زادە عەلـی ڕزا بەگـە، لـە سـاڵی ١٢٩٥ ی کۆچـی واتـە ١٢٩٤ی ئێسـتا لـە ناحیـەی بەهشـینە لـە دایك بـووە، چۆتـە مەکتەبـی دواناوەنـدی مولکیـە و خوێندنی تـەواو کـردووە، لەگەڵ تـەواو کردنـی بڕوانامـەی وەرگرتووە، لـە پەسـەندنامەی مێـژووی ١٨ تەممـوز ٣١٢ی مەکتەبـی باسـکراو دەرکەوتـووە، بـە زمانـی تورکـی و فەرەنسـی و ڕومـی قسـە دەکات و دەنووسـێتەوە، هەروەهـا ئاشـنای زمانـی سـلۆڤاکییە، لـە بەراییەکانـی کاغـەزی وەرگێـڕاوی کەسـێتی پەسـەندنامەکە بـاس کـراوە و لە قۆمیسـیۆن ناسـنامەی عوسـمانی بیـنراوە و بۆ خـودی خـۆی نێردراوەتەوە.
لە ٦ سەفەر ٣١٧ و لە ٢ حوزەیران ٣١٥



هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 001336.100150 | 27 سەفەر 1317 |
| --- | --- | --- |

٢٧ سەفەر ٣١٧
٢٤ حوزەیران ٣١٥
بۆ لایەنی والآی سەرعەسکەریمان
ژاندارمەی ئالآی ویلایەتی ئەرزروم لەگەڵ تابوری پۆلیسی پاراستنی سانجەقی سلێمانی لەبەر ئیدارەی خراپ و کردەوەی سەرپێچی کارانە لە خۆچێی سکالآیان لەسەرە، بە ئەمر و فەرمانی ملوکانەی همایۆن ناوەکانی ئەفسەرەکان دیار و ئاشکرایە، بەلآم دوای ئەوەی دەردەکەوێت سکالآکان راستن، ئەو کاتە کارەکە جێبەجێ بکرێت، هەروەها ماوەیەکیش لە ویلایەتەکانی تر لە ژێر چاودێری نەزارەت بن، بۆیە پێشەکی ئەوانەی سەر بەم تابورەن ئەو دەرماڵەی کە وەریدەگرن بە نیوەی مووچە لە ویلایەت لە ئالآیەکانی ژاندارمە و پۆلیسی پاراستن وەکو میوان تۆمار بکرێن، بە راگەیاندنی نووسراوی بەهیەی سپاهیدار لە مێژووی ٢٠ موحەررەم ٣١٧ ژمارە ٢٤٩ بەکارهێنانەوەی ئەفسەرە ناوبراوەکان گونجاو نییە و بۆ جێبەجێ کردنی خانەنشین کردنیان فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت دەرچووە، ئەمر و فەرمانی شاهانە جێبەجێ بکرێت.




BEO.001362.102128.003

هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| BEO. | 001362.102128 | 8 رەبیعی کۆتایی 1317 |

خەزینەی تایبەتی شاهانە
کارگێری مولکەکانی هومایۆن
ژمارە ١٤
راگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە
لە ناو ویلایەتی موسڵ گشت زەوییە بێ خاوەنەکانی ناوچەی سێگردکانی سەر بە سانجەقی سلێمانی، خراوەتە ژێر موزایەدەوە، بەڵام وەکو شوێنگرەوەی موزایدە، زەوییەکان بە ٦٠٠٠ قوروش فرۆشراوە، لە بارەی زیادکردنی مولکی هومایۆن لە مێژووی ٤ تشرینی یەکەم ٣٠٩ جەنابی پاشا بە فەرمانی داوە، هەروەها زەوی باسکراو کە لە ویلایەتەوە خراوەتە موزایدەوە ئەوا لە زەوی و زاری بێ خاوەنن، بۆ شوێنگرەوەکەش سندوقی دارایی ویلایەت، خەزینەی تایبەتی پێویستی بە داهات و خەرجییە، لەگەڵ جێبەجێ کردنی هەژمارەکەی پێویستە سەنەدەکەی بنێردرێت، بۆ جێبەجێ کردنی نووسراو بۆ دەفتەرداریەتی ویلایەتی ناوهاتوو کراوە و ئاماژە بۆ نەزارەتی دارایی نێردراوە، ئەمجارە لە وەڵامدا ئەو نووسراوەی کە وەرگیراوە ئاماژە بەوە دەکات کە لە بارەی ئەم بابەتەدا تۆمار نەدۆزراوەتەوە ئاماژە بە نووسراوی سەدری ئەعزەم بکات، لە بارەی جێبەجێ کردنی مامەڵەکە پێویستە بە دەفتەرداری باسکراو رابگەیەندرێت، بۆ ئەمەش فەرمان و نووسراو بدرێتە نەزارەتی ناوهاتوو تا زانیاری بدات، یارمەتی دەگەرێتەوە بۆ پاشای پایەبەرز، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٨ رەبیعی کۆتایی ٣١٧ و لە ٣ ئۆغستۆس ٣١٥.
نازری خەزینەی تایبەتی




هەوالنامەی کتێب


<table>
<tr><td>6 سەفەر 1317</td><td>01365.000011</td><td>I.DH.</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>... دیوانی هومایۆن<br>٣٩٢<br>جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم<br>لە سەرۆکەکانی هەمەوەند حوسێن ئاغا کە یوزباشی ژاندارمە بووە، خزمەتەکەی بەجێ هێشتووە، وەکو سەرۆکەکانی تری هەمەوەند لە سندوقی دارایی سانجەقی سلێمانی بۆی دابین دەکرێت و لە شوێن خۆشی نیشتەجێ دەبێت، دابین کردنی ١٠٠٠ قوروش لە ویلایەتی موسڵ راگەیەندراوە، نووسراو بۆ نەزارەتی ناوەخۆ کراوە کە ئەگەر بێتو لە داهاتی ناوەخۆ شوێنگرەوەی نەبێت و نەدۆزرێتەوە، ئەوا بخرێتە سەر بوودجە، بریارنامەی فەرمانگەی دارایی شورای دەوڵەت راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت هەر چییەك بێت جێبەجێ دەکرێت، بەم راگەیەندراوە نووسراوی ژمارەی لەسەر تۆمار کرا ئەفەندم.<br>لە ٦ سەفەر ٣١٧ لە ٣ حوزەیران ٣١٥<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>



BEO.001444.108285.001


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><th>BEO.</th><th>001444.108285</th><th>20 شەوال 1317</th></tr>
<tr><td colspan="3">٢٠ شەوال ٣١٧<br>٨ شوبات ٣١٥<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>بـۆ ئاشـتکردنەوەی سـەرۆك هۆزەکانـی سـانجەقی کەرکـووك و سـلێمانی، پێویسـت بـە داوەت کـردن نـاکات، ئـەو ئامادەکاریانـەی لـەم رێـگاوە دەکرێـت پەکـی کەوتـووە، لەسـەر ئەمـە گەرانـەوەی دەسـتەی چاکسـازی بارودۆخەکـە زیاتـر تێـك دەدات، لەسـەر هەندێـك ووتـە و پوختـەی بابەتەکـە و داواکردنـی زانیـاری لـە ویلایەتـی موسـڵ تەلەگرافنامـە دەرچـووە، بـە گواسـتنەوەی وێنـەی تەلەگرافنامەکـە، لـە دەسـتەی چاکسـازی کەرکـووك تەلەگرافنامـە هاتـووە، بـۆ لایەنـی پایەبـەرز نێـردراوە، لەسـەر بەراییـەکان بـە پەلـە بـە قسـەکردن لەگـەڵ ویلایـەت، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە و راگەیاندنـی و بەراییـەکان بنێردرێتـەوە.</td></tr>
</table>




| DH.MKT. | 02202.00115 | 3 موحەررەم 1317 |
|---|---|---|

قەڵەمی تۆمارکردنی ناوەخۆ
٣ موحەررەم ٣١٧
٢ مایس ٣١٥
بۆ ویلایەتی موسڵی عالی
لـە سـانجەقی سـلێمانی تفەنگـی مارتنـی و چەقماقچـی دەسـتکرد دروسـت دەکرێـت، بـۆ ڕێگەگرتـن لـەم کارە فەرمانـی تایبەتـی جێبەجـێ کـراوە، تا ئێسـتا نزیکـەی زیاتر لـە ١٠٠٠ دانە دروسـت کـراوە، تەنانەت لەلایـەن وەکیلی قومانـدان لەگـەڵ قاسـم بـەگ بـە زانیـاری ئاغـای تابـوری سـلێمانی چەکـەکان بـە کەرسـتەکانەوە دەسـت بەسـەر کـراوە و ڕادەسـتی دیوانـی ڕەدیـف دەکرێـت، قائیمقامـی ناوهاتـوو چۆتـە شـوێنەکە و بـە چ شـێوازێك دراوەتـەوە خاوەنەکانیـان و لـە نێوچەوانـی ئـەم چەکانە لـە نێوان هۆزەکان شـەڕ ڕوویداوە، لـە ئەنجامدا لەوانەی چەك دروسـت دەکـەن ١٤ کەسـیان کارەکەیـان وەسـتێنراوە و بـۆ ڕێگەگرتـن لـە دروسـت کردنـی کاغـەز دراوەتـە پایـەی واڵای سـەر عەسـکەر بـە تێروانیـن لـە بابەتەکـە کارەکـە جێبەجێ بکرێـت و بە خوێندنـەوەی هیممـەت بکرێت لـە ڕاگەیاندنی.




DH.MKT.02226.00093.001

هەواڵنامەی کتێب

| 21 رەبیعی یەکەم 1317 | 02226.00093 | DH.MKT. |
| --- | --- | --- |

٢١ رەبیعی یەکەم ٣١٧
١٧ تەمموز ٣١٥
بۆ نەزارەتی دارایی عالیە
لەبەر مەسەلەی مەحمود پاشای جاف، لە نەوەی پێغەمبەری سانجەقی سلێمانی سەید مستەفا ئەفەندی لەگەڵ ئەحمەد کەمال بەگ ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی کارگێری شارەزوور چوونەتە لای هۆزی جاف و گەراونەتەوە، ئەم کارەش لە ویلایەتی موسڵ جێبەجێ کراوە و ئەنجام دراوە، لە خەزینەی جەلیلە لە دەرماڵەی ناوەخۆی ساڵی ٣٠٨ هەژمار کراوە و سەنەدی بە واژووی پارەکە وەرگیراوە و نێردراوە، لەمەش٤٢٦٠ قوروش خەرج کراوە و رێکخراوە، بە بریارنامەی ئەنجوومەنی تایبەتی وەکیلەکان بە رەزامەندی جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشایی دەرکەوتووە، لە موازەنەی ئەم ساڵەدا شوێنگرەوەی نییە، بۆیە برە پارەی باس کراو بە زیاد کردنی لە موازەنەی ئەم ساڵەدا رێکخراوە و زانیاریش دراوەتە نەزارەتی عالی، لە نووسراوی مێژووی ١٤ حوزەیران ٣١٥ هاتووە و تێدا روون کردنەوەی لەسەر دراوە، هەروەها بری ٤٢٦٠ قوروش کە باسکراوە لە مێژووی ٢٧ تشرینی دووەم ٣١١ لە خەزینەی جەلیلە لە دەرماڵەی ناوەخۆی ساڵی ٣٠٨ هەژمار کراوە، برە پارەی باسکراو لە دەرماڵەی ئەم ساڵەدا زیادکراوە و خراوەتە سەری، چۆنیەتی کارەکەش راگەیەندراوە و بە ووتەی ژمێریاری پەلە کراوە لە راگەیاندنی.





DH.MKT.02227.00011.001

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| 22 رەبیعی یەکەم 1317 | 02227.00011 | DH.MKT. |

قەڵەمی تۆمارکردنی ناوەخۆ
٢٢ رەبیعی یەکەم ٣١٧
١٨ تەمموز ٣١٥
بۆ نەزارەتی دارایی عالی
لـە سـەرۆکەکانی هەمەوەنـد حوسـێن ئاغا کـە یوزباشـی ژاندارمـە بـووە، وازی لـە خزمەتەکـەی هێنـاوە، بۆیـە وەکو سـەرۆکەکانی تـری هەمەوەنـد لـە سـندوقی دارایـی سـانجەقی سـلێمانی رێـك بخرێـت و لـەو شـوێنەی کـە لێـی جێگیـر دەبێـت ١٠٠٠ قـوروش مووچـەی بـۆ دابیـن بکرێـت، لـەم بارەیـەوە ئاماژە لـە خۆچێـی هاتـووە و لە شـورای دەوڵەتیـش بریـاری لەسـەر دراوە دوای رەزامەنـدی جەنابـی پاشـا بـە فەرمانـی پاشا فەرموویەتـی، بـەڵام لـە وەڵامـدا نـووسراوی سـەدری ئەعـزەم لـە مێـژووی ١٦ حوزەیـران ٣١٥ ژمـارە ١١٦٥ نووسراوەتـەوە و هاتـووە، لـە نـاو موازەنـە مووچـەی باسـکراو شـوێنگرەوەی نییـە، بۆیـە بـە مێـژووی فەرمانـی پاشـای جەنابی تاجـدار کـە دەکاتە سـاڵی ٣١٥ ی حوزەیـران رۆژی ١١ تـا سـەرەتای ئـەم سـاڵە ئـەو بـری پارەیـەی کـە پێـی دەدرێـت ٨٦٦٦ قـوروش و نیو لـە موازەنەی ئـەم سـاڵەدا هاوپێـچ بکرێـت و چۆنیەتـی راگەیاندنـی زیادکردنەکـەش بـە ووتـەی ژمێریـاری نـووسراوی بـۆ کـراوە.




DH.MKT.02270.00139.001


هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02270.00139 | 11 رەجەب 1317 |
| --- | --- | --- |

١١ رەجەب ٣١٧
٢ تشرینی دووەم ٣١٥
بۆ ویلایەتی موسڵی عالیە
حوسێن ئاغا لە سەرۆکەکانی هەمەوەند کە یوزباشی بووە ئەرکەکەی بەجێ هێشتووە، وەکو سەرۆکەکانی تری هەمەوەند لە سندوقی دارایی سانجەقی سلێمانی مووچەی بۆ ڕێك بخرێت و کە لە شوێن خۆی نیشتەجێ بوو ئینجا ١٠٠٠ قورووشی پێ بدرێت، ئەگەر هاتوو لە دەرماڵەی ناوەخۆ شوێنگرەوەی بدۆزرێتەوە و نەدۆزرێتەوە ئەوا لەسەر بودجە زیاد بکرێت و ڕێك بخرێت، بە بڕیاری شورای دەوڵەت بە ڕەزامەندی ١٤ سەفەر ٣١٧ ی فەرمانی پاشای جەنابی پاشا فەرمان دەرچووە، لە ساڵی ٣١٥ ی حوزەیرانی ١١ وە مانگانە ١٠٠٠ قورووش مووچەی بۆ دابین دەکرێت، لەوێ جێبەجێ دەکرێت و مووچەی ناوهاتووی ئەم ساڵە بڕەکەی لە ٨٦٦٦ قورووش و نیو پێك دێت و حەواڵە کراوە، بە ووتەی ژمێریاری پەلە کراوە لە ڕاگەیاندنی، لەم بابەتەدا نووسراوی مێژووی ١٨ ئەیلوول ٣١٥ ژمارە ٦٤٥ بۆ نەزارەتی دارایی وەڵام نێردراوە، حوسێن ئاغا کە لە سەرۆکەکانی هەمەوەندە و یوزباشی ژاندارمە بووە ئەرکەکەی بەجێ هێشتووە و وەکو سەرۆکەکانی تری هەمەوەند لە سندوقی دارایی سانجەقی سلێمانی ڕێك بخرێت و بە فەرمانی پاشای جەنابی پاشا ١٠٠٠ قورووش مووچەکەی لە مانگی حوزەیران ڕۆژی ١١ی ئەم ساڵەوە تا کۆتایی شوبات ئەو بڕە پارەیەی کە پێی دەدرێت، ٨٦٦٦ قورووش و نیو لە دەرماڵەی ناوەخۆ هەژمار دەکرێت و لە دارایی گشتی ئەم ساڵی ویلایەتی موسڵ ڕێك بخرێت، یەك پارچە حەواڵە نامە ڕێکخراوە و نێردراوە، بە ووتەی ژمێریاری پەلە کراوە لە ڕاگەیاندنی.



DH.ŞFR.00253.00044.001




DH.ŞFR.00253.00044.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.ŞFR. | 00253.00044 | 8 رەجەب 1318 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
سانجەقەکانی سلێمانی بە هەموو شێوەیەك گرنگە و هەردووکیشیان بە تەواوەتی لەسەر بارودۆخی باش و توانای خۆگونجاندنی موتەسەرفەکانەوە وەستاوە، راگەیەندراوە و روون کراوەتەوە کە پێویستیەکی زۆر روونە، پشکێنەری دادی قوسوە ئیشقۆدرە غالب بەگ ئەو سیفەتانەی هەموو تێدایە، باسکراوە ئەگەر عوسمان بەگ موتەسەرفی کەرکووك نەیەت، ئەگەر بێتو بێتە ئەوێش، ناکرێت بە درێژایی ماوە ئیدارەکە بە وەکالەت بەرێوەببردرێت، راگەیەندراوە پێویستە لە موتەسەرفیەتی سلێمانی دابمەزرێت، کات نەماوە بە خاڵی بمێنێتەوە، تکا دەکرێت وێنەی تایبەتی رابگەیەندرێت، لە ١٩ تشرینی یەکەم ٣١٦.
حازم والی موسڵ




BEO.001526.114388.002

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 001526.114388 | 25 رەبیعی یەکەم 1318 |
|---|---|---|


نەزارەتی کاروباری دارایی
ژمێریاری گشتی
ژمارە ٩٧٤
ئەمین ئاغا لە ناو سانجەقی سلێمانی لە بەڕێوەبەرایەتی دەورووبەر کاری کردووە، لەبەر ئەوەی ناوبراو لە هەڵبژێردراوەکان نەبووە، دوای مردنی بۆ خێزان و منداڵەکانی مووچە نەبراوەتەوە، لەبەر ئەوەی بژێوی ژیانیشیان خراپە و بۆ برینەوەی مووچەیەکی گونجاو بە واژووی عائیشە داواکاری پێشکەش کراوە، پێشەکی داواکاریەکە لە ناو زەرف نێردراوەتە خەزینەی جەلیلە و لەسەر داواکاریەکە راگەیەندراو و نووسراوی جێبەجێ کراوی مێژووی جیاواز لەگەڵ نووسراوی سەدری ئەعزەم هاتووە و تێدا ئاماژەی پێکراوە، خێزانی کۆچکردوو لەگەڵ سێ هەتیوی ناوبراو بۆ رۆژێکیش بێت مولك و تاپۆیان نەبووە، لە لایەکیش مووچەیان نەبووە و کەسێکیان نییە بەخێویان بکات، بە گفتوگۆکردن بە نووسراو وەڵام لە ئەمانەتی جەلیلە هاتووە و نیشانی داوە و بە تێروانین هەندێك نموونە لە دامەزراندنی سندوقی خانەنشینیەوە لە ١٠ساڵی رابردوو ئەو فەرمانبەرانەی کۆچی دواییان کردووە، ئەو خانەنشینەی کە بۆ خێزانەکانیان بەجێیان هێشتووە، لە ناو ئەمانەدا لە خانەنشینە کۆنەکان لە مووچەی بێ خاوەن بە گوێرەی یاسا مووچە دابین دەکرێت، بە تۆمار دەرکەوتووە ئەوانەی ماوەی نیزامیان هەیە و ١٠ ساڵیان تەواو نەکردووە و کۆچی دواییان کردووە لە کاتیبی قەڵەم و فەرمانبەر لە خەزینەی جەلیلە بۆ هەتیو و بێوەژن هەر یەکە ٣٠ قوروش مووچەیان بۆ دەبردرێتەوە، بۆیە عائیشە خانی خێزانی کۆچکردوو لەگەڵ کوڕەکەی محەمەد سەعید و کچەکانی ئامینە و رەعنە وەکو ئەوانی تر هەر یەکە ٣٠ قوروش دەکاتە ١٢٠ قوروش بۆیان دەبردرێتەوە، دوای ئەوەی جەنابی تاجدار دابین کردنەکە پەسەند دەکات، بۆ سەروو دەنێردرێت، نووسراو و راگەیەندراوی جەنابی پاشا لە ژمێریاری دارایی گشتی باسکراوە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٥ رەبیعی یەکەم ١٣١٨ و لە ٩ تەمموز ٣١٦.
نازری دارایی



هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 001610.120691 | 30 ڕەمەزان 1318 |
|---|---|---|


٣٠ ڕەمەزان ٣١٨
٨ کانوونی دووەم ٣١٦
بۆ ویلایەتی موسڵ
لە ٧ کانوونی دووەم ٣١٦، دەرکەوتووە مووچەی جەژنی سەربازانی شاهانەی سانجەقەکانی کەرکووك و سلێمانی لە ٢٥٠٠٠٠ قوروش پێك دێت، ئەویش لە خاوەن مەڕوماڵاتەکان وەردەگیرێت و دەنێردرێت، بەڵام ترسی ئەوەی هەیە تەنگوچەڵەمە دروست بێت، بۆیە بڕە پارەی باسکراو لە خەزینەی دارایی ڕێك بخرێت و چارەسەر بکرێت، بە فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت ڕەزامەندییەکە هاتووە، هەروەها ئاگاداری دراوەتە نەزارەتی دارایی بە گوێرەی ئەوە کارەکە جێبەجێ بکرێت.




BEO.001688.126573.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>001688.126573</td><td>23 رەبیعی یەکەم 1319</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٣ رەبیعی یەکەم ٣١٩<br>٢٧ حوزەیران ٣١٧<br>بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە<br>لە خانەدانی بابان، باوك و مامی ئەحمەد بەگ و عەبدوڵلا بەگ بەهۆی مردنیانەوە، بە واژووی خەدیجە و کچەکانیان داواکاری بەرز کراوەتەوە و داوایان کردووە بڕێك مووچەیان بۆ ببڕێتەوە، ئەو داواکاریەی لە سلێمانی نێردراوە، بۆ دەوڵەت ڕۆیشتووە، بە تێروانین لە بابەتەکە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.</td></tr>
</table>






هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 001775.133120 | 25 رەمەزان 1319 |
|---|---|---|

- ٢٣ کانوونی یەکەم ٣١٧
بۆ ویلایەتی موسڵ
دەرکەوتووە ئەو ئامادەکاری سەربازیانەی کە لە سانجەقی سلێمانی هەن، بۆ لایەنی دیکە خەرج کراوە، ئەمەش ڕێگەنەدراوە و بەرپرسیاریتی لەسەرە، دوای مۆڵەت داهاتەکە راستەوخۆ بۆ موازەنەی قۆمیسیۆن بنێردرێت، ئەوەی دڵنەرمی و لێبووردەیی نیشان بدات بە توندی بەرپرسیار دەبێت، لەسەر ئاماژەی وەکالەتی سەرۆکایەتی قۆمیسیۆنی عالی ئاگاداری دەرچووە.

- قۆمیسیۆنی عالی ئامادەکاری و دامەزراوەی سەربازی
بۆ لایەنی سەرۆکایەتی دووەمی پاشای قۆمیسیۆنی ئامادەکاری و دامەزراوەی سەربازی عالی
لە ١٥ کانوونی یەکەم ٣١٧ تەلەگرافنامە هاتووە، لەگەڵ فەرمانی پاشای جەنابی پاشا بە گشتی ئاگاداری نێردراوە، ئەگەرچی ئەمجارە دووپاتکراوەتەوە، بەڵام پاشکۆکان لە لایەن فەرمانبەرانەوە تۆمار نەکراوە، هەروەها ١٢ ملیۆن قوروش کە بوونی هەیە لە سانجەقی سلێمانی لە ماوەی هەفتەیەك یەك قوروشیش داهات نەهاتووە، ئاقچەی ئامادەکاری سەربازی ئەوەی هەیە خەرج کراوە، ئەمەش لە موتەسەرفیەت راگەیەندراوە، بۆ رایکردنی کارەکان ئەوەی پێویستە لە مامەڵەکان جێبەجێ بکرێت فەرمان.
لە ١٦ کانوونی یەکەم ٣١٧
شەوکەت دەفتەردار / ئەحمەد رەشید والی موسڵ




BEO.001789.134159.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 001789.134159 | 30 شەوال 1319 |
|---|---|---|

قەڵەمی تۆمارکردنی سەدارەت
٣٠ شەوال ٣١٩
٢٧ کانوونی دووەم ٣١٧
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
کاتبەکانی ژمێریاری و خەرجی لیوا، بەهۆی خراپ بەکار هێنانی ئەرکەکەیان دەستیان لە کار کێشاوەتەوە، مامەڵەی هێنانی ئەوانە بۆ مەرکەزی ویلایەت لەگەڵ ئەمانەش گۆڕینی ئەندامانی ئەنجوومەنی کارگێری دەستی پێکردووە، بە تەلەگرافنامە نووسراوەتەوە مەعروف بەگ لە موتەسەرفیەتی سلێمانی لە وەکالەتی ژمێریاری ویلایەت دەست بە ئەرکەکەی دەکات، کاتبەکانی ناوهاتووش لەلایەنی بژێویەوە بیمەیان پێ بدرێت و لە رووی یاساوە مافیان بدرێت، دوای ئەوەی دەدرێنە دادگاش ئەنجامی کۆتاییەکەی دەدرێتە ویلایەت لەگەڵ ئەمەش زانیاری دەدرێتە موتەسەرفیەتی ناوهاتوو هەروەها دامەزراندن و دانەمەزراندنی مەعروف بەگ لە ژمێریاری پەیوەستە بە نەزارەتی دارایی جەلیلە، بەڵام ئەم ژمێریاریە بە ئاماژەی موتەسەرفیەتی ئێرەوە دەبێت، بە زانیاری ویلایەت ئەو وەڵامەی وەردەگیرێت هیممەت بکرێت.

بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
مەعروف بەگ بە وەکالەت لە باش کاتیبی ژمێریاری سانجەقی سلێمانیە، بۆ پەسەند کردنی ئەرکەکەی نووسراو لە موتەسەرفیەتی لیوای ناوهاتوو کراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردن و راگەیاندنی.




DH.MKT.02582.00125.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 02582.00125 | 23 شەوال 1319 |
| --- | --- | --- |

قەڵەمی تۆمارکردنی ناوەخۆ
٢٣ شەوال ٣١٩
٢٠ کانوونی دووەم ٣١٧
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە

لـەو بـڕە پارانـەی کـە ئەفسـەر و پۆلیسـی پاراسـتنی نیزامیـە و ڕەدیـف لـە مەرکـەز و پاشـکۆی سـانجەقەکانی کەرکـووك و سـلێمانی دەسـتیان کەوتـووە، نزیـك لـە ٣٠٠٠٠٠ قـوروش، بـە ئاقچـە پارەیـان خسـتۆتە سـەر نـاوی خۆیـان، بـە ڕاگەیاندنـی بوونـی داواکاری سـاڵانی ڕابـردوو، ئەگـەر سـەیری داهاتـی ئـەم سـاڵە بکرێـت، ئـەوا ئـەم پارەیـە لەسـەر داواکاران هەژمـار بکرێـت و لەسـەر داواکـردن و ڕاگەیاندنـی ئـەو پارەوپولـە میریـەی کـە لـە ژێـر دەسـتیانە دەسـت بەسـەر بکرێـت، هەروەهـا ئـەم حاڵـە لەسـەر گشـت فەرمانبـەران هەژمـار کـراوە، ئەمـەش وایکـردووە تۆمـار و مامەڵـەی سـندوقی دارایـی تێـك بـدات و ئـەوەی لـە خەزینـە ڕێکخـراوە ناردنـی دواکەوتـووە، لـەم بابەتـەدا ئـەو ئاگادارییانـەی کـە نێـردراوە هیـچ سـوودێکی نەبـووە، لـە پشـکێنەری دارایـی ویلایەتـی بەهیـە ڕاگەیەنـدراوە و بـە واڵای سەرعەسکەریشـمان ووتـراوە، بـەم ڕاگەیەنـدراوە لـە نەزارەتـی دارایـی جەلیلـە بـە پەیوەندیدارانـی سـەدارەت ڕاگەیەنـدراوە و نـووسراو لـە مێـژووی ٩ کانوونـی دووەم ٣١٧ باسـکراوە و پێشـکەش کـراوە، ئـەوەی جێگـەی تێڕوانیـن و ووردبینیـە دەبـێ بەپەلـە هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە.



DH.MKT.00534.00012.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00534.00012 | 27 رەبیعی یەکەم 1320 |
| --- | --- | --- |

٢٧ رەبیعی یەکەم ٣٢٠
٢٠ حوزەیران ٣١٨
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە و بۆ لایەنی عالی لە نەزارەتی دادی جەلیلە
بـۆ نۆژەنکردنـەوەی فەرمانگـەی دادی سـانجەقی سـلێمانی دەرخسـتە ڕێکخـراوە لەگـەڵ گشـت کاغەزەکانـی تـر نێـردراوە، پێـش دەسـت پێکردنـی نۆژەنکردنەوەکـە حاڵـی حـازر بـە خـەرج کردنـی ١٠٠٠ قـوروش فەرمانگـەی لێکۆڵینـەوەی داد نـۆژەن بکرێتـەوە، بـۆ ئەمـەش لـە مێـژووی ١٨ مایـس ٣١٨ ژمـارە ٨٨ ی نـووسراوی عالـی بـە گوێـرەی دەسـتوور دەرچـووە، هـەر خـۆی خـەرج کردنـی بـرە پـارەی باسـکراو بـە ڕەزامەنـدی ویلایـەت دەبێـت، بۆیـە ئـاگاداری دراوەتـە ویلایەتـی موسـڵ، بـە ووتـەی نەزارەتـی ژمێریـاری ڕاگەیەنـدراوە و بـە ئامـاژەی داواکاری گشـتی ئیسـتینافی ویلایەتـی بەهیـە لـە نـووسراوی مێـژووی ١٨ مایـس ٣١٨ ژمـارە ٨٨ ی نەزارەتـی دادی جەلیلـە ئامـاژەی پێکـردووە، ئـەوەی پەیوەسـتە بـە نۆژەنکردنـەوەی بینایـەی داد بـە گشـتی لـە خەرجـی داهاتـی ناوەخـۆ ڕێکخـراوە، هەروەهـا ١٠٠٠ قوروشـەکەش بـە ڕەزامەنـدی ویلایـەت دەبێـت و بـرە پـارەی باسـکراو لـە نـاو موازەنـەی ڕێکخسـتنی نۆژەنکردنەوەکـە ڕێکخـراوە، بـە ووتـەی ژمێریاریـش پەلـە کـراوە لـە ڕاگەیاندنـی.





DH.MKT.00538.00035.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00538.00035 | 4 ڕەبیعی کۆتایی 1320 |
|---|---|---|

٤ ڕەبیعی کۆتایی ٣٢٠
٢٧ حوزەیران ٣١٨
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە


لە مەرکەزی سانجەقی سلێمانی بە پێویست زانراوە فەرمانگەی داد دروست بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە خەرجی دروست کردنەکە لە داواکاری گشتی ئیستینافی ویلایەتی بەهیە نێردراوە، نووسراوی نەزارەتی دادی جەلیلە لە مێژووی ٥ حوزەیران ٣١٨ ژمارە ١١٦ لەگەڵ دەفتەری دەرخستە نێردراوە، بەڵام دەفتەری دەرخستەکە لەگەڵ نیزام و هاوشێوەی ناگونجێت، ئەوەی نووسراوەتەوە ٤١ هەزار و ١١٥ قوروش لەچاو هاوشێوەی ڕێژەکەی زیاد دەکات، حاڵی حازر دەبێ ئەوە بە هەند وەربگیرێت کە خەزینە لە توانای دا نییە خەرجی زیادە لە خۆی بگرێت، بە مەرجێك لایەنی ئابووری لەچاوبگیرێت و بە جێبەجێ کردنی دەرخستە و کەمکردنی لە ئەندازیاری نافیعەی ناوخۆ کاغەزی پەسەند کراوی دەرخستەکان نێردراوە، لەگەڵ ئەویش دەفتەری دەرخستەی ناوهاتوو هاوپێچ نێردراوە، لە فەرمانگەی باسکراو بە ئەمانەت یاخود بە حواڵە نووسراوی دروست کردنەکەی لە خەزینەی جەلیلە گونجاوە، هەروەها لە دەرەوەی خەزینەش جێبەجێ کردنی خەرجی بەبێ شوێنگرەوە قەدەغەیە، خەرجی دروستکردنی لە موازەنە تۆمار بکرێت و بە گشتی ڕێکخستنی خەرجیەکە لە مووچەی بێ خاوەن شوێنگرەوەك بدۆزرێتەوە و چۆنیەتەکەی ڕابگەیەندرێت، بە ووتەی ژمێریاری ڕاگەیەندراوە.



BEO.001873.140435.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 001873.140435 | 19 رەبیعی یەکەم 1320 |
| --- | --- | --- |
| قەڵەمی تۆماری سەدارەت<br>١٩ رەبیعی یەکەم ٣٢٠<br>٩ حوزەیران ٣١٨<br>بۆ نەزارەتی ئامادەکاری سەربازی جەلیلە<br>وەڵامی نووسراوی پایەبەرزی مێژووی ٢٥ سەفەر ٣٢٠ ژمارە ٧، لە ڕێکخستنی ئامادەکاری سەربازی سانجەقی سلێمانی ١٨٠٠٠ قوروش بۆ ناوچەیەکی تر خەرج کراوە، هەر ئێستا لە داهاتی پارەوپولی گشتی ئەم ساڵەدا بخرێتە شوێن خۆی، بۆ ئەم کارەش بۆ دەفتەرداریەتی ویلایەتی موسڵ بە تەلەگراف ئاگادار کردنەوەی پێویست نێردراوە، بە گفتوگۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە وەڵامی داوەتەوە، بە نووسراو چۆنیەتی کارەکە و ڕاگەیاندنەکەی جێبەجێ بکرێت. | | |




BEO.001873.140465.002


هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 001873.140465 | 16 رەبیعی یەکەم 1320 |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی کاروباری دارایی
قەڵەمی تۆمارکردن
ژمارە ٨٢٥

بـۆ چاکسـازی کـردن لـە بارودۆخـی ئێسـتای سـانجەقی کەرکـووك و سـلێمانی هێـزی سـەربازی رێکخـراوە، بـۆ رێکخسـتنی ئیـدارەی ئـەم هێـزە سـەربازییە لەلایـەن جەنابـی قومانـدان موحسـین پاشـا ئامـاژەی بـە بـری پـارەی رێکخسـتنی ئیدارەکـە کـردووە، لەگـەڵ نـووسراوی لایەنـی والای سەرعەسـکەر پێشـکەش کـراوە، بـە تێروانیـن لـە بابەتەکـە و ئامـاژەی پێشـوو ئـەوا لـە نـووسراوی سـەدری ئەعزەمـی پەیوەندیـداری سـەدارەت لـە مێـژووی ٥ مایـس ٣١٨ ژمـارە ٩٦٨ فەرمـان و نـووسراوی پـێ دەرکـراوە کـە جێبەجـێ بکرێـت و رابگەیەندرێـت، سـەرەتا لەسـەر فەرمانـی عالـی بـۆ خەرجـی گەشـتەکە و رۆیشـتنی هێـزی سـەربازی ناوهاتـوو ئاقچـەی پێویسـت لـە مێـژووی ٦ مایـس هەمـان سـاڵ بـە تەلەگـراف بـە دەفتەرداریەتـی موسـڵ راگەیەنـدراوە، بـۆ رێکخسـتنی ئـەو ئیدارەیـە لـە قوماندانیەتـی ئـەو بڕەیـەی کـە داواکـراوە بـە گرنگیـەوە جێبەجـێ بکرێـت، بـۆ هێـور کردنـەوەی ئیـدارەی سـەربازی ئەمجـارە بـە تەلەگـراف دەفتـەرداری ناوهاتـوو ئـاگادار کراوەتـەوە، بـە ووتـەی ژمێریـاری گشـتی داراییـ راگەیەنـدراوە و نـووسراوی نێـردراوی سـەر عەسـکەر هاوپێـچ پێشکەشـی پێشـەوا سـەدری ئەعزەمـی پایەبـەرز کـراوە، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەستەوەیە.


لە ١٦ رەبیعی یەکەم ١٣٢٠ و لە ٩ حوزەیران ٣١٨
نازری دارایی



BEO.001924.144260.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 001924.144260 | 20 جەمادی کۆتایی 1320 |
|---|---|---|
| ٢٠ جەمادی کۆتایی ٣٢٠<br>١٠ ئەیلوول ٣١٨<br>بۆ لایەنی واڵای سەر عەسکەر<br>نووسراوی راگەیەندراو وێنەیەکی لە باڵادا نوسراوەتەوە، هەروەها بە گوێرەی فەرمانی پاشا کە دەرچووە، لەلایەن پەیوەندیدارانی خەلافەت پەراوێزی نووسراوەتەوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە لە لایەنی واڵای سەر عەسکەر داوای هیممەت کراوە.<br><br>یەکێك بووە لە ئەفسەرانی تابوری پۆلیسی پاراستنی سانجەقی سلێمانی، ئەوانەی ئەمڕۆ بێ کارن، ٩ ئەفسەریان لە بۆسنە بوونیان هەیە، ئەمانە لە ئاڵایەکانی ویلایەتەکانی دەورووبەر بە میوان ناویان تۆمار بکرێت، هەروەها لەم ئەفسەرانە بە ناوی قادر ئاغا لە ئەمنیەتی ژورناڵی بلۆکی سێیەمی، تابوری ئێستر سوارەی سەر بە ئاڵای پۆلیسی پاراستنی موسڵ دادەمەزرێت. | | |





DH.TMIK.M.00160.00011.002

هەواڵنامەی کتێب

| DH.TMIK.M. | 00160.00011 | 13 شەوال 1321 |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف
قەڵەمی تۆمارکردن
وێنەی تەلەگرافنامە لە باش مودیرەتی بەغداد بۆ نەزارەت نێردراوە
لـە خۆچێـی هـەواڵ دراوە کـە هێڵەکانی تەلەگرافـی سـانجەقی سـلێمانی لەلایـەن دانیشـتوانی گوندەکانـەوە بەبـێ مـاوە بـە سـێ و پێنـج و دە سـتوون لێدەکرێتـەوە و دەبردرێـت، بۆیـە چەندیـن جـار سـەردانی موتەسـەرفیەتی ویلایەتەکانـی کەرکـوک و سـلێمانی کـراوە، تەنانـەت ئـەو کاتـەی کـە لـە کەرکـوک بـووم، زانـراوە لـە هێڵەکـە دەیپچرێنـن و دەیبەنـە گوندێـك ٣ کاتژمێـر لـە کەرکـوك دوورە، لەسـەر بینایـەکان دایدەنێـن، هـەواڵ هاتـووە کـە ٣ سـتوون بـە زانینـی حکوومەتـەوە لـە بینایـە دەریانهێنـاوە بـۆ مەرکـەزی لیوایـەت بردوویانـە و دایانەتـە حکوومـەت، بـەڵام لـە بـارەی بوێـری کەرانـەوە هیـچ مامەڵەیەکـی یاسـایی ئەنجـام نـەدراوە، لەگـەڵ ئەمـەش وەڵامیـش وەرنەگیـراوە، هەروەهـا لـە نێـوان چەمچەمـاڵ و سـلێمانیەدا ئەمجـارە ١٢ سـتوون دزراوە و لـە فەرمانبەرانـی چەمچەمـاڵ راگەیەنـدراوە کـە هەواڵـی لیـوای ناوهاتـوو پچـراوە، لـە بابـی عالـی لایەنـی سـەدری ئەعزەمـەوە بـۆ ویلایەتـی موسـڵ و لـە پایـەی سەرعەسـکەرەوە بـۆ موشـیرەتی لەشـکری شەشـەمی هومایـۆن فەرمانـی کاریگـەر و یەکلاییکـرەوە بدرێـت، ئەمـەش بۆچوونـی پەیوەندیدارانـی نەزارەتـە، فەرمـان.




DH.MKT.00734.00042.001

هەواڵنامەی کتێب

| 12 رەبیعی کۆتایی 1321 | 00734.00042 | DH.MKT. |
|---|---|---|

١٢ رەبیعی کۆتایی ٣٢١
٢٥ حوزەیران ٣١٩
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
لەبەر شوێنی ستراتیژی گوندی کناروی سەر بە قەزای شەهربازاری سانجەقی سلێمانی ئەگەر بکرێتە مەرکەزی قەزا ئەوا بۆ لایەنی مولکیە و سەربازی سوود و قازانجی دەبێت، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارەش بە بریاری فەرمانگەی مولکیەی شورای دەوڵەت ڕەزامەندی دراوە و جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا فەرمویەتی، چۆنیەتی جێبەجێ کردنی کارەکەش بە فەرمانگەکان راگەیەندراوە، راگەیاندن و ئەنجامدانی مامەڵەی تۆمارکردنەکە جێبەجێ دەکرێت، لە بارەی جێبەجێ کردنی کارەکە لەسەر ووتەی ژمێریاری پەلە کراوە لە راگەیاندنی.




BEO.002196.164635.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 002196.164635 | 21 رەجەب 1321 |
|---|---|---|

٢١ رەجەب ٣٢١
٣٠ ئەیلوول ٣١٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ و دارایی جەلیلە
پارەوپولی گشتی سانجەقەکانی کەرکووك و سلێمانی بە شێوەیەکی نادروست مامەڵەی لەگەڵ کراوە و ئەم حاڵە لەلایەن فەرمانبەرانەوە ئەنجام دراوە و لە ئیدارەکەیان پێدرێژیان کردووە، لەسەر هەندێك ووتە لە ویلایەتی موسڵ نووسراو لە مێژووی ٢ رەجەب ٣٢١ ژمارە ٣ دەرچووە، لەگەڵ نووسراوی دارایی بەیەکەوە بۆ دەوڵەت نێردراوە، جگە لەمە ئەو فەرمانبەرانەی کە سکاڵایان لەسەر تۆمار کراوە، ئەمانە کێن و بۆ دەست نیشان کردنیان لە ویلایەتەوە بە گفتوگۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی خراپیان کراوە، لەسەر دوورخستنەوە و گۆرینەوەی ئەم فەرمانبەرانە، ئاگاداری دراوەتە نەزارەتی دارایی جەلیلە لە نەزارەتەوەش هەواڵ دراوەتە ویلایەت تا لە دارایی هیممەت بکرێت کارەکە جێبەجێ بکرێت و رابگەیەندرێت، دواتریش هاوپێچەکان بنێردرێتەوە.



BEO.002229.167106.002


هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 002229.167106 | 4 رەمەزان 1321 |
|---|---|---|

شورای دەوڵەت
فەرمانگەی دارایی
ژمارە ٢٥٤١


نووسراوی مێژووی ٤ رەجەب ٣٢١ ژمارە ٣٧٩٥ لە نەزارەتی ناوەخۆ حەواڵەی شورای دەوڵەت کراوە، لەوێشەوە لەگەڵ هاوپێچەکانیەوە لە فەرمانگەی دارایی خوێندنەوەی بۆ کرا. لە بابەتی نووسراوەکە هاتووە؛ دوای لێکۆڵینەوە لە سەرپێچی ئێران و گشت مەسەلە گرنگەکان بەرێوەبەری تۆمارکردنی سانجەقی سلێمانی حاجی حوسێن ئەفەندی رەوانی قەزای گولعەنبەر دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە ٢٠٠٠ قوروش کرێی پێ دەدرێت، لە ویلایەتی موسڵ نووسراو کراوە و بە گفتوگۆ لە ویلایەتی ناوهاتووەوە وەڵام هاتۆتەوە، کە ئەرکی بەرێوەبەری ناوهاتوو تەنیا پەیوەست نییە بە سەرپێچی ئێران و مەسەلەی سنوور، بەڵکو بابەتی تریش هەیە گرنگن دەبێ لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت وەکو وون بوونی داهات و هەندێك کردەوەی خراپ، بۆیە پێویستە ناوبراو بچێتە قەزای ناوهاتوو، بەم ئاماژە پێکردنەوە رەزامەندی دراوە لەسەر خەرج کردنی برە پارەی باس کراو و لە بارەی رۆیشتنی ناوبراو بە پاراستنی مافی خەزینە بەستراوەتەوە، وێنەی ئاماژە پێکردنەکە گونجاوە، دوای مۆڵەت بۆ جێبەجێ کردنەکەی، نووسراو حەواڵەی نەزارەتی ناوهاتوو کراوە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٤ رەمەزان ١٣٢١ و لە ١١ تشرینی دووەم ٣١٩.

ئەندام محەمەد نوری مۆری سەرۆکی فەرمانگەی دارایی/ رەشاد بەگ ئەندام/ لوتفی ئەفەندی ئەندام/ شەریف عەبدوڵلا پاشا ئەندام/ حوسێن نازم بەگ ئەندام/ مەنسور پاشا ئەندام/ مۆری عەلی تەقی/ سەفوەت بەگ ئەندام/ موراد بەگ ئەندام



هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>BEO.</td><td>002271.170265</td><td>20 زیلقەعدە 1321</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٠ زیلقەعدە ٣٢١<br>٢٥ کانوونی دووەم ٣١٩<br>بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە<br>ئـەو نـووسراوەی وێنەکـەی لـە بـاڵا تۆمار کـراوە لەگەڵ هاتنـی فەرمانی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافەت، بە گوێـرەی ئـەو برەیـەی کە لە پەراوێـز نوسراوەتەوە، لـە نەزارەتی دارایی جەلیلە هیممەت بکرێـت لە جێبەجێ کردنی.<br><br>محەمـەد بـەگ و نائیلـە خـان لـە منداڵەکانـی عەبدولرەحمان پاشـای خانەدانی بابان، بۆ هەر یەکەیان ١٥٠ قوروش ببرێتەوە.</td></tr>
</table>



BEO.002287.171499.001

هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 002287.171499 | 18 زیلحیجه 1321 |
|---|---|---|

١٨ زیلحیجه ٣٢١
٢٢ شوبات ٣١٩
نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لە پاشکۆکانی سانجەقی سلێمانی گوندی وینەی سەر بە قەزای گولعەنبەر لە ناوەراستی قەزای گولعەنبەرە، ئاوا گونجاوە وەکو مەرکەزی ناحیە دابنرێت، راگەیەندراوی ویلایەتی موسڵ و نووسراوی مێژووی ١٤ شەعبان ٣٢٠ ژمارە ٤٦٩١ کە نێردراوە بۆ شورای دەوڵەت و دوای قسەکردن لەگەڵ لایەنی والای سەر عەسکەر لە فەرمانگەی مولکیەدا بریارنامە دراوە، تێدا هاتووە گوندی وینە لە کەنارێکی ناحیەی قزلجەیە و لە سنووری ئێرانە، ئەگەر بکرێتە مەرکەزی ناحیە ئەوا ناتوانێ پارێزگاری لە گوندەکانی تر بکات، جگە لەمە لە ٢٠ خانە پێك هاتووە، بەڵام دوای ئەوەی سنوورەکە خرایە ژێر پاراستنەوە و گرنگی پێدرا، ئینجا لە داهاتوودا دەتوانرێت بکرێتە مەرکەزی ناحیە، حاڵی حازر مەرکەزە کۆنەکەی پێنجوینە، وەکو خۆی بمێنێتەوە، دوای ئەوەی لەلایەنی سەربازیشەوە خوێندنەوەی بۆ کرا ئینجا بە گونجاو زانراوە، بۆ ئەمەش نووسراوی ئاگاداری بۆ ویلایەتی موسڵ کراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.




<table>
<tr><td>Y.PRK.ASK.</td><td>00226.00057</td><td>21 زیلحیجه 1322</td></tr>
<tr><td colspan="3">پایەی سەر عەسکەر<br>قەڵەمی تۆمارکردن<br>لە قەزایەکانی حەی و شەترەی سەر بە ویلایەتی بەسرا و هەندێك شوێن لە سانجەقی سلێمانی رسوماتی ئاژەڵی خاوەندار وەرناگیرێت، هەروەها بۆ وەرگرتنی ئەمانە تا هێزی سەربازی رەوان نەکرێت ئەوا کارەکە ئەنجام نادرێت، بە تێروانین بەم راگەیەندراوە بۆ وەرگرتنی رسوماتی ئەم شوێنانەی ناویان هاتووە بە فەرمانی پاشای ملوکانە مەفرەزەکانی سەربازی رەوان کراون.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT. | 00912.00063 | 26 رەمەزان 1322 |
|---|---|---|
| قەڵەمی تۆمارکردنی ناوەخۆ<br>٢٦ رەمەزان ٣٢٢<br>٢١ تشرینی دووەم ٣٢٠<br>بۆ موتەسەرفیەتی سلێمانی<br>لە سلێمانی بۆ خواردنی تەکیەی شەریفە بە ناوی جەنابی پاشا لە خەزینەی دارایی مانگانە ٣٠٠ قوروش دابین کراوە، بەڵام لەم ساڵەدا تەنیا توانراوە مانگی مارت وەربگیرێت، هەروەها ٢٤ مانگ ماوەتەوە، لەم حاڵەتەدا دەروێشەکانی تووشی کێشە کردووە، ئەو نووسراوەی کە لەلایەن شێخی خانەقای شەریفەی ناوهاتوو هاتووە، بە راگەیاندنی داوای بەزەیی و میهرەبانی کراوە، ئەوەی پێکهاتووە لە ٣٠٠ قوروش خەرجی خواردنی ٢٤ مانگ کۆکراوەتەوە، کە لە ٨ مانگ تەنیا یەك مووچە بدرێت، ئەمەش لەگەڵ میهرەبانی پاشا ناگونجێت، بۆ ئەوەی رێگە نەدرێت دەروێشەکانی تەکیەی ناوهاتوو تووشی تەنگانە بن، ئەوا برە پارەی باسکراو بەرێکوپێکی بدرێت، نووسراو بۆ موتەسەرفیەت کراوە. | | |



هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>002327.174512</td><td>20 سەفەر 1322</td></tr>
<tr><td colspan="3">قەڵەمی تۆمارکردنی سەدارەتی پایەبەرز<br>٢٠ سەفەر ٣٢٢<br>٢٣ نیسان ٣٢٠<br>بۆ لایەنی واڵای سەر عەسکەریمان<br>بۆ هەژمارکردنی مەڕوماڵات و ئاژەڵەکانی سانجەقی سلێمانی، مەفرەزەی نیزامیە دەست بە کارەکان دەکەن، ئاماژە و داوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لە موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆنی جەلیلە بۆ لایەنی واڵای سوپاسالار ڕۆیشتووە، تا ئێستا وەڵام نەهاتووە، فەرمانی هەژمارکردن و کۆکردنەوەی داهات پەکی کەوتووە، لەم هەواڵانەی کە دەگۆردرێتەوە دەردەکەوێت ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات ڕسوماتی مەڕوماڵات و ئاژەڵانی دانیشتوانی لیوای ناوهاتوو بە تەواوەتی لەناودەچێت و هەڵدەوەشێتەوە، لە تەلەگرافنامەی مێژووی ٢٢ نیسان ٣٢٠ی ویلایەتی موسڵ ڕاگەیەندراوە کە بە پێویست زانراوە کارەکە بە پەلە جێبەجێ بکرێت، بە تێڕوانین لە وێنەی ئاماژەکە و بۆ پاراستنی داهاتی دەوڵەت لە وون بوون، هەرچی زووە بەپەلە جێبەجێ بکرێت و ڕابگەیەندرێت.</td></tr>
</table>


صدارت عظمى مكتوبى قلمى

OSMANLI ARŞİVİ BEO


BEO.002330.174684.004

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 002330.174684 | 25 سەفەر 1322 |
| --- | --- | --- |

٢٥ سەفەر ١٣٢٢
٢٨ نیسان ١٣٢٠
بۆ لایەنی والای سەر عەسکەریمان

بۆ ئەو مەفرەزانەی کە پێویستە بچنە قەزای شەهربازاری سانجەقی سلێمانی و گشت دەوروبەر تاوەکو هاوکاری هەژمارکردنی مەرومالات بکەن، سەردانی موشیرەتی جەلیلە کراوە، بەڵام هێشتا لە پایەی والای سەر عەسکەر جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت فەرمانی پاشای دەرنەکردووە و ئاگاداری نەداوە، لە موشیرەت قسەی لەسەر کراوە کە ئەگەرچی ئاگاداری و گفتوگۆ لەگەڵ ناوچەکان کراوە، تاوەکو ئەم مەفرەزانە بۆ هاوکاری کردنی هەژمارکردنەکە لەگەڵ فەرمانبەرەکان بەیەکەوە دەست بە کار بن، بەڵام لە فەرمانی هەژمارکردنەکە بە هیچ شێوەیەك هاوکاریان ناکەن، ئەم ئاگاداریە لە قۆماندانیەتی سلێمانی دراوەتە مەفرەزەکان، لە گشت ووتەکانیش دەرکەوتووە پێویستە کارەکە جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە لە مێژووی ٢٧ نیسان ٣٢٠ بۆ سیپاهیدار نێردراوە و بە تێروانین لە بەراییەکان بەپەلە جێبەجێ بکرێت و رابگەیەندرێت، دواترۆیش هاوپێچەکە بنێردرێتەوە.



BEO.002378.178346.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 002378.178346 | 14 جەمادی کۆتایی 1322 |
|---|---|---|

قەڵەمی تۆماری سەدارەتی پایەبەرز
١٤ جەمادی کۆتایی ٣٢٢
١٥ تەمموز ٣٢٠
بۆ لایەنی عالی لە نەزارەتی دادی جەلیلە
لەبەر ئەوەی سەعید ئەفەندی سەرۆکی فەرمانگەی سزای دادگای سەرەتایی سانجەقی کەربەلا و فوئاد ئەفەندی یاریدەدەری داواکاری گشتی لە رووی سەرپێچی یاساوە کارە سەرپێچییەکانیان بەردەوامە، بە بەدواداچوون دەستگیرکردنیان جێبەجێ کراوە و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە بە پێویست زانراوە بدرێنە دادگا، ئەم کارە لەسەر جێبەجێ کردن دایە، بۆیە حاڵی حازر بە پێویست زانراوە لە ئیدارە دوور بخرێنەوە و بۆ سەرۆکایەتی باسکراو عەبدوڵلا سەرۆکی فەرمانگەی سزای دادگای سەرەتایی ویلایەتی بەسرا کە لە کارەکەی بوردراوە، لەگەڵ یاریدەدەری داواکاری گشتی دادگای سەرەتایی سانجەقی سلێمانی عەبدوڵلا شەوکەت، هەروەها بۆ یاریدەدەری داواکاری گشتی سلێمانیش مستەفا نوری ئەفەندی کە لە یاریدەدەری داواکاری گشتی دادگای سەرەتایی سانجەقی سەعرد دامەزرێن، دوای سوێند خواردن سەبارەت بە دامەزراندنیان لەسەر راپۆرتی مێژووی ٢٢ رەبیعی کۆتایی ٣٢٢ ژمارە ٢٨٠ ی عالی بە رەزامەندی لە مێژووی ١٢ جەمادی یەکەم ٣٢٢ جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا فەرموویەتی، کارەکە لەسەر جێبەجێکردن دایە.




هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 002437.182750 | 13 شەعبان 1322 |
|---|---|---|

شورای دەوڵەت
دیوانی دارایی
ژمارە ٢٢٤٦
نووسراوی مێژووی ١٩ جەمادی کۆتایی ٣٢٢ ژمارە ١٥٩٠ لە نەزارەتی دارایی حەواڵەی شورای دەوڵەت کراوە، لە فەرمانگەی دارایی خوێندنەوەی بۆ کرا.

لە بابەتەکەدا هاتووە، لە خانەدانی بابان ئەحمەد پاشا والی کۆچکردووی پێشووی ئەدەنە، خەدیجە خانی خوشکی لە ساڵی ٣١٦ ی تشرینی دووەمی رۆژی ٨ کۆچی دوایی کردووە، لە بەرامبەر ئەو مولکە دەستبەسەرانەی کە هەیەتی، مووچەی بۆ براوەتەوە، لەم مووچەی ئەوەی ماوەتە ٤٣٢ قوروش بۆ خۆی براوەتەوە، ئەو داواکاریەی کە مەحمود نەدیم بەگی برای مردوو پێشکەشی کردووە خوێندنەوەی بۆ کراوە، لە بەرامبەر مولکی دەستبەسەرکراوی ناوبراو ١٣٤٣ قوروش مووچەی هەیە، لەمە ٩١١ قوروش بۆ میراتگری برادەرەکانی عەبدوڵلا و عەلی پاشای مردوو دابین کراوە، هەروەها ٤٣٢ قوروش بۆ خێزانی برادەرەکەی تری بە ناوی ئەحمەد پاشای مردوو دابین کراوە، ئەمەش دەست بەسەر کراوە تا خانەوادەی ناوهاتوو بەدواداچوون دەکەن، بۆ ئەم کارە لە ئاقچەی دەستبەسەرکراو داهاتی مەحمود نەدیم بەگ بە ١٤٤ قوروش مەزندە کراوە، لە پەراوێزی قەسەمی بەیتولمال دەرکەوتووە بە فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت ١٤٤ قوروش لە مێژووی بێ خاوەن بوونیەوە لە خەزینەی جەلیلە مانگانە ١٤٢٢ قوروش لەسەر مووچەکەی زیاد دەکرێت، بە رەزامەندی دەبێتە ١٥٦٦ قوروش. بە فەرمانی پاشای جەنابی پاشا دەرکەوتووە، ئەم جۆرە مووچانە لە یاسای میرات دەگوازرێتەوە بۆ خانەوادە، بە ئاماژە پێکردنی لە کاروبارە سروشتییەکانە، بە رەزامەندییەك نووسراو حەواڵەی نەزارەتی ناوهاتوو بکرێت، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمانی لە دەستە، لە ١٣ شەعبان ١٣٢٢ و لە ٩ تشرینی یەکەم ٣٢٠.


رەشاد بەگ ئامادە نەبووە/ لوتفی ئەفەندی ئامادە نەبووە/ شەریف عەبدوڵلا پاشا ئامادە نەبووە/ سەرۆکی فەرمانگەی دارایی محەمەد نوری/ نەسرەت بەگ ئامادە نەبووە/ فەیزی بەگ ئامادە نەبووە/ سەفوەت بەگ ئامادە نەبووە/ فەتحی بەگ ئامادە نەبووە/ موراد بەگ ئامادە نەبووە/ مۆری ئەندام محەمەد عەزیز کوڕی وەجهی/ مۆری ئەندام سەید ئادەم کوڕی مالك/ ئەندام حەیدەر نازم بەگ/ مۆری ئەندام سەید نەشئەت محەمەد/ مۆری ئەندام مەنسور ئەلمونتەسیروڵلا/ ئەندام ئەحمەد بەگ ئامادە نەبووە


Y_A___RES_00130.00093.001

هەواڵنامەی کتێب

| 1323 ڕەبیعی یەکەم 30 | 00130.00093 | Y.A.RES. |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
... دیوانی هومایۆن
٩٧٨
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
سەید ئەحمەد ئەفەندی سەرەتا بە وەکالەت لە قائیمقامیەتی قەزای بازیانی سەر بە سانجەقی سلێمانی بووە، بۆ دامەزراندنی ناوبراو لە هەمان قائیمقامیەت بە ئاماژەی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە بریارنامە لە قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە ڕێکخراوە بەیەکەوە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمانی جەنابی هومایۆنی پەیوەندیداری خەلافەت هەر چییەك بێت جێبەجێ دەکرێت، بەم راگەیەندراوە نووسراوی ژمارەی لەسەر تۆمار کرا ئەفەندم.
لە ٣٠ ڕەبیعی یەکەم ٣٢٣ لە ٢٢ مایس ٣٢١
سەدری ئەعزەم





Y.A.HUS.00488.00001.001

هەواڵنامەی کتێب

| Y.A.HUS. | 00488.00001 | 1 رەبیعی کۆتایی 1323 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
... دیوانی هومایۆن
٦٥٧
لەسەر ئەو ناکۆکی و ململانییەی کە لە نێوان هۆزە دیاریکراوەکاندا هەیە، بە پێچەوانەی یاسای عالی و پێچەوانەی دەسەڵات فەرمانی بەکارهێنانی چەك دراوە، بەڵام هەر ئێستا فەرمانەکە هەڵوەشێتەوە و بە رێگای عاقڵانە کارەکە بەرێوەببردرێت، لە بارەی هێمنی و ئاسوودەیی جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا فەرمانی داوە، بە پشت بەستن بە کۆڵکەی جەلیلە ئاگاداری پێویست دراوەتە قوماندانیەتی فرقەی ١٢ لەگەڵ موتەسەرفی سلێمانی، بەڵام لە کۆتاییدا ئەو تەلەگرافنامەیەی لە قوماندانیەتی فرقەی ناوهاتوو وەرگیراوە، ئەو هۆزانەی کۆبوونەتەوە دەگەنە ٢٠٠٠ و گوێ لە ئامۆژگاری ناگرن و لە هێرش کردن بەردەوامن، لەلای ئەمانەوە ئەگەر ئەمانە چەك لە دژی سەربازی شاهانە بەکار بهێنن، ئەوا بۆ پارێزگاری کردن لە شان و شەوکەتی شاهانە و سەربازان پێویستە بەرگری بکرێت و رووبەروویان ببنەوە، چۆنیەتی رەزامەندییەکەش ئەمجارە لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە هاتووە و هاوپێچ راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، وێنەی ئاماژەکەش جێگەی گرنگیە ئەفەندم، لە ١ رەبیعی کۆتایی ٣٢٣ و لە ٢٣ مایس ٣٢١.
سەدری ئەعزەم





DH.MUİ..00001.1.00084.003

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MUI. | 00001.1.00084 | 13 ئۆغستۆس 1325 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمارکردن
ئەو شیفرەیەیە لە کەرکوك لەلایەن والی موسڵەوە هاتووە

لە بازیان بە جێبەجێ کردنی ڕێکخستنی ئیدارە، لەگەڵ دەست بەکار بوونی سەرۆکی دیوانی عورفی و ئەندامەکانی، دەبێ بێنە ناوچەکە، چەمچەماڵ کە مەرکەزی بازیانە، لە گوندێکی بچووك پێکدێت، لە چەند فەرمانبەر و خانەی هەژارێك زیاتر نییە، هەرچی هەمەوەندەکانە بە بەزاندنی سنوور لە ناو ئێران بوونیان هەیە، هەروەها ئەوانەی پەیوەندیدارن بە ناوهاتووەکانەوە تا ئێستا ئەوانەی دەستگیرکراون نزیکەی ٥٠ تاوانبار، گرتووخانەیەکی تایبەت نییە تا ئەمانەی تێدا بپارێزرێت، هەروەها قشڵە و ناوچەی میری بوونی نییە، کاریگەری عیبرەتکارانەی دەبێت، بۆیە پێویستە ڕووبەڕووبوونەوەی گشتی ئەنجام بدرێت، ئەگەر بێتو کەس ئاگاداری ئەم کارە نەبێت ئەوا ناگەنە مەبەست، لەم بابەتەدا بە پشت بەستن بە فەرمان کاری هەمەوەندەکان دەگەڕێتەوە بۆ دەستەی عورفیە، جێبەجێ کردنەکەش لە مەرکەزی سانجەقی سلێمانی کە ١٢ کاتژمێر دوورە یاخود لە کەرکووك کە ٨ کاتژمێر دوورە ئەنجام بکرێت، لە بەرامبەر هەر ئەگەرێکدا دەستەی ناوهاتوو و تاوانباران بهێنرێنە ئێرە سوودی دەبێت، جێبەجێ کردنەکەی بە فەرمان دەبێت، لە ١٣ ئۆغستۆس ٣٢٥ و لە ١٥ هاتووە.
والی و قۆماندان فازڵ فەریقی یەکەم




DH.TMIK.M.00245.00010.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.TMIK.M. | 00245.00010 | 17 ڕەبیعی کۆتایی 1325 |
|---|---|---|


١٧ ڕەبیعی کۆتایی ٣٢٥
١٧ مایس ٣٢٣
بۆ ویلایەتی موسڵی عالیە
لە سانجەقی سلێمانی ماوەی ٥٠ ساڵە بە تاپۆ خاوەندارێتی ئەو زەوی و زارە دەکات، بەڵام بۆ ڕێگە گرتن لەو سەرپێچیانەی کە دەکرێت و ئەو هۆکارانە هەڵگیرێن کە دەبنە هۆکاری ئەم کارە، لەلایەن بەڕێوەبەری تۆمارکردنی سانجەقی کەرکوک حەسەن ئەفەندی داواکاری پێشکەش کراوە، بە ووتەی قۆمیسیۆنی مامەڵەی بەپەلە بۆ سەروو نێردراوە، بە تێروانین لە بەراییەکانی و ڕاکێشانی سەرنج لە بابەتەکە ئەوا کارەکە جێبەجێ بکرێت و ڕابگەیەندرێت.



DH.MKT 01201.00081.001

هەوالنامەی کتێب

| DH.MKT. | 01201.00081 | 17 شەعبان 1325 |
|---|---|---|
| قەڵەمی تۆمارکردنی ناوەخۆ<br>١٧ شەعبان ٣٢٥<br>١٢ ئەیلوول ٣٢٣<br>بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە<br>لەلایەن میری میران ئەلیاس سامی ئەفەندی موتەسەرفی پێشووی ماردین داواکاری پێشکەش کردووە و تێدا داوای کردووە، بۆیە ئەو کاتەی کە لە موتەسەرفیەتی سانجەقی سلێمانی بووە لەبەر تەنگانەیی لە مووچەی شەش مانگی مووچەی سێ مانگی ڕێکخراوە، ناوبراو لە موتەسەرفیەتی باسکراودا لە شەش مانگدا ٤٥٠٠ قوروش مووچەی هەیە، لەمەیان ٢٧٠٠٠ قوروشی ساڵی ٣١٨ و ١٣٥٠٠ قوروشی ساڵی ٣٠٩ لە حەواڵەنامەکانی ویلایەتی موسڵ دوای کەم کردنەوە لە خەزینەی جەلیلەوە لەسەر ناوی ئەو شوێنانە دەمێنێتەوە کە فرۆشتنی مولك و زەوی تێدا دەکرێت و مامەڵەی هەژمارەکەی جێبەجێ دەکرێت، بە تۆمار دەرکەوتووە وێنەی داهاتی ئەو ساڵانەی کە لە نەزارەتی عاجیزانە باس کراوە نێردراوەتەوە، بە تێروانین لە دووچاربوونی تەنگانەی ناوبراو بەپەلە لە خەزینەی جەلیلە کارەکە جێبەجێ بکرێت و ئەنجامەکەی ڕابگەیەندرێت، بە ووتەی ژمێریاری پەلە کراوە لە ڕاگەیاندنی. | | |



هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT. | 01300.00019 | 26 شەعبان 1326 |
|---|---|---|

- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
کارگێری چاپەمەنیەکان
ژمارە ٧٦٥


لەلایـەن حیکمـەت بابـان ئەفەنـدی هاووڵاتـی دەوڵەتـی عالیـە، داواکاری پێشـکەش کـراوە و حەواڵـەی کارگێـری بەندەمـان کـراوە، تێـدا هاتـووە؛ ١٥ رۆژ جارێـك رۆژنامەیـەك بـە نـاوی (مەجموعـە) کـە بابەتـی وێژەیـی و سیاسـی و زانسـتی لـە خـۆ دەگرێـت چـاپ دەکات، بـۆ ئەمـەش داوای کـردووە رەزامەنـدی پـێ بدرێـت تـا بـڵاوی بکاتـەوە، پشـت بەسـتن بـە دەسـتەواژە سـەرەتاییەکانی ماددەکانـی سـێیەم و چوارەمـی نیزامنامـەی چاپەمەنـی مامەڵـەی پێویسـت لـە بـارەی داواکـراو بکرێـت، ئەنجامەکـەی رابگەیەندرێـت، نەزارەتـی پاراسـتنی ئەمنیەتـی عالیـە فەرمـان دەربـکات، ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ٢١ شەعبان ٣٢٦ و لە ٤ ئەیلوول ٣٢٤
محەمەد تۆفیق بەرێوەبەری چاپەمەنی ناوەخۆ

- ٢٦ شەعبان ٣٢٦
٩ ئەیلوول ٣٢٤
بۆ نەزارەتی پاراستنی ئەمنیەتی بەهیە

لەلایـەن حیکمـەت بابـان ئەفەنـدی هاووڵاتـی دەوڵەتـی عالیـە، داواکاری پێشـکەش کـراوە، داوای کـردووە رەزامەنـدی پـێ بدرێـت کـە ١٥ رۆژ جارێـك رۆژنامەیـەك بـە نـاوی (مەجموعـە) کـە بابەتـی وێژەیـی و سیاسـی و زانسـتی لـە خـۆ دەگرێـت چـاپ بـکات و بڵاوبکاتـەوە، پشـت بەسـتن بـە دەسـتەواژە سـەرەتاییەکانی ماددەکانـی سـێیەم و چوارەمـی نیزامنامـەی چاپەمەنـی مامەڵـەی پێویسـت لـە بـارەی داواکـراو ئەنجـام بدرێـت و ئەنجامەکـەی رابگەیەندرێـت، بـە ووتـەی کارگێـری ناوەخـۆی چاپەمەنـی پەلـە کـراوە لـە نووسـینی نـووسراو.




ŞD.02187.00026.001



ŞD.02187.00026.001

کتێبی هەواڵنامە

| ŞD. | 02187.00026 | 18 شەعبان 1326 |
|---|---|---|


- تەلەگرافنامە

بۆ سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی جەلیلە

بارودۆخی موتەسەرفیەتەکەمان لە مێژووی ٤ و ٧ ی ئەیلوول ٣١٩ بە تەلەگراف راگەیەندراوە، بەڵام بێ ئەنجام بووە و بێبەشیەکەی لە ناو خەم و خەفەتدا لە پرسە بەجێ هێڵدراوە، ناوچەکە زیاتر ئاڵۆزی تێکەوتووە، بۆ هێورکردنەوەی حاڵەکە پێویستە کەسێکی بە توانا هەبێت ئەو ئاڵۆزیە نەهێڵێت، بوێری کراوە رووداوەکان رابگەیەندرێت و باس بکرێت.

بابان زادە عەلی رزا


- کاغەزە بنچینەییەکان لە مێژووی ٣٢١ رەوانی نەزارەتی ناوخۆ کراوە، تا ئێستا راستییەکەی دەرنەکەوتووە، بە مەبەستی هەڵگرتنی نوسراو کراوە بدرێتە ژووری کاغەزەکان، لە ١٨ شەعبان ٣٢٦.




DH.MKT.02650.00004.001


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02650.00004</td><td>12 شەوال 1326</td></tr>
<tr><td colspan="3">وێنەی راپۆرتی مێژووی ٢٦ رەمەزان ٣٢٦ کە لە باڵیۆزخانەی ئێران دراوە<br>لە وەکالەتی کاری باڵا ئەمجارە راپۆرت هاتووە و بە گوێرەی راپۆرتەکە هاووڵاتی ئێرانی بە ناوی موحسین دیسان لەگەڵ چەند کەسێکی هاووڵاتی ئێرانی رووبەرووبوونەوە روویداوە، بۆیە لەلایەن حکوومەتی خۆچێییەوە دەستگیرکراون و دەستەبەسەرن، بە ناوی سزای پارە ٨ دانە سیمی مەجیدی بردراوە، لە بارەی ئازادکردنیشیان ئەوەی لە دەستی حکوومەتی خۆچێیە هەوڵ و کۆششەکانی بێ بەرووبووم بووە، بەم راگەیەندراوە داواکراوە کارەکە جێبەجێ بکرێت، هەروەها ئەوەی لە نێوان ئێرانیەکانە چ مافە و چ تاوانی کوشتن و کاری بەد و ئاژاوە بۆ چارەسەرکردنی هەموو شتێك بەڵێننامە وەردەگیرێت، بە پێی ماددەی حەوتەم بە دۆزینەوەی ئەرکێك لە باڵیۆزخانەی ئێران، ناوبراوی ئێرانی ئازاد کراوە و ئەو برە پارەیەی کە بە سزای پارە بردراوە دەگەرێندرێتەوە و ئەم جۆرە مامەڵانە رێگە لە دووبارە بوونەوەیان بگیرێت، بۆ ئەمەش فەرمان دراوەتە ویلایەتی موسڵ، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکەش پەلە کراوە.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02660.00088</td><td>22 شەوال 1326</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٢ شەوال ٣٢٦<br>٤ تشرینی دووەم ٣٢٤<br>بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە<br>هاوپێچ بۆ عالی نێردراوە، لە سەر ئەم زانیاری و هەواڵەی کە نیشان دراوە، موتەسەرفی پێشووی سانجەقی سلێمانی سالح وەسفی ئەفەندی لە ناو فەرمانگەی شارەوانی دوو، ئەو مولکەی کە لە ژێر بەڕێوەبردنی ئەو دا بووە، باجەکەی ٣٨٦٧ قوروش بووە، بۆ هەژمار کردنی لە موتەسەرفی ناوهاتوو داواکراوە، جگە لە دەست بەسەرکراو کە لە ٣٠٧٣ قوروش و ٣٠ پارە لە ساڵی ٣٢٢ بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە، لە بەرگی ١١ی ژمارە ٤٢ لە مێژووی ١٢ تشرینی یەکەم ٣٢٢ لە حەواڵەنامەی گشتی کەم کراوەتەوە، وێنەی لێکۆڵینەوە دەستکاری نەکرێت و لەگەڵ باجی ناوهاتوو داهات و خەرجیەکەی بە سەنەدی ڕێکخراو ڕەوان بکرێت، بە ووتەی ژمێریاری پەلە کراوە لە ڕاگەیاندنی.</td></tr>
</table>



BEO.003438.257835.001

هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 004338.257835 | 26 شەوال 1326 |
|---|---|---|
| ٢٦ شەوال ٣٢٦<br>٨ تشرینی دووەم ٣٢٤<br>بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە<br>لـە خەزینـەی جەلیلـەوە لە بەرامبەر مولکی دەستبەسـەرکراودا ماوەی ١٠ سـاڵە لە داهاتـی یورتلق و ئۆچاقلق مووچە دەدرێتە خاوەنەکانیان، هەواڵ هاتووە لەسەر هەندێك ووتە و داواکاری ئەوەی لە بودجە رێکخراوە، لەلایەن هەندێك لـە خانەدانانـی بابانـەکان داواکاری پێشـکەش کـراوە، بـۆ پایەبـەرز نێـردراوە، هیممـەت بکرێـت لە جێبەجـێ کردنی. | | |





DH.MUİ..00040.2.00008.002

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MUI.</td><td>00040.2.00008</td><td>21 زیلحیجه 1327</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ موتەسەرفیەتی دیر زور<br>لەسەر پلانی عیراقی جێبەجێ دەکرێت، بابانزادە حەمدی بەگ لە ئەوروپاوە دوو ئۆتۆمبێلی گەورەی کڕیوە کە هەر یەکە ٤٠ کەس لە خۆ دەگرێت و بردوویەتیە بەیروت، لە نێوان دیر و صیحە ناوچەیەك بە ناوی مسرب هەیە ڕێگاکەی چاك نەکراوەتەوە، بۆیە ناتوانن بەم ڕێگایە تێپەڕن، هەروەها دەرکەوتووە تەنانەت شۆفێرەکانیش لەم ناوچەیە تووشی کێشەی زۆر دەبنەوە، ئەگەر بکرێت لە نافیعەی داهێنان ئاسانکاری بکرێت و هان بدرێن، هەروەها ئەو گیروگرفتانە نەهێڵدرێت کە لە کاتی گواستنەوە تووشی ئۆتۆمبێلەکان دەبن، بۆ ئەم مەبەستە حەمدی بەگ تەلەگرافی ناردووە، تا بۆ شوێنی مەبەست ئەندازیارێك و چەند پێویست بوو لە کرێکار ڕەوان بکرێت، تا ڕێگاکە چاك بکەنەوە، بەم شێوەیە ئاسانکاری دەکرێت لە گواستنەوەی ئۆتۆمبێلەکان.</td></tr>
</table>




DH.MUİ..00042.00057.002




DH.MUİ..00042.00057.004

هەواڵنامەی کتێب

| 22 زیلقەعدە 1327 | 00042.00057 | DH.MUI. |
|---|---|---|


- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
قەڵەمی نووسین
٢٧٩٩
نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ جەنابی سەروو

لە موسڵ باڵیۆزی دەوڵەتی ئینگلتەرا لە زۆر ناوچەی ناو ویلایەت سوراوەتەوە ویستوویەتی چاوی بە شێخی بارزان بکەوێت، لەگەڵ ناوبراو لە قسە کردن دایە، لە رۆژانی رابردوو لە نەزارەتی جەنگی ئاماژەی پێکراوە، بۆ ئەم مەبەستە راگەیاندن دراوەتە نەزارەتی دەرەوە، ئەمجارە لەو وەڵامەی کە وەرگیراوە، لە باڵیۆزخانە رێنمایی پێویست جێبەجێ کراوە، لەگەڵ ئەمەش بریار دراوە بۆ دوا شوێن بگوازرێتەوە، بە لایەنی بەرژەوەندی ئینگلتەرا قسە کراوە، زانیاریش دراوەتە نەزارەتی جەنگی لە ویلایەتیش راگەیەندراوە کە هیممەت بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی.
سەدری ئەعزەم
لە ٢٣ زیلقەعدە ١٣٢٧ و ٢٣ تشرینی دووەم ١٣٢٥

- بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
فەرمانگەی هەواڵگری گشتی
یەکەی دووەم
وێنەی ئەو تەلەگرافنامە بە شیفرەیە کە لە مێژووی ١٧ ئەیلوول ٣٢٥ لە والی موسڵ و قوماندانیەتی دەورووبەر وەرگیراوە

باڵیۆزی دەوڵەتی ئینگلتەرا لە موسڵ لە مانگی تەمموز بە کەلەك هاتبووە بەغداد، بە چاودێری کردنەوە چەند رۆژێك مایەوە، دواتر قوماندانیەتی تابوری سەڵاحیە رایگەیاند بوو کە دوای ئەمە دەیەوێت بە رێگەی سەڵاحیە بچێتە موسڵ هەروەها لە کاتی رۆیشتنی بۆ سڵاحیە، دەیەوێت بە رێگەی بازیان بچێتە سلێمانی، هەروەها وێنەی ئەو نەخشەی رێگایەی کە ناوبراو پێی بووە لە قوماندانیەتی لەشکر دۆزیمەوە و تێیدا ئاماژە بەم رێگایانە کراوە، هەروەها لە وەڵامدا هاتووە و راگەیەندراوە ئەم ماوەیە رێگاکان سەلامەت نین، بۆیە چاودێری کردنی رێگای باسکراو بە گونجاو نازانرێت، پاشان چۆتە کەرکوك دوای چەند رۆژێك لە پەیوەندی نەکردن، هەواڵی نافەرمی هاتووە، گوایە بە رێگەی چەمچەماڵ چۆتە سلێمانی، لەوێشەوە بۆ لایەنی بانە و سروشت رۆیشتووە، دوای ئەوەی ماوەیەکیش لەوێ سوراوەتەوە، منیش بە بیانووی گواستنەوەی بارزانیە یاخیبووەکان جولەم کردووە و چاودێری رێگاکەم کردووە، کە لە هەولێر بووە بۆ گردمامکە و دواتریش هاتۆتە عەقرە، هەروەها ئارەزووی ئەوەی هەیە تا بارزان بێت، بەڵام دواتر بە هەر چ هۆکارێك بێت نەهاتووە و گەراوەتەوە، لە بارەی شوێنی گەرانەوەکەی، زانیاری وەرنەگیراوە، دوای ئەوەی لە عەمادیە نیشتەجێ بووە، ئەگەرێکی زۆر هەیە چووبێتە لای تەیاریەکان، بەڵام فەرمانبەران لەم بارەیەوە هیچ زانیاریەکیان نەداوە، بۆیە بۆتە جێگەی سەرسورمان، دوای ئەم جۆرە جولەکردنە، نووسراو بۆ وەکالەتی ویلایەت نووسراوەتەوە و داوای زانیاری کراوە، باڵیۆزی ناوبراو لەم ماوەیەدا لە ناو هەمەوەندە یاخیبووەکان سوراوەتەوە و نیازی ئەوەی هەیە چاوی بە شێخی بارزان بکەوێت کە دژی مەشروتیەت وەستاوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێشەکی عەبدولسەلام شێخی بارزان نامەی نوسیوە و نامەکان کەوتۆتە دەستمان، لە بابەتی ناو نامەکان دەردەکەوێت، یەکێك لەم نامانەی کە لە مێژووی ١١ ئۆغستۆس ٣٢٥ بە مۆری شێخی بارزان نووسراوەتەوە، تێدا هاتووە: شێخی بارزان بۆ پاراستنی گیانی خۆیان ناچار دەبن بەرگری لە خۆیان بکەن و رووبەرووی ئەو سەربازانە بوەستن کە دێنە ناوچەکە، لەم بارەیەوە بۆ دەرخستنی راستی داوای یارمەتی دەکەن، ئەم نامەیە لەسەر ناردن بووە، بەڵام لە کاتی هەڵاتن لەگەڵ کاغەزەکانی تر بەجێیان هێشتووە و لەلای کاغەزەکانی تر دۆزراوەتەوە، دەرکەوتووە ناوبراو لە کۆنەوە بەردەوام هەواڵیان گۆریوەتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی ووتەی سەرەتایی یاخیبووەکان وەرگیراوە بە بەڵگە سەلمێنراوە، ناوبراو لەگەڵ مەشروتیەت خۆی ناگونجێنێت و نابەسترێتەوە، بە تۆمار و زانیاری حکوومەت تاوەکو بەم شێوەیە پێویستی بە هاوکاری نەبێت و رێگە بدرێت ئاوا لەگەڵ ئەم باڵیۆزانە ئازادانە بسورێنەوە، ئەم ناوچەیە ئاسایشی بەرقەرار نابێت و هەمیشە کەموکوری دەبێت، بۆیە پێویستە ئامادەکاری بەپەلە بکرێت و بە گوێرەی ئەرك کارەکان جێبەجێ بکرێت، فەرمان.

هەواڵنامەی کتێب





ŞD.02202.00013.001

| ŞD. | 02202.00013 | 10 رەجەب 1327 |
|---|---|---|

کاغەزی ڕەشنووسی تایبەت بە شورای دەوڵەت
١٠ ڕەجەب ٣٢٧
١٥ تەمموز ٣٢٥
بۆ داواکاری گشتی پێداچوونەوە


کارەکە پەیوەستە بە فەرمانگەی ئەملاکی ویلایەتی موسڵ، یاریدەدەر سلێمان و کاتبەکان شەفیق ئەفەندی و زەکی ئەفەندی و سلێمان ئەفەندی لە ئەرکی ئاغچەلەری سەر بە سانجەقی سلێمانین، تەنیا سلێمان ئەفەندی دەستی لە کارەکەدا نەبووە، لەلایەن لێکۆڵەری داد بڕیارنامە دەرچووە و دراوەتە داواکاری گشتی ناوەخۆ، نووسراوی مێژووی ٨ جەمادی کۆتایی ٣٢٧ ی ویلایەتی موسڵی عالیە لەگەڵ ڕاپۆرتی نێردراو و گشت بەرایییەکان لەلایەن لێکۆڵەری داد و دەستەی ئیتیهامیە بڕیاری دادگایینەکردنی دەرچووە، لەلایەن لێکۆڵەری داد بڕیار دراوە گومانلێکراوان سلێمان ئەفەندی زوڵمی لێکراوە و دەستی لە ڕووداوەکە نەبووە، هەروەها لەلایەن موتەسەرفی لیوا پەسەند کراوە، لەمەش موتەسەرف و لێکۆڵەری داد بەرپرسن، لە ڕێسای دادگاکانی سزای یاسای کاتی ماددەی ٣٤٧ بۆ جێبەجێ کردنی مامەڵەی کاغەزە ناوهاتووەکان بۆ والا نێردراوە، بە گوێرەی یاسا هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.



DH.MKT.02832.00031.003

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT.</td><td>02832.00031</td><td>16 جەمادی یەکەم 1327</td></tr>
<tr><td colspan="3">قەڵەمی تۆمارکردنی ناوەخۆ<br>١٦ جەمادی یەکەم ٣٢٧<br>٢٣ مایس ٣٢٥<br>بۆ نەزارەتی جەنگی عالی<br>وەڵامـی نـووسراوی مێـژووی ١٢ مایـس ٣٢٥ی بەهیـەی عالییـە: ماوەیەکـی زۆرە لـە سـانجەقەکانی کەرکـووك و سـلێمانی ئاسـایش و بـارودۆخ تێکچـووە، وای لێهاتـووە لـە نـاو زۆربـەی هۆزەکانـی نـاو ویلایـەت تەنیـا هەژارەکـە تووشـی هێـرش و دەسـت درێـژی بۆتـەوە، لەبـەر ئـەوەی چەتەکانـی هەمەوەنـد بـە گوێـرەی پێویسـت تەمبـێ نەکـراون، بۆیـە دەرکەوتـووە زیاتـر پـێ درێژیـان کـردووە، بـە گفتوگۆکـردن لەگـەڵ قوماندانیەتـی لەشـکری شەشـەم بـە پێویسـت زانـراوە بڕێکـی پێویسـت هێـزی سـەربازی بنێردرێـت، هەروەهـا بـۆ لێکۆڵینـەوە لەسـەر رووداوەکـەی موسـڵ، دوای گەیشـتنی تابورەکانـی لەشـکری چـوارەم لێکۆڵینـەوەکان فراوانـتر دەکرێـن و ئـەو سـەربازە گومانلێکراوانـەی کـە دامـەزراون لابردرێـن، ئەگینـا ئـەم خەرجیانـەی کـە کـراوە بـە فیـڕۆ دەچێـت و ئـەو لێکۆڵینەوانـەی بـەرەو پێـش چـووە پەکیـان دەکەوێـت، بۆیـە لـە پاشـکۆکانی ویلایـەت سـەر لـە نـوێ ئاسایشـەکەی جێگیـر بکرێـت، تـا دەرچوونـی ئەنجامـی لێکۆڵینـەوەکان پیـادە و سـوارەی سـەربازی شـاهانەی ئـەوێ نەچنـە هیـچ شـوێنێکی تـر، بـۆ ئـەم مەبەسـتە دوو تەلەگرافنامـە لـە ویلایەتـی موسـڵ دەرچـووە، وێنەکانیـان نێـردراوە، بـە تێروانیـن لـە بەراییەکانـی هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە.</td></tr>
</table>



OSMANLI ARŞİVİ
BEO
3664 274796 2

BEO.003664.274796.002

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 003664.274796 | 4 زیلقەعدە 1327 |
| --- | --- | --- |


نەزارەتی دارایی
یەکەی دیوانی گشتی ژمێریاری گشتی
قەڵەمی مووچەی خۆیەتی
٤٥٧ گشتی
١٣٤٠ تایبەتی
بۆ جەنابی سەدری ئەعزەمی پەیوەندیداری سەدارەت
ڕاگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە
لـە بەرامبـەر ئەملاکـی دەستبەسـەرکراو دایکـی زەینـەب خـان مووچـەی بـۆ برابـووەوە، دوای مردنـی مووچەکـە بـە بـێ خـاوەن ماوەتـەوە، بـۆ ئـەوەی بـۆ خـودی خـۆی تەرخـان بکرێـت بـە واژووی محەمـەد عەلـی خانەدانـی بابـان لـە دەوروبـەری مەدینـەی منـەوەرە داواکاری پێشـکەش کـردووە و تێـدا داوای مووچەکـە دەکات، هەروەهـا لـە خانەدانـی بابـان خوشـکی میـری لیـوا عەلـی پاشـای مـردوو و کچـی سـلێمان پاشـای خوالێخۆشـبوو زەینـەب خانـم لـە بەرامبـەر ئەملاکـی دەسـت بەسـەرکراو لـە خەزینـەی جەلیلـە مانگانـە ٩٥٥ قـوروش مووچـەی بـۆ براوەتـەوە و بـە تۆمـار لـە ٣٠ی حوزەیرانـی ئـەم سـاڵە کۆچـی دوایـی کـردووە، لـە وەڵامـی شـەهری ئەمانەتـی عالـی ناوبـراو لـە دەورووبـەری مەدینـەی منـەوەرە جگـە لـە محەمـەد عەلـی ئەفەنـدی هیـچ میراتگرێکـی تـری نییـە، لـە نـووسراوی بـە زانیـاری قەسـەمی گشـتی دەرکەوتـووە بـە مافـی میراتگـری بـە شـەرع مووچەکـەی پـێ دەدرێـت، لـە مێـژووی مردنـی ناوبـراوەوە پارەکـەی پـێ بدرێـت، بـۆ ئەمـەش ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٤ زیلقەعـدە ٣٢٧ لـە ٤ تشرینـی دووەم ٣٢٥.
ڕاوێژکار بە ناوی نازری دارایی




DH.MUİ..00001.8.00013.002

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MUI.</td><td>00001.8.00013</td><td>20 سەفەر 1328</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی پۆستە و تەلەگرافی دەوڵەتی عوسمانی عالیە<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>بـرادەری بابـا رەسـول لـە توندرەوەکانـە و لەگـەڵ هەمەوەنـدەکان هاوبەشـە، کە لە گرتووخانەی سـلێمانیە، جـاران لە ناحیـەی مەرگـە لـە گوندێـك خۆیـان حەشـاردا بـوو، وەکیلـی بەرێوبـەر ئـەوەی پێـی کـراوە لـە دانیشـتوان و ژاندارمە کـۆی کردونەتـەوە و چۆتـە سـەر گوندەکـە و ئابڵوقـەی داون، ٨ کەسـی دەسـتگیر کـردووە و لەوانـەش عەبدولعەزیـز بـرادەری بابـا رەسـوڵی لەگەڵـە، جگـە لەمـەش برادەرەکـەی تـر و کورەکـەی رەئـوف و لـە خەڵکـی سـلێمانی ٢ بکـوژ و ٣ چەتـەی هەمەوەنـدە پێـك هاتـوون، بـە هێنانیـان بـۆ سـلێمانی هێـزی راکبـە لەگەڵیـان بـووە، بـە هێنانیـان بـۆ سـلێمانی رادەسـتی دیوانـی جەنگـی کـراون، بـە موتەسـەرفیەت و قوماندانیەتـی هێـزی چاودێـری راگەیەنـدراوە.<br>١٨ شوبات ١٣٢٥<br>وەکیلی قوماندان محیەددین والی موسڵ و دەوروبەر</td></tr>
</table>


قرارنامه

معارف نظارتنه بغداد مبعوثی بابان زاده اسماعیل حقی بك افندی تعیین اولنمشدر.

اشبو ارادهٔ سنیه نك اجراسنه صدارت مأموردر

صدر اعظم

DUİT. 8/31


İ.DUİT.00008

هەواڵنامەی کتێب

| I.DUIT. | 00008.000031 | 1 رەبیعی یەکەم 1329 |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
قەڵەمی داواکاری ئەنجوومەنی بریکارەکان
بریارنامە
بابان زادە ئیسماعیل حەقی بەگ ئەفەندی نێردراوی بەغداد لە نەزارەتی مەعاریف دامەزرا.


بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا سەدارەت ئەرکی پێ سپێردراوە، لە ١ رەبیعی یەکەم ٣٢٩ و لە ١٧ شوبات ٣٢٦.




DH.EUM.THR.00062.00019.004

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><th>DH.EUM.THR.</th><th>00062.00019</th><th>14 ڕەبیعی یەکەم 1329</th></tr>
<tr><td colspan="3">بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی<br>قەڵەمی تۆمارکردن<br>بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی بەگ ئۆغڵی<br>لە بارەی ڕادەستکردنی تفەنگی ماوزر و ١٠٠ فیشەك کە لەلایەن بابان زادە حەمدی بەگ ئەنجام دراوە.<br><br>بـە ئۆتۆمۆبێـل پۆسـتەی لـە بیابـان گواسـتۆتەوە، هەروەهـا لەسـەر دۆزینـەوەی ڕێـگا لـەو کاتـەی لە بەغـداد جولەی کـردووە، بـۆ خۆپاراسـتن لەسـەر داوای خـۆی یـەك تفەنگـی مـازری چاپلـی بچـوك لەگـەڵ ١٠٠ فیشـەکی پێـدراوە، بابـان زادە حەمـدی بـەگ ڕاسـتەوخۆ چۆتـە دەرسـەعادەت، لـە بـارەی وەرگرتنـەوەی تفەنـگ و فیشـەکەکان و ڕاگەیاندنـی لـە نەزارەتـی ناوەخـۆی جەلیلـەی بەغـداد تەلەگرافنامـەی حەواڵـە کـراو ئاماژەی پێکـراوە، هەروەهـا میـری ناوهاتـوو لـە ئەوروپا گەڕاوەتـەوە، لـە بـەگ ئۆغڵـو لـە ئۆتێلـی پەراپـلاس جێگیـر بـووە، بـە وەرگرتنـی ئـەم زانیارییـە، چۆنیەتـی کارەکـە بـە ناوبـراو ڕاگەیەنـدراوە، هەروەهـا ئامـۆژگاری دەکرێـت بـە ڕاگەیاندنـی ئەنجامەکەی.<br>لە ٣ مارت ٣٢٧<br>بەڕێوەبەری گشتی ئەمنیەت</td></tr>
</table>



دائرۀ تشریفات
نومرو
١٤٥
خزینهٔ همایون کتخدالغی جانب والاسنه
تبعهٔ عثمانیه دن حراری بك مادام موسیو و مادام بارتنان دوقتور فابیب بك
حمدی بك بابان زاده
بالاده اسامیسی محرر ذوات شهر حال رومینك اون طقوزنجی یوم شنبه خزینهٔ همایونی
زیارتلرینه مساعده بیورلمسی بابنده اراده افندمکدر
١٨ حزیران ١٣٢٧
تشریفات مدیر عمومیسی نامنه
TSMA-E 379/563
TSMA.E.0379

هەواڵنامەی کتێب

| 4 رەجەب 1329 | 00379.0563 | TS.MA.E. |
|---|---|---|

فەرمانگەی تەشریفات
ژمارە ١٤٥
بۆ لایەنی والای کەتهودای خەزینەی هومایۆن
لە هاووڵاتیانی عوسمانی حەراری بەگ لەگەڵ خاتوو موسیو و خاتوو بارتتان، دکتۆر فابیب بەگ، حەمدی بەگ بابان زادە.

ئەو کەسانەی کە لە باڵا ناویان نووسراوەتەوە، لەم مانگەی رومیەدا رۆژی ١٩ ی یەك شەممە بێنە خەزینەی هومایۆن، فەرمان بۆ ئەفەندیمانە.
لە ١٨ حوزەیران ١٣٢٧
بە ناوی بەڕێوەبەری گشتی تەشریفات





ŞD.03085.00011.002

کتێب هەواڵنامەی

| ŞD. | 03085.00011 | 6 شەعبان 1329 |
|---|---|---|

٦ شەعبان ٣٢٩
٦ ئۆغستۆس ٣٢٧
تەلەگرافنامە بۆ ویلایەتی بەغداد
لە ١٩ تەمموز ٣٢٧ تەلەگرافنامە بۆ ویلایەتی بەسرا دەرچووە، بە چ شێوەیەك دەوەستێت لە كاتی وەڵامدانەوە تەمەنای ئاماژەپێكردنەكەی‌دەكرێت.

تەلەگرافنامە بۆ ویلایەتی بەسرا
لە بارەی پیشە و ڕێگەی كاری عەبدولكەریم ئەفەندی بەڕێوەبەری ڕسوماتی پێشووی سلێمانی، لە مێژووی ٢٦ حوزەیران ٣٢٧ تەلەگرافنامە دەرچووە، لە كاتی هاتنی وەڵامی ویلایەتی بەغداد، بە ڕاگەیاندنی هۆكاری پشت بەستنەكەی، تەمەننا دەكرێت بەپەلە وەڵامی تەلەگرافنامەی ناوهاتوو بدرێتەوە.




BEO.003847.288506.002

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 003847.288506 | 17 موحەررەم 1329 |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی دارایی
یەکەی دیوانی گشتی مامەڵەی کاش
قەڵەمی مووچەی خۆیەتی
٧٦٠٥ گشتی
١٩٩ تایبەتی
بۆ جەنابی پاشا لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
راگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە
نەفعە خان خێزانی ئەمین بەگی کۆچکردوو لە خانەدانەکانی بابان سلێمان پاشا زادە، لە ساڵی ٣٢٥ ی ئەیلوول کۆچی دوایی کردووە، لە پارەوپولی سانجەقی دیوانیە لە بەرامبەر مولکی دەستبەسەرکراو ١٢٦ قوروش مووچەی پێدراوە، بۆ ئەوەی بۆ فاتیمە و عائیشە و خێریەی کچەکانی دابین بکرێت، نووسراوی بە زانیاری شەرعی بەغداد ئاماژە بە جێبەجێ کردنی کراوە، هەرچی میراتی دابینکراوە لە بەرامبەر مووچەی مولکی دەستبەسەرکراودا لە پارەی بێ خاوەن لە خەزینەی جەلیلە بە گوێرەی شەرع جێگیر دەکرێت، لە مێژووی مردنیەوە بۆ کچەکانی دابین دەکرێت، جێبەجێ کردنی دەگەڕێتەوە بۆ هاوکاری پەیوەندیدارانی سەدارەت، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٧ موحەررەم ٣٢٩ و لە ٥ کانوونی دووەم ٣٢٦.
بەڕێوەبەری دیوانی گشتی و مامەڵەی پارەوپول بە ناوی نازری دارایی




BEO.003863.289716.001

هەواڵنامەی کتێب

| 30 سەفەر 1329 | 003863.289716 | BEO. |
|---|---|---|

٣٠ سەفەر ٣٢٩
١٧ شوبات ٣٢٦
بۆ لایەنی عالی لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نێردراوان
هەروەها بۆ نازری دارایی و وەکیلی نازری مەعاریف و جەنابی جاوید بەگ ئەفەندی
بـۆ نەزارەتـی مەعاریـف بابـان زادە ئیسـماعیل حەقـی بـەگ ئەفەنـدی نێـردراوی بەغـداد دادەمەزرێـت،
بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە مێـژووی ١٧ شـوبات ٣٢٦ جەنابـی پاشـا بـە فەرمانـی پاشـا فەرموویەتـی ئەفەنـدم.

بۆ جەنابی بابان زادە ئیسماعیل حەقی بەگ نێردراوی بەغداد
بـۆ دامەزراندنـی لـە نەزارەتی مەعاریفی جەلیلە دوای مۆڵەت لە مێژووی ١٧ شـوبات ٣٢٦ جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا فەرموویەتی ئەفەندم.




DH.MTV.00024.00057.001

هەواڵنامەی کتێب

| 6 رەبیعی کۆتایی 1330 | 00024.00057 | **DH.MTV.** |
|---|---|---|

فەرمانگەی هەواڵگری گشتی نەزارەتی ناوەخۆ
١٢ مارت ٣٢٨
بۆ ویلایەتەکانی حەلەب و بەغدادی بەهیە و موتەسەرفیەتی زور
بابان زادە حەمدی بەگ بە هاوەڵی خۆی چەند پیاوێکی لەلایە، بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی و بەرێگای بیابان دەچێتە بەغداد، جگە لەمە هەر یەکە دوو چەکی هەمان جۆر هەڵدەگرن، پێویستە ئاسانکاریان بۆ بکرێت و یارمەتی بدرێن، بۆ ئەم مەبەستە هیممەت بکرێت.


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)

DH.H 1331/4?


BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ

OSMANLI ARŞİVİ DH.H.

DH.H.00056.00007.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>21 شەوال 1330</td><td>00056.00007</td><td>DH.H.</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢١ شەوال ٣٣٠<br>٢٠ ئەیلوول ٣٢٨<br>بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە<br>لـە سـلێمانی بـە سـەنەدی خاقانـی خانەیەکـی یـەك دەرگایی لـە ژێر دەسـتیەتی، بـەڵام لەلایەن سـەرۆکی شـارەوانی ئاغـا فەتحوڵـڵا کارەکـەی بـووە و بـۆ ئـەوەی ڕێگـە نەدرێت تێکەڵـی کارەکەی بێـت، لەلایەن موسـەوی بە نـاوی میرە موشـە داواکاری بـە واژوو بـۆ عالـی نێـردراوە، بـە تێروانیـن لە زانیـاری مامەڵـەی بەراییەکان کارەکـە جێبەجێ بکرێت.</td></tr>
</table>


TELEGRAMME


ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

OSMANLI ARŞİVİ
DH.İD
119-2 | 57 | 4

DH.ID.00119.2.00057.004

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.ID.</td><td>00119.2.00057</td><td>7 سەفەر 1330</td></tr>
<tr><td colspan="3">تەلەگرافنامە<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>لە ١ کانوونی دووەم ٣٢٧، بە ناوی نەزارەتی پۆستە ٤٠٠ زەوی کشتوکاڵی لە زاخۆ بوونی هەیە، جگە بۆ خانەیەکی تەلەگراف رووبەرێکی تری نییە، کەچی بە بریاری ئەنجوومەنی مەعاریفی ناوەخۆ بە پشت بەستن بە ماددەی ٢١ی یاسای دارایی لە موازەنەی گشتی مەکتەبێك دروست دەکرێت، راگەیەندراوە دەستکراوە بە دروست کردنی، لە ٣ هەمان ساڵ.<br>تاهیر والی</td></tr>
</table>





BEO.004035.302562.001

هەواڵنامەی کتێب

| 17 جەمادی یەکەم 1330 | 004035.302562 | BEO. |
|---|---|---|

قەڵەمی تۆمارکردنی فەرمانگەی سەدارەت
١٧ جەمادی یەکەم ٣٣٠
٢١ نیسان ٣٢٨
بەگە ئەفەندییەکانی مەعاریفی دەرەوە و نازری پۆستە و تەلەگراف و تەلەفۆن هەروەها جەنابی پاشای سەرۆکی شورای دەوڵەت و جەنابی ئیسماعیل حەقی بەگ ئەفەندی بابان زادە


لەلایەن ئەنجوومەنی بریکارەکان لیستی نیزامیە دراوەتە قەڵەم لەگەڵ خوێندنەوەنامەی جەنابی نازری مەعاریف بەگ ئەفەندی هاتووە، کە لە ئەنجوومەنی ناوهاتوو خوێندراوەتەوە، هەر خۆی لەگەڵ والا لەلایەن نازرەکانی نازری پۆستە و تەلەفۆن و مەعاریف هەروەها جەنابی سەعید حەلیم پاشا سەرۆکی شورای دەوڵەت و جەنابی ئیسماعیل حەقی بەگ ئەفەندی بابان زادە قۆمیسیۆنێك دامەزراوە، لیستی ناوهاتوو دوای وردبینی لیستێکی تری بۆ هەڵە دراوەتە قەڵەم، چۆنیەتی ئاگادارکردنەوەکەش بۆ لایەنی عالی نێردراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.




MF.MKT.01194.00041.001

هەواڵنامەی کتێب


| MF.MKT. | 01194.00041 | 13 جەمادی کۆتایی 1331 |
| --- | --- | --- |
| ژمارەی دۆسیەی تایبەتی ٦٩٧<br>ژمارەی دۆسیەی گشتی ١٦٩١٩٥<br>پوختە<br>لە پارەی بێ خاوەنی خۆچێی بە خۆرایی بۆ بەهائەددین ئەفەندی تۆمار و قەبوڵ بکرێت<br>بۆ کۆشکی گەڵەتەی سوڵتانیە<br>بەهائەددین ئەفەندی فێرخوازی مەکتەبی سوڵتانیە بووە و لەلایەن بابان زادە ئیسماعیل حەقی بەگی خوالێخۆشبوو پەروەردە کراوە و وانەی پێ ووتراوە، بە مردنی ناوبراو دووچاری هەژاری و تەنگانەیی بۆتەوە، بۆیە مانگانە لە خۆچێی وەکو خۆرایی تۆمار و قەبوڵ بکرێت، هیوادەخوازرێت زانیاری بنێردرێت ئەفەندم. | | |



BEO 004191.314301.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO.</td><td>004191.314301</td><td>27 رەجەب 1331</td></tr>
<tr><td colspan="3">
٢٧ رەجەب ٣٣١<br>
١٩ حوزەیران ٣٢٩<br>
بۆ نەزارەتەکانی دارایی و ناوەخۆی جەلیلە<br>
لە بارەی موتەسەرفی پێشووتری سانجەقی سلێمانی زیا پاشا (چیا پاشا) لەگەڵ موتەسەرفی پێشوو روشدی بەگ کاغەزی لێکۆڵینەوە لە ویلایەتەوە نێردراوە و بە گەیشتنی بۆ پایەی واڵا حەواڵەی شورای دەوڵەت کراوە، لەسەر نووسراوی مێژووی ١١ ئۆغستۆس ٣٢٧ ژمارە ١٤٤٧ زیا پاشا و روشدی بەگ ئەگەر لەسەر چ هۆکارێک دراونەتە دادگا هیچ لە جێگای قەبوڵ نییە، لەگەڵ ئەمەش بۆ نۆژەنکردنەوەی بەشی حەرەمی قۆناغی حکوومەت ئەو برە پارەیەی کە لە شارەوانی خەرج کراوە، جگە لەمەش ئەو برە پارەیەی کە لە لایەن زیا پاشا لەگەڵ ئەحمەد ئەفەندی وەکیلی سەرۆکی شارەوانی و لە سندوقی دارایی دراوە لەگەڵ ئەمەش پێویستە زیا پاشا لەگەڵ ئەنجوومەنی کارگێری دەستەی لیوا پەسەندی بکات، وێنەی ئەو بریارنامەیەی کە لە فەرمانگەی مولکیە و مەعاریف دراوە، هەروەها ئاگاداری دراوەتە نەزارەتی دارایی جەلیلەش، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.
</td></tr>
</table>


DH.KMS.00011.00017.005


DH.KMS.00011.00017.002

هەواڵنامەی کتێب

| DH.KMS. | 00011.00017 | 7 سەفەر 1332 |
|---|---|---|

- تەلەگرافنامە
فەرمانگەی تەلەگرافی دەوڵەتی عوسمانی عالی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە سلێمانی لە سێدارە درا، لە تەلەگرافنامەی ١٥ کانوونی یەکەم ٣٢٩ راگەیەندرا بوو کە لە لاساری ناودار مەحمود لە زیندان رایکردبوو، قائیمقامی بازیان رەسول ئاغا ئەرکی پێدرابوو چاودێری بکات، دواتر لەلایەن ناوبراوەوە دەستگیر کرابوو، موتەسەرفی سلێمانی رایگەیاندووە لەبەر ئەم خزمەتەی کە ئەنجامی داوە، ناوبراو بە نیشانێکی گونجاو رێزی لێ بگیرێت، لەبەر ئەوەی ناوبراو لە ناو هەمەوەندەکانیش دەژیت، لە ئیدارەیەکی خراپدا دەژیت، ئیدارەی قەزای بازیان بە رێکوپێکی بەرێوە دەبات و ئاسایشی لەگەڵ کەسانی بە دەسەڵات و بوێر بەستراوەتەوە و لەگەڵ قەزاکانی تردا جیاوازی هەیە، بۆیە لە کەسایەتی و بە هاناوە هاتنی جگە لە تایبەتمەندی تردا سوود لە رەسوڵ ئاغا وەردەگیرێت، لەبەر خزمەتەکانی پاداشت بکرێت، لە پلەی چوارەم نیشانی مەجیدی پێ بدرێت، چۆنیەتیەکەشی بە تەلەگرافنامە راگەیەندراوە و داوای یارمەتی دەکرێت، لە ١٨ کانوونی یەکەم ٣٢٩.
نەزیف والی


- بابی عالی
فەرمانگەی تەشریفاتی گشتی
وێنەی فەرمانی پاشایە
رەسول ئاغا قائیمقامی قەزای بازیان لە پلەی چوارەم نیشانی مەجیدی پێ دراوە.

نازری ناوەخۆ ئەرکی جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشای پێ دراوە، لە ٧ سەفەر ٣٣٢ لە ٢٣ کانوونی یەکەم ٣٢٩.

تەڵعەت نازری ناوەخۆ/ محەمەد سەعید سەدری ئەعزەم

لەگەڵ رەسەنەکەی هاوشێوەیە لە ٢٤ کانوونی یەکەم ٣٢٩

مۆری بەرێوەبەرایەتی تەشریفات





DH.MB.HPS.00090.00022.006

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MB.HPS. | 00090.00022 | 2 رەبیعی کۆتایی 1332 |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمارکردن
٢٩٧ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم


گرتووخانەکانی قەزای مەعموورە و شەهربازار و گولعەنبەر و بازیان کە لە پاشکۆکانی سانجەقی سلێمانین، گاردیانیان نییە، بۆ پاراستن و جێگیرکردن و ڕێکخستنی ناو گرتووخانەکان، بۆ هەر یەکە گاردیانێك دابنرێت، بۆ ئەم مەبەستە لە موتەسەرفیەتی سلێمانی بە پێویست زانراوە و دەرکەوتووە لە گرتووخانەکانی پێنج قەزایەکەی سەر بە مەرکەزی ویلایەتیش گاردیان نییە، هەروەها گونجاو نییە گرتووخانەکان بەبێ گاردیان بن، بۆ گرتووخانەکانی باسکراو ٩ نەفەر گاردیان دابمەزرێت، داواکراوە بخرێتە ناو بوودجەوە، رادەگەیەندرێت و تکا دەکرێت، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢ رەبیعی کۆتایی ٣٣٢ و لە ١٣ شوبات ٣٢٩.
والی موسڵ



DH.İD.00095.2.00020.004

| DH.ID. | 00095.2.00020 | 17 زیلقەعدە 1332 |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی دارایی
بەڕێوەبەرایەتی داهاتی گشتی
قەڵەمی سێیەم
٨٣٤٩ گشتی
١٢٣ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
وەڵامی نووسراوی مێژووی ١٩ ئەیلوول ٣٣٠ ژمارە ٩٤٧٩٤/١٣١٤ی پەیوەندیدارانی نەزارەتی عالیە: لە راپۆرتنامەی نوێی ئابلۆقەی دوخان پشت بەستن بە دەیەم و ماددەی ٦٤ی کۆڵکەی یاسا، تووتنەکانی سانجەقی سلێمانی تۆمار بکرێت و هەڵبگیرێت، حاڵی حازریش بە حوکمی کۆن مامەڵەکە ئەنجام بدرێت، ئەمەش بە فەرمانگەی رەژی راگەیەندراوە و ئاماژە بۆ قۆمیسیۆن نێردراوە، رابگەیەندرێت لەگەڵ رێزمان ئەفەندم.
بە ناوی نازری دارایی


OSMANLI ARŞİVİ
DH.İD
177 20 2


DH.ID.00177.00020.002

هەواڵنامەی کێب

| DH.ID. | 00177.00020 | 3 شەعبان 1332 |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
قەڵەمی تۆمارکردن
٣٢٢٠٨٢ گشتی
٥٩٧ تایبەتی
بۆ وەکالەتی نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم

لە سانجەقی سلێمانی دە یەکی ئەو گوندانەی کە بۆ تەکیەی شێخ کاك ئەحمەد ئەفەندی دابینکراوە، ئەمەش بە تەخمینی دیاریکراوە و بەستراوەتەوە بە شوێنگرەوە و دەدرێتە تەکیەی باسکراو، جگە لەمە ئەو برە پارەیەی کە بۆ خۆراکی تەکیەکە دەدرێت، ڕەزامەندی دراوە لەسەر تۆمارکردنی برەکەی، بۆ ئەمەش لە نەزارەتی دارایی جەلیلە نووسراو هاتووە و حەواڵەی شورای دەوڵەت بووە، فەرمانی کەمکردنەوە و تۆمارکردنی بەشێکی دەرماڵەی باسکراو لەگەڵ پێداویستی ئێستای تەکیەکە لەسەر گرنگی پایەکەی وەستاوە و بەهەند وەرگیراوە، بڕیارنامە لە فەرمانگەی دارایی و نافیعە دراوە لەگەڵ وێنەیەکی نووسراوی مێژووی ١٤ مایس ٣٣٠ ژمارە ٤١٦ دراوەتە پایەی نەزارەتی جەلیلە، لەم بارەیەوە پرسیار لە خوێندنەوەی کراوە و بە دووپاتکردنەوەی چۆنیەتی کارەکە لە نەزارەتی ناوهاتوو ئاماژەی پێکراوە، هەرچی زووە خوێندنەوەی عالی لەسەر بابەتەکە ڕابگەیەندرێت و نووسراوی ژمارەی نووسراوە لەسەر تۆمارکرا ئەفەندم.
٣ شەعبان ٣٣٢ و لە ١٤ حوزەیران ٣٣٠
ڕاوێژکار بە ناوی سەدری ئەعزەم




هەواڵنامەی کتێب

| MV. | 00190.00054 | 29 شەعبان 1332 |
|---|---|---|

کاغەزی چەسپێنراوی تایبەتی گفتوگۆی ئەنجوومەنی بریکارەکانە
٢٩ شەعبان ٣٣٢
٩ تەمموز ٣٣٠
پوختەی بابەت
بۆ خێزانەکەی نازری مەعاریفی پێشوو بابان زادە ئیسماعیل حەقی بەگی خوالێخۆشبوو، بە یاسای خانەنشینی مولکیە ١٣٩ قوروش مووچەی دەبێت، هەروەها خزمەتی نیشتیمانی لە بەرزترین ئاست بووە، بەم برە مووچەیە خێزانی ناوهاتوو تووشی بژێویەکی تەنگانە دەبێت، ئەمەش شایەنی نییە، بۆیە لە ڕێکخستنی خزمەتی نیشتیمانی ناوهاتووش ٧٠٠ قوروش مووچەی بۆ دابین بکرێت، بەم ماددە یاساییانەی کە بۆی ڕێك دەخرێت لەگەڵ لیستی هۆکارەکان نێردراوە، نووسراوی مێژووی ٢٩ حوزەیران ٣٣٠ ژمارە ٥٠ی نەزارەتی دارایی خوێندنەوەی بۆ کرا.

بڕیار
لە سەر ڕاگەیاندنی نووسراوی باسکراو، لیستی باسکراوەکان بۆ پەسەند کردن دراوەتە ئەنجوومەنی گشتی، بە بڕیاری بەپەلە نووسراو کراوە بنێردرێتە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نێردراوەکان.




ML.EEM.01014.00008.002

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>ML.EEM.</td><td>01014.00008</td><td>13 جەمادی یەکەم 1332</td></tr>
<tr><td colspan="3">دەفتەرداری ویلایەت<br>قەڵەمی ئەملاکی میری<br>١٠٧٧ گشتی<br>٦٠ تایبەتی<br>بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>ئەمـلاك: رووبـاری ژاڵـە کـە لـە سـانجەقی سـلێمانی بوونـی هەیـە، پەیوەسـتە بـە میـری، بـۆ فراوانکردنـی رێـرەوی رۆیشـتنی، لەسـەر راگەیانـدن و رەزامەنـدی لـە وەڵامـدا فەرماننانـەی عالـی پەیوەندیـداری نـەزارەت ژمـارە ٤٤/٣٢٦٩ ی ١٢ ئەیلـوول ٣٢٩ دەرچـووە و ١٥٠٠ قـوروش بەنـاو کـراوە، ئـەم زەوییـە بـە نـاوی خەزینـەی دارایـی سـەنەدی خاقانـی لـە شـوێن خـۆی رێکخـراوە، هاوپێـچ پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا ئەمـر و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەو کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ١٣ جەمـادی یەکـەم ٣٣٢ و لـە ٢٧ مـارت ٣٣٠.<br>مۆری بەرێوەبەری ئەملاك/ مۆر بە ناوی دەفتەرداری موسڵ</td></tr>
</table>




BEO.004285.321312.002

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 004285.321312 | 18 جەمادی کۆتایی 1332 |
|---|---|---|

نەزارەتی دارایی
بەڕێوەبەرایەتی دەرماڵەی خۆیەتی
یەکەی خۆیەتی و دابراوان
قەڵەمی دەرماڵەکان
٢٣٦٩ گشتی
٢٦ تایبەتی
دەرسەعادەت لە ١٨ جەمادی کۆتایی ١٣٣٢ و لە ١ مایس ١٣٣٠
پوختە: لە بابان زادەکان خێزانی ڕەشید پاشا بە ناوی ئامینە خان مردووە، مووچەی بەرامبەر مولکی دەستبەسەرکراو بدرێتە میراتگری.
بۆ جەنابی سەدری ئەعزەمی پەیوەندیدارانی سەدارەت
ڕاگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە
ئامینە خان کچی محەمەد ڕەشید لە بابان زادەکان لە بەرامبەر مولکی دەستبەسەرکراو مانگانە ٩٣٩ قوروش مووچەی هەیە، لە مێژووی ٢٧ کانوونی یەکەم ١٣٢٩ مردووە، میراتگری ئامینە خان هاوسەرەکەیەتی بە ناوی عزەت بەگ لەگەڵ کوڕەکەی محەمەد سەیفوڵڵا و کچەکانی بەلقیس خان و خالیدە خان دەگریتەوە، لە بەراییەکانی نووسراوی شەرعی ئەم بابەتەدا دەرکەوتووە و لە بەرامبەر مولکی دەستبەسەرکراودا لە مووچەی بێ خاوەنەکاندا بە شەرع جێگیر دەکرێت، کاغەزی بڕیاری جێبەجێ کردنەکەی نێردراوە، لە بەرامبەر مووچەی ناوهاتوو جێگەی بەش کردن نییە، بۆیە ١٠ پارە لە خەزینە دادەنرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە لە مێژووی بێ خاوەن بوونیانەوە ٢٣٤ قوروش و ٣٠ پارە بۆ عزەت بەگی هاوسەری و ٣٥٢ قوروش بۆ کوڕەکەی سەیفوڵڵا بەگ و بۆ هەر یەکە لە کچەکانی بەلقیس خان و خاڵیسە خان لە ١٧٦ قوروش ئەوا ٣٥٢ قوروش دابین دەکرێت، ئەمەش وەکو نەریت دیاری کراوە بە یارمەتی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت جێبەجێ دەکرێت، بە ووتەی فەرمانگەی دەرماڵەی خۆیەتی ڕاگەیەندراوە و تکا دەکرێت، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
یاریدەدەری ڕاوێژکار بە ناوی نازری دارایی




BEO.004300.322451.002

هەواڵنامەی کتێب

| 1332 شەعبان 18 | 004300.322451 | BEO. |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی دارایی
بەڕێوەبەرایەتی داهاتی خۆیەتی
٤٩٨٧ گشتی
٥٠ تایبەتی
بۆ جەنابی سەدری ئەعزەم لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
دەرسەعادەت لە ١٨ شەعبان ٣٣٢ و لە ٢٩ حوزەیران ٣٣٠
ڕاگەیەندراوی بەندەی بێ نرخە
بابان زادە ئیسماعیل حەقی بەگ نازری مەعاریفی پێشوو بووە، لەو کاتەی کە لە مەکتەبی مولکیە وەکو موعەلیم ئەرکی وانە ووتنەوە و مامۆستایەتی هەبووە، بەڵام حاڵی حازر مردووە، بە گوێرەی یاسای خانەنشینی مولکیە ١٣٩ قوروش مووچە بە خێزانەکەی دەدرێت، هەروەها لەگەڵ خزمەتی نیشتیمانی کە لە ئاستێکی بەرز بووە و ناوبراو موسڵمانیش بووە، بۆیە گونجاو نییە خێزانەکەی لە تەنگانەیی و بژێویەکی خراپ بەجێ بهێڵدرێت، لە ڕێکخستنی نیشتیمانیش ٧٠٠ قوروش مووچەی بۆ ببڕێتەوە، بابەتەکانی یاسایی دراوەتە قەڵەم لەگەڵ لیستی هاوپێچ ڕاگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لیستەکانی ناوبراو بە بڕیاری بەپەلە پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نێردراوان دەکرێت، بۆ ئەمەش هاوکاری پێویستە، ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمانی لە دەستە.
نازری دارایی




BEO.004319.323911.001

هەواڵنامەی کتێب


| BEO. | 004319.323911 | 18 زیلحیجە 1332 |
| --- | --- | --- |

قەڵەمی کاروباری کارگێری فەرمانگەی سەدارەت
بۆ نەزارەتی دارایی
١٨ زیلحیجە ٣٣٢
٢٥ تشرینی یەکەم ٣٣٠


بە ووتەی بەڕێوەبەرایەتی داهاتی خۆیەتی نووسراوەتەوە لەگەڵ نووسراوی عالی لە مێژووی ٢٣ تشرینی یەکەم ٣٣٠ ژمارە ٨١ ئاماژەی پێکراوە، خانەدانی بابان زادە مستەفا عزەت بەگ لە بەرامبەر مولکی دەست بەسەرکراو مووچەی بۆ دابین کراوە، لەگەڵ مردنی ٢٩٢٦ قوروش مووچەی بێ خاوەن ماوەتەوە، لەم مووچەیە ١٤٦٣ قوروش بۆ فوئاد عزەت بەگی کوڕی و بۆ هەر یەکە لە بەدیعە خان و عالیە خانی کچەکانی ٧٣١ قوروش و ٢٠ پارە دابین بکرێت، لە مێژووی بێ خاوەن بوونیەوە بە گونجاو زانراوە دابین بکرێت، بۆ جێبەجێ کردنی نووسراو کراوە.




DH.MB.HPS.M.00020.00036.001





DH.MB.HPS.M.00020.00036.006





DH.MB.HPS.M.00020.00036.004

هەوالنامەی کتێب




DH.MB.HPS.M.00020.00036.011




DH.MB.HPS.M.00020.00036.009

| DH.MB.HPS.M. | 00020.00036 | 20 موحەررەم 1333 |
|---|---|---|

- خشتەی ئاماری چوار مانگی قەزای شەهربازاری سانجەقی سلێمانی ویلایەتی موسڵ

| جۆری تاوان | ژمارەی سزادراوان | | | تێبینی | ژمارەی دەستبەسەرکراوان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | دەبێتە | | نێر | مێ | دەبێتە |
| تاوان | 0 | 0 | 0 | | | | |
| ئاژاوە | 0 | 0 | 0 | | | | |
| کاری بەد | 1 | 0 | 1 | | | | |
| دەبێتە | 1 | 0 | 1 | | | | |

- خشتەی ئاماری چوار مانگی گرتووخانەی مەرکەزی قەزای عەمادیەی ویلایەتی موسڵە

| جۆری تاوان | ژمارەی سزادراوان | | | تێبینی | ژمارەی دەستبەسەرکراوان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | دەبێتە | | نێر | مێ | دەبێتە |
| تاوان | | | | | 4 | | 4 |
| ئاژاوە | 1 | | 1 | | | | |
| کاری بەد | | | | | | | |
| دەبێتە | | | | | | | |

لە ١ تەمموز ٣٣٠ مۆری عەبدولمەجید قائیمقامی عەمادیە

- خشتەی ئاماری چوار مانگی گرتووخانەی قەزای سلێمانی سانجەقی سلێمانی سەر بە ویلایەتی موسڵە

| جۆری تاوان | ژمارەی سزادراوان | | | تێبینی | ژمارەی دەستبەسەرکراوان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | دەبێتە | | نێر | مێ | دەبێتە |
| تاوان | 78 | 0 | 78 | | 65 | 0 | 65 |
| ئاژاوە | 20 | 0 | 20 | | 0 | 0 | 0 |
| کاری بەد | 98 | 0 | 98 | | 0 | 0 | 0 |
| دەبێتە | | | | | 65 | 0 | 65 |

لە تەمموزی ساڵی ٣٣٠ تا کۆتایی تشرینی یەکەم خشتەی ئاماری چوار مانگی گرتووخانە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١ تشرینی دووەم ٣٣٠.
سەر کاتبی دادگایی سەرەتایی سلێمانی

ئەگەر ئەم خشتەیە لەگەڵ تۆمارەکان هاوشێوە بێت پەسەند دەکرێت، لە ١ تشرینی دووەم ٣٣٠.


- خشتەی ئاماری چوار مانگی گرتووخانەی قەزای هەولێری سەر بە سانجەقی کەرکوکی ویلایەتی موسڵە

| جۆری تاوان | ژمارەی سزادراوان | | | تێبینی | ژمارەی دەستبەسەرکراوان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | دەبێتە | | نێر | مێ | دەبێتە |
| تاوان | 13 | 0 | 13 | | 13 | 0 | 13 |
| ئاژاوە | 2 | 0 | 2 | | 2 | 0 | 2 |
| کاری بەد | 6 | 0 | 6 | | 6 | 0 | 6 |
| دەبێتە | 21 | | 21 | | 21 | | 21 |


لە قەزای هەولێر لە تەممووزەوە تا کۆتایی تشرینی یەکەم خشتەی ئاماری چوار مانگی گرتووخانە یە، خشتەکە رێکخراوە و مۆرکراوە، لە ١تشرینی دووەم ٣٣٠.
مۆی فەرمانبەری گاردیانی گرتووخانەی هەولێر

- ویلایەتی موسڵ / قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٢٧٠ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
هاوپێچی نووسراوی بەندەی مێژووی ١٤ تشرینی یەکەم ژمارە ٢٣٨، سەبارەت بە گرتووخانەکانی قەزای سەڵاحیە و بازیان و شەهربازار خشتەی یەکەم و قەزایەکانی موسڵ و کەرکوك و سلێمانی و سەڵاحیە و هەولێر و بازیان و عەمادیە دووەم خشتەی ئاماری چوار مانگی قەزاکان هاوپێچ پێشکەش کراوە، هەروەها لە قەزای رانیە دەستگیرکراو نەبووە، بۆیە بە پێویست نەزانراوە خشتە رێك بخرێت، ئەمەش لە موتەسەرفی کەرکوك راگەیەندراوە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٠ موحەررەم ٣٣٣ و لە ٢٤ تشرینی دووەم ٣٣٠.
والی موسڵ

هەواڵنامەی کتێب




DH.MB.HPS.M.00024.00049.001




DH.MB.HPS.M.00024.00049.002

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MB.HPS.M. | 00024.00049 | 28 جەمادی کۆتایی 1334 |
| --- | --- | --- |

- خشتەی چوار مانگی کۆتایی ئاماری گرتووخانەی قەزای گولعەنبەری سەر بە سانجەقی سلێمانی ویلایەتی موسڵە

| جۆری تاوان | ژمارەی سزادراوان | | | ژمارەی دەست بەسەرکراوان | | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | نێر | مێ | دەبێتە | نێر | مێ | دەبێتە |
| تاوانی کوشتن | 0 | 0 | 0 | 3 | 0 | 3 |
| ئاژاوە | 4 | 0 | 4 | 0 | 0 | 0 |
| کاری بەد | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| دەبێتە | 4 | 0 | 4 | 3 | 0 | 3 |

لە ساڵی ٣٣٠ خشتەی چوار مانگ بە پەسەند کراوی پێشکەشکراوە.

لە ٣٠ مارت ٣٣٢

مۆری مەحمود ڕەمزی قوماندانی ژاندارمەی گولعەنبەر

- ویلایەتی موسڵ

قەڵەمی تۆمارکردن


بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

جەنابی نازر بەگی ئەفەندی

هاوپێچی نووسراوی مێژووی ٢٤ مارت ٣٣٢ ژمارە ١٨، پەیوەستە بە گرتووخانەی گولعەنبەر، کە لە موتەسەرفیەتی سلێمانی خشتەی ئاماری چوار مانگی خولی سێیەمی ساڵی ٣٣١ هاوپێچ پێشکەش کرا، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

لە ٢٨ جەمادی کۆتایی ٣٣٤ و لە ١٨ نیسان ٣٣٢


حەیدەر والی موسڵ




DH.SN.THR.00079.00067.002

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.SN.THR.</td><td>00079.00067</td><td>17 شەعبان 1334</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی ئیستەنبۆڵ<br>بەڕێوەبەرایەتی ناسنامە<br>ژمارە ١٠٤٩<br>بۆ لایەنی عالی بەڕێوەبەرایەتی ناسنامەی ویلایەتی موسڵ<br>لەسەر پەراوێزی بەڕێوەبەرایەتی عالی کارگێری گشتی تۆماری ناسنامە لە مێژووی ٤ حوزەیران ٣٣٢ ژمارە ٧١٠/٣٢٦ ئاماژەی پێکردووە، نووسراوی نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە لە مێژووی ١١ نیسان ٣٣٢ ژمارە ٢٧٢/٨١٢٨، ناوی بابان زادە سەعید تەڵحە بەگ لە تۆماری ناسنامە تۆمارکراوە و خەرجی ناسنامەی عوسمانیەکەی لە ٣ قوروش و نیو پێك هاتووە، بەڵام نەهاتووە، لە ویلایەت بە خۆرایی نووسراوەتەوە و ناسنامە عوسمانیەکەی پێشکەش کراوە، جێبەجێ کردنی کارەکە راگەیەندراوە ئەفەندم.<br>لە ٦ حوزەیران ٣٣٢<br><br>ناسنامەی عوسمانی باسکراو هاوپێچ پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی گشتی عالی دەکرێت، لە ١٥ حوزەیران ٣٣٢.</td></tr>
</table>




ML.EEM.01226.00023.001


هەواڵنامەی کتێب

| ML.EEM. | 01226.00023 | 29 جەمادی کۆتایی 1334 |
|---|---|---|

نەزارەتی دارایی
دەفتەری ئەمانەتی خاقانی
فەرمانگەی بێ خاوەنەکان
ژمارە ٧٥
جەنابی عالی لە پەیوەندیدارانی سەدارەت

لە سنووری قازانقایەی ناو سانجەقی سلێمانی بە ناوی شاراوە لە چوار پارچە ١٦٢ دۆنم زەوی بە ئاو لە جیاتی موزایدە بە ١٠٠٠٠ قوروش حەواڵەی نەقیب شێخ مەعروف ئەفەندی کراوە، بۆ ئەمەش لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت بریاری لەسەر دراوە و لەگەڵ کاغەزە بەراییەکانیشی مامەڵەکەی لە دەفتەرخاقانی لیوای ناوهاتوو رەزامەندی لەسەر دراوە، هەروەها مامەڵەی حەواڵە و موزایەدە پەیوەستە بە خەزینەی جەلیلە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە کاغەزە باسکراوەکان راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا ئەمر و فەرمان بۆ جەنابی ئەو کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

لە ٢٠ نیسان ٣٣٢
ئەمینی دەفتەرخاقانی





BEO.004398.329829.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 004398.329829 | 9 ڕەبیعی کۆتایی 1334 |
|---|---|---|

٩ ڕەبیعی کۆتایی ٣٣٤
٣١ کانوونی دووەم ٣٣١
فەرمانگەی سەدارەت/ قەڵەمی کاروباری گرنگ
بۆ نەزارەتی دادی جەلیلە
مێژووی ٢٧ کانوونی دووەم ٣٣١ ژمارە ١٩٦ وەڵامی نوسراوی عالییە: لە سانجەقەکانی کنفری و سلێمانی بەهۆی جێبەجێ کردنی ڕێکخستنی دادەوە، دووبارە سەرۆکایەتی دادگای سەرەتایی و داواکاری گشتی لەگەڵ ئەندام و ئەندامی پێویست و دادوەری لێکۆڵینەوە دامەزرێتەوە، هەروەها ئەرکەکانی سەرۆکایەتی دادگای سەرەتایی قەزای سلێمانی لەلایەن قازی خۆچێی ئەنجام دەدرێت، سەرۆک و داواکاری گشتی دادگای ناوهاتوو بۆ شوێنێکی تر بگوازرێنەوە و دامەزرێن، لەسەر ئاماژەی دەوڵەت بە ڕەزامەندی جەنابی پاشا فەرمانی پاشا دەرچووە، وێنە پەسەندکراوەکانی بۆ لایەنی عالی نێردراوە ئەفەندم.

لەسەر فەرمانی مێژووی ٣٠ کانوونی دووەم ٣٣١ی پاشا.




BEO.004415.331081.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 004415.331081 | 20 ڕەجەب 1334 |
|---|---|---|

٢٠ ڕەجەب ٣٣٤
١٠ مایس ٣٣٢
بۆ وەکالەتی نەزارەتی دارایی جەلیلە
گوندی تاقانی سەر بە ناحیەی قەرەداغی سانجەقی سلێمانی سووتاوە، دانیشتوانەکەی گەیشتونەتە حاڵەتێک پێویستیان بە هاوکاریە، بۆیە پێویستە بژێوی ژیانیان باشتر بکرێت، بریارنامە لە ئەنجوومەنی کارگێری لیوای ناوهاتوو ڕێکخراوە و لە ویلایەتی موسڵیش ئاسانکاری بۆ کراوە، بەم ڕاگەیەندراوە دەرکەوتووە دانیشتوانی ناوبراو لەم ئاگرکەوتنەوە تووشی زیان بوونە، لە ٦٩١٦ قوروش نیوەی لە خەرجی چاوەڕوانەکراودا ڕێکخراوە، بە نووسراو لە نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە ئاماژەی پێکراوە، جێبەجێ بکرێت و ڕابگەیەندرێت.


T.C. BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ DAİRE BAŞKANLIĞI (BOA)

پولیس مدیریت عمومیه سی


٥٢٨

OSMANLI ARŞİVİ
DH.EUM. SSM
54 | 97

DH.EUM.SSM.00054.00097.001


هەواڵنامەی کتێب

| DH.EUM.SSM. | 00054.00097 | 16 زیلقەعدە 1335 |
| --- | --- | --- |
| ئیستەنبۆڵ<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس<br>یەکەی چوارەم<br>ژمارە ٥٢٨ تایبەتی<br>بۆ بەڕێوەبەرایەتی مەرکەزی پەساپۆرتی سەربازی واڵا<br>باپان زادە حیکمەت بەگ کە وێنەکەی لەسەرەوە لێدراوە، دەچێتە ڤییەنا کاتێک سواری شەمەندەفەری باڵقان بووە، لەلایەن ئەفسەرەکانەوە هیچ زوڵمێکی لێ نەکراوە ئەفەندم، لە ٣ ئەیلوول ٣٣٣.<br>بە ناوی بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس | | |


TELEGRAMME
تلغرافنامه
دولت علية عثمانيه تلغراف ادارەسى
ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

DH.ŞFR.00436.00060.001


| DH.ŞFR. | 00436.00060 | 8 شەوال 1335 |
|---|---|---|
| تەلەگرافنامە<br>ژمارە ۱۷۳<br>بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە<br>بە بۆنەی سەفەربەرلیك هەموو خاڵێکی ویلایەت بە تایبەتی سانجەقی سلێمانی زیاد لە پێویست گرنگی خۆی چەسپاندووە، کاروباری لیوا ماوەیەکی درێژە لە ژێر دەستی وەکیل بەجێ هێڵدراوە، ئەمەش گونجاو نییە، موتەسەرفەکەی فەهمی بەگ لە دەرسەعادەتە، راگەیەندراوە بە کورترین رێگا بەپەلە بگەرێتەوە شوێنی خۆی و دەست بە کارەکەی بکاتەوە، ۲۸ تەمموز ۳۳.<br>نەزیف والی | | |


دولت عثمانیه
پوسته و تلغراف و تلفون نظارتی

DH.ŞFR.00537.00008.001

هەواڵنامەی کێڤ

| DH.ŞFR. | 00537.00008 | 12 موحەڕرەم 1335 |
| --- | --- | --- |
| زۆر پەلەیە<br>شیفرە بۆ نەزارەتی ناوەخۆ<br>لە ژمارە ٤، ئەگەر لێرە بابان زادە حەمدی بەگ هەبێت، ئەوا ناوی باوکی ئیبراهیم نییە، لە نێردراوی بەغداد فەرمان دراوە، لەو شوێنەی کە ناوی ئیبراهیم پاشا زادە هەیە، لەسەر ئاماژەی خۆی یارمەتی بدرێت، لە ٢٦ تشرینی یەکەم ١٣٣٢.<br>یاریدەدەر عەلی سوعاد بە ناوی والی بەغداد | | |



T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

OSMANLI ARŞİVİ
BEO

BEO.004479.335857.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO . | 004479.335857 | 12 شەوال 1335 |
|---|---|---|
| ١٢ شەوال ٣٣٥<br>١ ئۆغستۆس ٣٣٣<br>بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە<br>بە ووتەی بەڕێوەبەرایەتی داهاتی خۆیەتی، وەڵامی نوسراوی مێژووی ٣٠ تەمموز ٣٣٣ ژمارە ٤٠، لە خانەدانی بابان میری لیوا عەلی پاشا خێزانەکەی بە ناوی حەبیبە خان لە بەرامبەر ئەو مولکانەی کە دەستی بەسەرداگیراوە، ٢٦٠ قوروشی بۆ برابووەوە، دوای مردنی، پارەکە بێ خاوەن ماوەتەوە، بە گونجاو زانراوە لە مێژووی ٦ کانوونی یەکەم ٣٣٢ بۆ کوڕی حوسامەددین بەگی برادەری حاجی نەجیب بەگ دابین بکرێت. | | |




BEO.004487.336474.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 004487.336474 | 27 زیلحیجه 1335 |
|---|---|---|

٢٧ زیلحیجە ٣٣٥
١٥ تشرینی یەکەم ٣٣٣
بۆ نەزارەتی بازرگانی و کشتوکاڵی جەلیلە
وەڵامی نووسراوی ١٣ ئۆغستۆس ٣٣٣ ژمارە ٩٥ی دەوڵەتە: مەرکەزی لە دەرسەعادەتە و خۆشیان وەکو کەسی سێیەم لەسەر هەژماری خۆی بۆ دەوڵەتی عوسمانی یا بۆ دەوڵەتی بێگانە لە فەرمانگەی توتن خەریکی مامەڵەی کشتوکاڵ و بازرگانیە، بۆ ئەوەی تووتن بنێرێتە دەوڵەتی بێگانە یاخود کۆمپانیای لەم شێوەیە دابمەزرێنێت یاخود پارە لەم جۆرە کۆمپانیایانە دابنێت، لە شێوەی فرۆشتن و کرین و بوونی پشك و حەواڵەکردن، خەریکە لەم شێوانە هاوبەشی بکات یا رێککەوتن بکات، بۆ ئەمەش کۆمپانیایەك بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ و بە سەرمایەی ١٥٠ هەزار لیرە بە ناوی (کۆمپانیای ئەنۆنیمی دوخانی عوسمانی) دادەمەزرێنێت، بۆ ئەم مەبەستە تاوەکو رەزامەندی بدرێتە نێردراوی سلێمانی بابان زادە حیکمەت بەگ و لە بازرگانەکان کاتب زادە سەبری بەگ بە بریاری شورای دەوڵەت و ئەنجوومەنی بریکارەکان جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا فەرموویەتی، وێنەی پەسەند کراوی نیزامنامەی ناوەخۆی کۆمپانیای باسکرا لەگەڵ وێنەی پەسەندکراوی دیوانی هومایۆنی بەگایەتی بەیەکەوە بۆ دەوڵەت نێردراوە، هیممەت بکرێت لە نوسینی نووسراو.

لەسەر فەرمانی پاشا لە مێژووی ٢ تشرینی یەکەم ٣٣٣ ژمارە ١٢٠.





DH.MB.HPS.M.00031.00070.001

| DH.MB.HPS.M. | 00031.00070 | 10 سەفەر 1336 |
|---|---|---|

خشتەی چوار مانگی ساڵی ٣٣٣ ی گرتووخانەی قەزای گولعەنبەری سانجەقی سلێمانی سەر بە ویلایەتی موسڵ

| جۆری تاوان | ژمارەی سزادراوان | | | تێبینی | ژمارەی دەست بەسەر کراوان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | دەبێتە | | نێر | مێ | دەبێتە |
| تاوانی کوشتن | | | | | 1 | | 1 |
| ئاژاوە | | | | | | | |
| کاری بەد | | | | | 1 | | 1 |


خشتەی چوار مانگی ساڵی ٣٣٣ی گرتووخانە، دوای پەسەند کردنی پێشکەش کراوە، ڕاگەیەندراوە.
لە ٢٥ تشرینی دووەم ٣٣٣
مۆری قوماندانی ژاندارمەی گولعەنبەر


مجلس وکلا
مذاکراتنه مخصوص ضبط نامه
خلاصهٔ مآلی
قراری
MV. 211/3
MV.00211

| MV. | 00211.00003 | 18 رەبیعی یەکەم 1336 |
|---|---|---|

بڕیارنامەی تایبەتی گفتوگۆی ئەنجوومەنی بریکارەکان
١٨ رەبیعی یەکەم ٣٣٦
٢ کانوونی دووەم ٣٣٤
پوختەی بابەت
بـە گونجـاو زانـراوە بابـان زادە شـوکری بـەگ کاتیبـی ئەفسـەریەتی میسـر، لـە تۆمـاری دەسـتەی قۆمیسـیۆنی عوسـمانی لـە پترسـبۆرغ دابمەزرێـت، ناوبراویـش وەکـو ئەوانـی خـۆی پێویسـتە خەرجـی ڕێـگا و ڕۆژانـەی پـێ بدرێـت، نـووسراوی مێـژووی ٣١ کانوونـی یەکـەم ٣٣٣ ژمـارە ٦٠٢ وەکالەتـی نەزارەتـی دەرەوە خوێنرایـەوە.

بڕیار
ناوبـراو وەکـو هاوشـێوەی خـۆی ڕۆژانـە و خەرجـی ڕێـگای لە ڕێکخسـتنی خەرجـی چاوەڕواننەکـراو ڕێـك دەخرێت، نـووسراو بـۆ وەکالەتـی نەزارەتـی دارایی کـراوە هەروەها نوسراو کـراوە تا زانیاری بدرێتـە وەکالەتی نەزارەتـی دەرەوە.



BEO.004519.338877.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO. | 004519.338877 | 29 شەعبان 1336 |
| --- | --- | --- |

٢٩ شەعبان ٣٣٦
٩ حوزەیران ٣٣٤
بۆ نەزارەتی بازرگانی و کشتوکاڵی جەلیلە

مێژووی ١٧ نیسان ٣٣٤ ژمارە ٦٤ وەڵامی نووسراوی عالیە: بۆ دامەزراندنی کارگەی ئیسپرتۆ و بۆن و بەرام کە مەرکەزەکەی لە دەرسەعادەتە، هەروەها لە بارەی کڕین و فرۆشتنی ئەو کەرستە ناوهاتووانە، لە هەر مامەڵەیەکی بازرگانی بێت، ماوەی ٥٠ ساڵ و بەبری ١٠٠٠٠٠ لیرە کاری ئیسپرتۆ و بۆن و بەرام کۆمپانیایەك بە ناوی کۆمپانیای ئەنونیم دابمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە لەبارەی وەرگرتنی مۆڵەت بۆ نێردراوی سلێمانی، بابان زادە حیکمەت بەگ لەگەڵ هاوەڵانی بە بڕیاری ئەنجوومەنی بریکارەکان و شورای دەوڵەت، دوای مۆڵەت جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا فەرموویەتی، وێنەی پەسەند کراوی کۆمپانیای ناوهاتوو لەگەڵ وێنەی پەسەندکراوی نیزامنامەی ناوەخۆی دیوانی هومایۆنی بەیەکەوە نێردراوە ئەفەندم.

لەسەر فەرمانی پاشا لە مێژووی ٣ حوزەیران ٣٣٤.





DH.İ.UM.EK.00115.00006.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.I.UM.EK. | 00115.00006 | 2 سەفەر 1338 |
|---|---|---|

تەلەگرافنامە
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
هاوپێچ ٨ تشرینی دووەم ٣٣٥، بۆ هەڵبژاردنەکانی لیوای مەعدەن لە هەڵبژێردراوە دووەمەکان فەرمانبەر دامەزراوە، ئەم فەرمانبەرانەی چوونەتە ناوچەکانی هەڵبژاردن و نێردراوەکانی لیوای ناوهاتووەکان خوێندنەوەیان بۆ کردووە، نێردراوی پێشووی والی بەیروت ئیسماعیل حەقی بەگ ئەفەندی لەگەڵ رەجەب فەرەیدون روشدی زاوای قائیمقامی لیجە عومەر عادل بابان زادە حەسەن شوکری ساڵح پاشا و نێردراوی پێشوو ئاسف بەگ و بەڕێوەبەری تۆمارکردنی لیوا روشدی و قەدری مەعدەنلی و پالولی نەجیب بەگ زادە روشدی و ئەندامی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان و خانەدانی فەجر پالولی عەبدولقەهار زادە حاجی عەبدوڵڵا بەگ پێك هاتووە، لەسەر ئاماژەی موتەسەرفیەتی مەعدەن رادەگەیەندرێت، لە ٣٥/١١/١٢.
والی فائق عالی




هەواڵنامەی کتێب


| I.DUIT. | 00123.000037 | 6 رەجەب 1338 |
|---|---|---|

بابی عالی
سەدارەتی پایەبەرز
... دیوانی همایۆن
٦٠
فەرمانی پاشا

مەرکەزەکەی لە دەرسەعادەت و بە هەموو جۆرە زمانێك كتاب و هەموو جۆرە رۆژنامەیەك چاپ دەكرێت و بڵاودەكرێتەوە، پەیوەستە بە كەرستەی چاپكردن و چاپخانە و كتاب و پەراوگە دەكردرێت و دەفرۆشرێت، بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ لەگەڵ سەرمایەی ١٠٠٠ لیرە بە ناوی (كۆمپانیای ئەنونیمی عوسمانی بۆ چاپی كتاب و رۆژنامە و پەراوگە) لەلایەن بابانزادە عەبدولعەزیز بەگ و هاوەڵانی كۆمپانیایەك دادەمەزرێت، بە بریاری ئەنجوومەنی وەكیلەكانی شورای دەوڵەت رەزامەندی لەسەر دراوە.

بۆ جێبەجێ كردنی ئەم كارە بە فەرمانی پاشا نازری بازرگانی و كشتوكاڵ ئەركی پێدراوە، لە ٦ رەجەب ١٣٣٨ لە ٢٧ مارت ١٣٣٦.

نازری دەرەوە/ نازری دەریایی/ نازری جەنگی/ سەرۆكی شورای دەوڵەت/ نازری ئاوقافی همایۆن/ شێخولئیسلام/ سەدری ئەعزەم/ نازری بازرگانی و كشتوكاڵ/ نازری دارایی/ نازری مەعاریف/ نازری نافیعە/ نازری داد/ نازری ناوەخۆ




BEO.004594.344479.001

| 12 موحەررەم 1338 | 004594.344479 | BEO. |
|---|---|---|

١٢ موحەررەم ٣٣٨
٨ تشرینی یەکەم ٣٣٥
بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی ئەعیانی جەلیلە

بە تۆمەتی گۆڕینی شێوەی حکوومەت، گومانلێکراو فەرهاد بەگ نێردراوی پێشوو و بابان زادە حیکمەت بەگ نێردراوی پێشووی سلێمانی لە کاتی لێکۆڵینەوە ووتوویانە؛ کە لە ئەنجوومەنی نێردراوان لە قەڵەمی گشتی فرقەی ئیتحاد و تەرەقی دامەزراون، ئەندامی ئەنجوومەنی گشتیش بوونە، بەڵام بۆ دوا جار لە قەڵەمی ناوهاتوو دەستیان لە کار کێشاوەتەوە، بۆ ئەوەی بزانرێت زانیاریەکان راستن یا ناراست، هەروەها لە قەڵەمی گشتی چ کاتێك هەڵبژێردراون و چەند ماوە کاریان تێدا کردووە و بە چ شێوەیەك دەستیان لە کارکێشاوەتەوە؟ لەم بارەیەوە زانیاری بزانرێت، لە لێکۆڵینەوەی دیوانی جەنگی دەستەی پێنجەمی عورفی نیشان دراوە، بە ئاماژەی داواکاری گشتی دیوانی ناوهاتوو نووسراو بۆ نەزارەتی جەنگی جەلیلە کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە و راگەیاندنی لێکۆڵینەوەکە، لەسەر هیممەتی عالی وەستاوە.



DUIT 49/57

1

I.DUIT.00049


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>I.DUIT.</td><td>00049.000057</td><td>28 سەفەر 1339</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی دەرەوە<br>بەرێوەبەرایەتی تۆماری کەسێتی<br>ژمارە ١٢٠٤<br>فەرمانی پاشا<br>بابان زادە فوئاد بەگ لە بەرێوەبەرایەتی چاپ دامەزراوە.<br><br>بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشامان نازری دەرەوە ئەرکی پێ سپێردراوە، لە ٢٨ سەفەر ١٣٣٩ لە ١٠ تشرینی دووەم ١٣٣٦.<br>نازری دەرەوە/ سەدری ئەعززەم</td></tr>
</table>



BEO.004663.349654.001


| BEO. | 004663.349654 | 29 سەفەر 1339 |
|---|---|---|
| ٢٩ سەفەر ٣٩<br>١١ تشرینی دووەم ٣٦<br>بۆ نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە<br>وەڵامی نووسراوی مێژووی ٧ تشرینی دووەم ٣٣٦ ژمارە ٢٩١ی دەوڵەتە، بە مەبەستی دامەزراندنی بابان زادە فوئاد بەگ لە بەرێوەبەرایەتی چاپەمەنی، دوای ڕەزامەندی جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا فەرموویەتی، وێنەی پەسەند کراوی، بۆ سەروو نێردراوە، نووسراو بۆ خواروو کراوە تا کارەکە جێبەجێ بکرێت. | | |





هەواڵنامەی کتێب

| FTG. | 1909.001 | |
|---|---|---|
| ١<br>راغب بەگ میری ئالای پیادە، نەوەی خوالێخۆشبوو ئەحمەد پاشا والی شامە<br>٢<br>نەزیف بەگ سوارەی بینباشی، کوڕی حوسێن حلمی بەگ بۆسنەییە<br>٣<br>حوسێن پاشا میری لیوای سوارە، برادەری ئەمین بەگ<br>٤<br>حەمدی بەگ پیادەی بینباشی، کوڕی خوالێخۆشبوو مستەفا بەگ بابان زادەی سلێمانیە<br>٥<br>زیا بەگ مولازمی پیداە، کوڕی سلێمان ئاغا | | |



HR.İM.00257.00089.001

هەواڵنامەی پێتر

| 1927-9-18 | 00257.00089 | HR.IM. |
|---|---|---|

کۆماری تورکیا
باش وەکالەت
بەڕێوەبەرایەتی مامەڵە
بۆ باڵیۆزخانەی پارسی گەورە
ئاگاداری بۆ سەریاوەر عاتف بەگ، پەیوەستە بە بابان زادە فوئاد بەگ، هەواڵ هاتووە لە کۆمپانیاکانی ئەنقەرە بە ناوی پیاوی حکوومەت فرتوفێڵی پارە ئەنجام دەدرێت، بە پەیوەندی بوونی ئێوەوە سوودی لێ دەبینن، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو چاوت پێی نەکەوێت.
عیسمەت
١٩٢٧/٩/١٨